# وەرگێڕان

## تیۆرەکانی وەرگێڕان، پرۆسەی وەرگێڕان

میشل ئۆستینۆف

hewalname.com/ku/

hewalname.com/ku/

# وەرگێڕان

## تیۆرەکانی وەرگێڕان، پرۆسەی وەرگێڕان

hewalname.com/ku/

میشل ئۆستینۆف
وەرگێڕانی: فەرشید شەریفی

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ژمارە (٨٢٢)
سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

www.sardem.info

سەرچاوە
عنوان اصلی کتاب انگلیسی:
La truduction, Michael, Oustinoff
عنوان فارسی: ترجمه -میشل اوستینوف-
تهران-1390-شماره کتابشناسی ملی: 2598812

hewalname.com/ku/

■ وەرگێڕان

نووسینی: میشل ئۆستینۆف

وەرگێڕانی: فەرشید شەریفی

بابەت: لێکۆڵینەوە

دیزاینی ناوەوە: ڕەوشت محەمەد

دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نرخ: ٣٠٠٠ دینار

چاپی یەکەم: چاپخانەی (سەردەم) ساڵی ٢٠١٧ کوردستان ـ سلێمانی

■ لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٣٠٦)ی ساڵی ٢٠١٧ی پێدراوە

■مافی لەچاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە©

کەسێک کە زمانی بیانیی نازانێت
هیچ لە زمانەکەی خۆی نازانێت.
گۆتە

.......................................................

... درەوشانەوەی زمانە زاڵەکان کێشەیەکی لەگەڵدایە، ئەویش هەستکردنە بە باڵادەستی کە لەگەڵ پرەنسیپی ڕێزگرتن لە فرەچەشنێتیی کولتوورەکاندا نایەتەوە، کە لە جاڕنامەی یونسکۆدا باس کراوە...

newalname.com/ku

## ناوەڕۆك


پێشەکیی وەرگێڕی کوردی.......................................... ٩
پێشەکیی وەرگێڕی فارسی.......................................... ١٥
پێشەکیی نووسەر ................................................ ١٧

**وەرزی یەکەم: فرەچەشنێتیی زمانەکان و جیهانیبوونی وەرگێڕان ....... ٢٣**
١.بابل و فرەچەشنێتیی زمانەکان.................................... ٢٣
٢.زمان و جیهانبینی ............................................. ٢٩
٣.وەرگێڕان، پرۆسەی بنەڕەتیی زمان ............................... ٣٦

**وەرزی دووەم: مێژووی وەرگێڕان ........................................ ٤٣**
١.دەرەوە و ناوەوە.................................................. ٤٤
٢. جوانە بێوەفاكان ............................................... ٥٠
٢.سەردەمی هاوچەرخ .............................................. ٦١

**وەرزی سێیەم: تیۆرەکانی وەرگێڕان ........................................ ٦٩**
١.وەرگێڕانی سەرچاوەگەرا و مەبەستگەرا ............................ ٦٩
٢.زماناسی و وەرگێڕان ............................................ ٧٣
٣.بوتیقای وەرگێڕان ............................................... ٧٧
٤.ڕەخنەی وەرگێڕان ............................................... ٨٤


hewalname.com/ku/

**وەرزی چوارەم: پرۆسەی وەرگێڕان ............................ ٨٩**
١.وەرگێڕان و سەرلەنوێ دەربڕینەوە.................................. ٩٠
٢.جێگۆڕکێ و گۆڕینی دەربڕین ............................ ٩٣
٣.وەرگێڕان، یان گۆڕینی فۆڕم.................................... ١٠٣
٤.نووسینە جووتزمانەکان و خۆوەرگێڕ.................................. ١٠٧

**وەرزی پێنجەم: وەرگێڕان و وەرگێڕانی زارەکی .................... ١١٣**
١.لە نووسینەوە بۆ ئاخافتن .................................... ١١٣
٢.وەرگێڕان و داڕشتنەوە .......................................... ١١٦
٣.وەرگێڕان بە ئامێر ................................................ ١٢٧

**وەرزی شەشەم: نیشانەکانی وەرگێڕان ................................ ١٣١**
١.لە سیستمێکی نیشانەییەوە بۆ سیستمێکی تر .................... ١٣١
٢.وەرگێڕان و جیهانیبوون .......................................... ١٣٤
٣.نیشانەناسیی وەرگێڕان .......................................... ١٣٨
٤.وەرگێڕان لە خزمەتی زمانەکاندا.................................. ١٤٢

ئەنجامگیری ............................................................ ١٤٥

hewalname.com/ku/

hewalname.com/ku/

## پێشەکیی وەرگێڕی کوردی

لەوانەیە بمانەوێت هەر پێناسەیەک بۆ وەرگێڕان بکەین، بەرەو ڕووی هەندێک ڕستە و دەستەواژە ببینەوە کە هەمیشە گوێمان لێیان دەبێت و خۆی لە ڕاستییشدا لەوان زیاتر نین. وەرگێڕان پردە، پردی پەیوەندییە. پردی ئاشنابوونە، ئاشنابوون بە فەرهەنگ، ئەدەب، فەلسەفە، مەعریفە، تەکنۆلۆژیا و بەگشتی سەرجەم دەستکەوتە مرۆییەکانی کۆمەڵگەکانی تر و گواستنەوەیان بۆ یەکتری. وەرگێڕان دەلاقەیەکە، لە ڕێگەی ئەو دەلاقەیەوە بە گەلێک مەعریفە و دەستکەوتی کۆمەڵگەکان ئاشنا دەبین، کە لەوانەیە، ئەگەر لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە نەبێت، هەرگیز بواری ئەوەمان بۆ هەڵنەکەوێت دەستمان پێیان ڕابگات. لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە دەستت بە زانیاری و مەعریفەیەک ڕادەگات، کە مرۆڤی کۆمەڵگەکانی تر ڕەنگە بە دەیان و سەدان و بگرە هەزاران ساڵ هەوڵ و تێکۆشانی بەردەوام و پاش دەیان و سەدان شکست و نشووستی و سەرکەوتن، بەدەستیان هێنابێت. تاکی کورد ئەگەر لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە نەبێت، دەبێت چۆن لە فەرهەنگ و دەستکەوتەکانی وڵاتگەلێکی وەک: *ژاپۆن*، چین و *فەڕەنسا* تێبگات؟ یان سوود لە ئەزموونی سەدان و هەزاران ساڵەی ئەو وڵاتانە وەربگرێت؟ کەواتە گرنگیی وەرگێڕان زۆر لەوە زیاترە کە ڕەنگە کەسانێک بەهەندی وەرنەگرن.

hewalname.com/ku

زمان وەک دیارترین کەرەستەی نووسین و وەرگێڕان، بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی گۆڕانێکی وەهای بەسەردا هاتووە، کە تاکەکانی ناچار بە پەنابردنە بەر وەرگێڕان کردووە. ئێمە زۆرێک لە دیاردەکانی دەوروبەرمان لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە گوێ لێ دەبێت، یان دەیانبینین. من وەک کوردێک، کاتێک گوێ لە عەرەبێک، یان فارسێک دەگرم، لە ڕاستیدا بە ناڕاستەوخۆ و بەبێ ئەوەی بە خۆم بزانم، لە پرۆسەیەکی وەرگێڕاندا لە قسەکانی تێدەگەم و بە گوێ، وشە فارسی و عەرەبییەکان دەبیستم، بەڵام لە مێشکمدا بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەیگۆڕم بۆ کوردی. لە کاتی وەرگێڕاندا بەر لەوەی دەقێک ببێت بە نووسین، پێشتر لە مێشک و هزردا دەگۆڕدرێت، ئینجا دێتە سەر پەڕەی کاغەز. کەواتە وەرگێڕان دیاردەیەک نییە بڵێین ئەمڕۆ یان هەزار ساڵ پێش ئێستا سەری هەڵداوە. تەنانەت مرۆڤە سەرەتاییەکانیش لە مێشکیاندا وەرگێڕانیان کردووە؛ دەنگهەڵبڕین، تووڕەیی، قیژاندن و ئاماژەکردنیش جۆرێکن لە وەرگێڕان. مرۆڤ، تەنانەت لە هەڵسوکەوتیدا لەگەڵ ئاژەڵیش وەرگێڕان دەکات. کاتێک مرۆڤێک لە ئاژەڵێک دەترسێت؛ دەقیژێنێت، یان هاوار دەکات. کاتێک ئاژەڵێک ئازارێکی پێ دەگات، لە ڕێگەی دەنگەکانەوە ناڵە و هاواری ئەو ئازارە بۆ دەوروپشتی دەگوێزێتەوە. ئەمانە هەمووی وەرگێڕانە؛ یاخود ئەگەر دروستتر بڵێین: شێوازەکانی وەرگێڕانن. کەواتە وەرگێڕان هەر ئەوە نییە تۆ دەقێک لە ئینگلیزی، یان فارسییەوە بکەیت بە کوردی، بەڵام ئەمەیان مۆدێرنترین شێوازی وەرگێڕانە. مرۆڤ لە دواوێستگەکانی بەمەدەنیبوون و شارستانیبوونیدا، درکی بە گرنگیی وەرگێڕان (بە واتا ئەمڕۆییەکەی) کرد.

پرسە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان، مرۆڤیان ناچار کرد پەنا بەرێتە بەر وەرگێڕان. ئەگەر چاوێک لە جیهانی دەوروبەرمان و دیاردە و ڕووداوەکانی چواردەورمان بکەین، ئێمە ئەمرۆ زیاترین ڕێژەی زانیاری، هەواڵ و دەقەکانمان لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە بەدەست دەگات. ڕۆژانە بە ملیۆنان هەواڵ و دەق تۆمار دەکرێن، کە هەمووی لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە دەگەنە لای ئێمە. کەواتە ئەمانە و گەلێک شتی دیکە، سەلمێنەری ئەوەن کە ژیانی تاکی ئەمرۆ بەبێ وەرگێڕان نەک ناتەواوە، بەڵکو هەر بۆی ناچێتە سەر.

وەرگێڕ شتێک نییە، یان کەسێک نییە ئێمە بتوانین تایبەتمەندیی بۆ دەستنیشان بکەین. وەرگێڕان شتێک نییە تۆ بڵێیت: وەک چۆن دەبێت دار لقی هەبێت، گەڵای هەبێت، ڕەگی هەبێت... دەبێت ئەویش هەندێک تایبەتمەندیی لەو چەشنەی هەبێت. وەرگێڕان پێکهاتەیەکە -یان تێکەڵەیەکە- لە زانینی زمان، فەرهەنگ، ئەدەب و فەلسەفەی ئەو زمانەی لێی وەردەگێڕدرێت و ئەو زمانەی بۆی وەردەگێڕدرێت. هیی وا هەیە کەمتر، هیی وا هەیە زیاتر. ڕاستە زانینی زمانی سەرچاوە و زمانی مەبەست (کە زۆر جار زمانی دایکە) مەرجی سەرەکییە بۆ وەرگێڕ، بەڵام جگە لە زمان، هەندێک وردەکاریی دیکەش هەن، دەبێت وەرگێڕ ڕەچاویان بکات، یان بە واتایەکی ڕوونتر؛ ئەگەر بڵێین: دەبێت شارەزایان بێت. ناکرێت کەسێک دەقێکی ئەدەبی وەربگرێت، بەڵام ئاگای لە وردەکارییەکانی ئەدەبی ئەو زمانە نەبێت. ناشڵێم هەمووی، بەڵام لانیکەم ئاگای لە هەندێک وردەکاری هەبێت، کە لەوانەیە لە کاتی وەرگێڕاندا پێویستی پێیان بێت. وردەکارییەکان چین؟ بۆ نموونە دەقێک لە زمانی فارسییەوە وەرگێڕدراوەتەوە بۆ

سەر زمانی کوردی؛ لەبەر ئەوەی لە زمانی فارسیدا هەردوو وشەی (خیرەد) کە بە واتای ئاوەز یان ئەقڵ، هەروەها(خورد) کە بە واتای ورد، یان بچووک دێت، بە شێوەی (خرد) دەنووسرێن، وەرگێڕێک ئەگەر ئاگای لە شێوەی ڕێنووسی ئەو زمانە نەبێت، وشەی (خیرەد) بە ورد یان بچووک وەردەگێڕێتەوە، یان بە پێچەوانەوە وشەی (خورد) بە ئاوەز یان ئەقڵ وەردەگێڕێتەوە. بەداخەوە! سەدان نموونەی وا هەن، کە سەرچاوەی هەڵەکردنی وەرگێڕ دەگەڕێتەوە بۆ نەزانینی ئەو وردەکارییانە. لە ڕۆمانێکدا کە بەم دواییانە خوێندمەوە، هەرچەندە وەرگێڕانێکی باش بوو، ئەگەر بە من بێت دەڵێم لە سەدا نەوەدوپێنج وەرگێڕانێکی جوان و ڕێکوپێک بوو، بەڵام چەند هەڵەیەکی تێدا بوو، لەوانە: برای وەرگێڕ وشەی (وەرەق)ی کردووە بە (کاغەز)، لە کاتێکدا لە زمانی فارسیدا وەرەق جگە لەوەی واتای (کاغەز)یش دەدات، بەڵام کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە خەریکی یاریی پاسوورن، وەرگێڕ دەیتوانی تەنانەت خودی وشەی (وەرەق) بەکار بهێنێت، چونکە ئەوە لە زمانی فارسیدا باوە و هەر خۆشمان زۆر جار وەرەق بەکار دەهێنین، بەڵام بەکارهێنانی وشەی کاغەز لێرەدا نائاشنایەتیی وەرگێڕ بەو وردەکارییانە دەگەیەنێت کە لێرەدا خەساری لە وەرگێڕانەکە داوە.

زانینی لانیکەمی بنەما سەرەکییەکانی نووسین، مەرجێکی ئێجگار سەرەکییە. وەرگێڕان هەر ئەوە نییە وەرگێڕ زمانی سەرچاوە و زمانی مەبەست بزانێت. خۆ ئەگەر وا بێت، خەڵکانێکی زۆر هەن لە کووچە و کۆڵاناندا دوو زمان و بگرە زیاتریش دەزانن. کەسانێکی زۆر هەن بە هۆی کارکردن لە وڵاتانی تر، یان سەفەرکردنەوە زمانی ئەو وڵاتانە فێر بوون،

بەڵام تەنیا لە ئاستی ئاخافتنی ڕۆژانەدا دەتوانن بەکاری بهێنن. پیرەمێردێکی قسەخۆشی لای ئێمە هەیە، کاتی خۆی بۆ مەبەستی کار و کاسبی چەندین وڵات گەڕاوە و تیایاندا ماوەتەوە و کاری کردووە، ئێستا لێی بپرسیت، دەڵێت "یازدە زمان دەزانم" (ئێتر لەوانەیە لە ئاستی دیالۆگێکی پێکهاتوو لە وشە و ڕستەگەلی ئاخافتنی ڕۆژانە). ڕاستیش دەکات؛ چونکە قسەیان پێ دەکات، کە قسەیان پێ بکەیت، لێت تێدەگات، بەڵام هەر ئەو پیرەمێردە، تەنانەت وشەیەکی بۆ نانووسرێت، چونکە نەخوێندەواری -وەک دەڵێن- سفر کیلۆمەترە. کەواتە ئاشنابوون بە مەرجەکانی نووسین پێویستییەکی هەرە گەورەیە، کە هەندێکیان بریتین لە زمان، ڕێزمان، سینتاکس و... لەگەڵ ئەوەشدا تەکنیکەکانی نووسین، یان زەوقی نووسین.

وەرگێر و کۆمەڵگە (دیارە ئەمە نووسەر، لێکۆڵەر، توێژەر، شاعیر و... دەگرێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی باس باسی وەرگێڕ و وەرگێڕانە، منیش هەر ئاماژە بە وەرگێڕ دەکەم.) بازنەیەکن هیچیان لە دەرەوەی ئەوی تریان نییە. وەرگێڕ و کۆمەڵگە وەکو جمک وان، هیچیان بەبێ ئەوی تریان نابێت. وەرگێڕ، ئەگەر درک بە پێویستییە هزرییەکانی کۆمەڵگە نەکات، ئەگەر ئەرکەکانی خۆی وەک وەرگێڕێک نەناسێت، ئەگەر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری، ڕۆشنبیریی وڵات و نەتەوەکەی -هەمان ئەو کۆمەڵگەیەیە کە تێیدا دەژێت- بە لاوە گرنگ نەبێت، کەموکوڕییەک بەدی دەکرێت. وەکو دەڵێن: لایەکی بابەتەکە دەشەلێت. من ئەگەر پێویستی هزری، فکری، سایکۆلۆژی و پێگەیاندنی فکر، مەعریفە و زانیاریی کۆمەڵگەکەی خۆمم لە لا مەبەست نەبێت، کەواتە بۆچی دەست دەدەمە کاری وەرگێڕان؟ ئەگەر بازرگانییە، بازرگانیکردن بە

فکر و هزری خەڵک و کۆمەڵگە، خیانەتێکی گەورەیە کە دواجار بە هیچ شتێک قەرەبوو ناکرێتەوە، کە بەداخیشەوە ڕێژەیەک لەو بازرگانیکردنە هەیە و هەر ئەوەش خەساری خۆی گەیاندووە. کەواتە نەناسینی پێویستییە فکری و ڕۆحییەکانی کۆمەڵگە لە لایەن وەرگێڕەوە، بە ئاڕاستەیەکدا دەبات، کە لە ئەرکەکانی خۆی وەک وەرگێڕێک، غافڵ دەبێت. جاری وا هەیە کۆمەڵگەیەک پێویستیی بابەتێک درک ناکات، کە دیارە هۆکاری خۆی هەیە؛ بۆ نموونە کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی پێویستی بە ناسینی بنەماکانی دیمۆکراسی نییە، پێویستی بە ناسینی شێوازەکانی دەنگدان نییە، پێویستی بە ناسینی بنەماکانی یەکسانیی نێوان ژن و پیاو نییە، پێویستی بە زۆر شتی تر نییە، کە لە ڕاستیدا پێویستی پێیانە و هەر دەبێت ڕۆژێک لە ڕۆژان بەدەستیان بهێنێت، بەڵام لەبەر شێوازی ژیان و چەقبەستوویی و داخراوبوونی کۆمەڵگەکەیەوە، درک بە پێویستبوونیان ناکات، کە لێرەدا ئەو ئەرکە دەکەوێتە سەرشانی نووسەر و وەرگێڕ، بە ناسینی ئەو پێویستییانە و ڕەخساندنی بوار بۆ بەدیهاتنیان دەوری خۆیان ببینن. ئەمەش ئەو مەرجە دەخاتە بەردەم وەرگێڕ، کە خۆی گەیشتبێتە ئەو ئاستەی درکی بە پێویستییە هزری و مەعریفییەکانی کۆمەڵگە کردبێت[1]...

**فەرشید شەریفی-هەورامان ٢٠١٤**

Baran1356@gmail.com

[1] - ئەم پێشەکییە بەشێکی کورتی دیمانەیەکی ڕۆژنامەوانییە، کە ساڵی 2013 لەگەڵ هەفتەنامەی (کاکێشان)ی پاشکۆی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ئەنجام دراوە و لە ژمارەکانی 145 تا 148، لە چوار ژمارەدا بڵاو بووەتەوە. وەرگێڕی کوردی.

## پێشەکیی وەرگێڕی فارسی

چاوخشاندنێک بە ڕابردوویەکی نە هێندە دوور، هەروەها خوێندنەوەی مێژووی وەرگێڕان لە *ئێران* و ئەو بەرهەمە بەنرخانەی کە لە زمانە بیانییەکانەوە -بەتایبەت زمانی فەڕەنسی- وەرگێڕدراونەتەوە سەر زمانی فارسی، ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە وەرگێڕان لە *ئێران*دا وەک دەستکەوتێکی گرنگ بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدراوە و توێژینەوەیەکی ئەوتۆی لەسەر نەکراوە. بە دەربڕینێکی تر؛ سەرەڕای ئەوەی زۆرێک لە بەرهەمە وەرگێڕدراوەکان بۆ سەر زمانی فارسی، بنەماکان و کەرەستەی خاوی زۆربەی بوارەکانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیان لە وڵاتدا دابین کردووە، بەڵام خودی وەرگێڕان وەک وتەزایەکی زانستی، تا ماوەیەک پێش ئێستا هیچ چەشنە شیکاری و لێکدانەوەیەکی قووڵی بۆ نەکرابوو. بەختەوەرانە ئەمڕۆ بە هۆی پەرەسەندنی زانستی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر وەرگێڕان، وەک لقێکی سەربەخۆ لە زانکۆکان، ئەم بوارەش گرنگیی زیاتری پێ دراوە.

بێگومان لایەنگرانی وەرگێڕان، بەتایبەت خوێندکارانی زانکۆکان لە بەشی وەرگێڕاندا، هەمیشە هەستیان بە کەموکوڕی و کەمبوونی سەرچاوە زانستی و شیکارییەکانی ئەم بوارە کردووە و دەشیکەن. بۆیە دابینکردنی پاڵنەر و تواناگەلی پێویست بۆ بەئەنجامگەیاندنی توێژینەوە و شیکاریگەلی گشتگیر لە بواری وەرگێڕاندا، بنەما زانستییەکان

و شێوازەکانی دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم بوارەش وەک بوارە زانستی و تەکنۆلۆژییەکانی تر، ڕێگەی کاملبوون و بەرزبوونەوە و هەنگاوهاویشتن بەرەو شاڕێگەی بەجیهانیبوون ببڕێت.

نووسەری ئەم کتێبە کە خۆی مامۆستای زانکۆی سۆربۆنی *فەڕەنسا*یە، گەلێک بەرهەمی بەنرخی لە بواری وەرگێڕان و وانەگوتنەوەدا نووسیوە. لێرەشدا هەوڵی داوە کتێبێکی تەواو و گشت لایەنە لەسەر میتۆدی کتێبەکانی زانکۆ بنووسێت و بیخاتە بەردەست خوێندکارانی بەشی وەرگێڕان.

لەبەر ئەوەی تا ئێستا ژمارەیەکی ئێجگار کەمی کتێب لە بواری توێژینەوەی وەرگێڕان لە زمانی فەڕەنسییەوە وەرگێڕدراوەتەوە بۆ سەر زمانی فارسی؛ وەرگێڕ، دڵنیایە ئەم کتێبە سوودی بۆ خوێندکارانی بەشی وەرگێڕان، هەروەها ئەو کەسانەش دەبێت کە تامەزرۆی ئەم بوارەن.

لە کاتی وەرگێڕانی کتێبەکەدا هەوڵ دراوە لە دانانی هاوواتای وشە و زاراوەکاندا، نزیکترین واتاکانی ناو دەقەکانی زمانناسی و وەرگێڕان دابنرێن. جیا لەوەش؛ بە هۆی پسپۆڕانەبوونی دەقی کتێبەکەوە، هەوڵ دراوە وێڕای پاراستنی دەقی سەرەکی، ناوەڕۆک و واتای تەواوی ڕستەکان و هەروەها مەبەستی نووسەر بە تەواوەتی بگوێزرێتەوە بۆ خوێنەر. پەراوێزەکانی ئەم کتێبە تایبەتن بە ناوی تایبەت و ڕێفرێنسەکانی نووسەر. بە بایەخی تەواویشەوە لە هەر چەشنە ڕەخنە و سەرنج و تێبینییەک لە لایەن خوێنەرانی ئەم کتێبەوە دەڕوانین.

**فاتیمە میرزا ئیبراهیم تارانی. تاران ٢٠١٢**

## پێشەکیی نووسەر

لەم سەردەمەی ئێستادا، دەبینین خەریکە ڕێژەی گەشتەکان تا دێت بەرزتر دەبنەوەو تەکنۆلۆژییە نوێیەکانیش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر پەرە دەسێنن. ئەمەش بووەتە هۆی پەیوەندیکردنی زمانەکان بە یەکترییەوە، لە ئەنجامیشدا وەرگێڕان پەرەی سەندووە و گەلێک شێواز و میتۆدی جۆراوجۆری لێ کەوتووەتەوە. پێویستە ئەم دیاردەیە نەک تەنیا لە لایەن پسپۆڕانەوە، بەڵکو لە لایەن کەسانی ناپسپۆڕیشەوە تاوتوێ بکرێت.

سەرەڕای ئەمەش پرۆسەی وەرگێڕان هێشتا بە نەناسراوی ماوەتەوە، چونکە زۆر کەس پێیان وایە وەرگێڕان بوارێکە، تەنیا تایبەتە بە کەسانی پسپۆڕ و شارەزا. لە ڕاستیدا قەڵەمڕەوی وەرگێڕان زۆر بەرفراوانە. وەرگێڕان بەر لەوەی تایبەت بێت بە کەسانی پسپۆڕ و شارەزا، کردەیەکی بنەڕەتیی زمانییە.

بەگوێرەی ئەو شتانەی باسمان کرد؛ ئێستا باشتر دەتوانین جۆرەکانی وەرگێڕان بناسین، لەوانە: وەرگێڕانی نووسراو (وەرگێڕانی ئەدەبی، وەرگێڕانی ڕۆژنامەوانی و وەرگێڕانی ئاڵۆز) و زارەکی (وەرگێڕانی هاوکات و وەرگێڕانی پەیتاپەیتا).

ئەم کتێبە شەش بەشی لەخۆ گرتووە. بەشی یەکەم جەخت لەسەر ئەم بابەتە دەکاتەوە، نابێت فرەچەشنێتیی ڕواڵەتی

newaname.com/ku

زمانەکان، وامان لێ بکات ئەوە لە بیر بکەین، لە قووڵایی پێکهاتەی زماندا هاوواتاکان پێکەوە دەبەسترێنەوە. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی بزانین، پەڕینەوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە، چۆن دەلوێت.

بە پێچەوانەی ئەوەی بیری لێ دەکرێتەوە، پانتایی وەرگێڕان ئێجگار بەرفراوانە، چونکە هەموو زمانێک لە هەناوی خۆیدا جێی وەرگێڕانیشی کردووەتەوە. کەواتە بۆ دامەزراندنی پەیوەندی لە نێوان زمانێک، یان چەند زمانێک، کەڵک لە سەرلەنوێ داڕشتنەوە وەردەگیرێت.

وەرگێڕان چییە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بەبێ لەبەرچاوگرتنی مێژووی وەرگێڕان، مەحاڵە. لێرەدا سێ تەوەری گرنگ لە ئارادان. کێشەکانی پەیوەندیدار بە هزر و ئاخافتن، کە جیاوازییەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی وەرگێڕانی دەقە یۆنانییەکان لە لایەن ڕۆمییەکانەوە، وەرگێڕانی ئینجیل بۆ سەر زمانی لاتین و پاشان بۆ سەر زمانە باوەکانی تر (ئینجیلی لۆتەر بە زمانی ئەڵمانی، نوسخەی ڕێپێدراوی ئینگلیزی و...). یەکەم قۆناغی وەرگێڕان تا سەردەمی ڕێنسانس درێژەی دەبێت و هەوڵی جۆرێک لە وەفاداری دەدات بەرانبەر بە دەقی سەرەکی؛ بەڵام لە سەدەی حەڤدە و هەژدەدا بەرەو ڕووی ڕەوتێکی پێچەوانەی ڕەوتەکەی پێشوو دەبینەوە، لەو سەردەمەدا ئەم باوەڕە لەگۆڕێدا بوو: وەرگێڕانێک جوانە، کە بەرانبەر دەقی سەرەکی وەفادار نەبێت، هەر لەبەر ئەمەشە وەرگێڕەکان چۆنیان پێ باش بوایە لە دەقی سەرەکی دوور دەکەوتنەوە. ئەمڕۆ چیتر ڕێگە بەو جۆرە گۆڕانکارییانە نادرێت (چونکە بە وەرگرتن (واتە ئیقتباس) لە قەڵەم دەدرێن) و وەرگێڕان دەبێت دەقاودەق لەگەڵ دەقی سەرەکیدا بێتەوە.

ناتوانین به پشتبەستن بەو کتێبانەی سەبارەت بە مێژووی وەرگێڕان نووسراون، مێژووی وەرگێڕان بناسین. زۆربەی ئەم دەقانە ڕەخنەن لەسەر دەقەکان، بەتایبەت دەقە ئایینی و ئەدەبییەکان. تیۆرەکانی ئەمڕۆی وەرگێڕان -کە ژمارەشیان زۆرە- دەبێت لە چوارچێوەی ڕەخنەدا -بە واتا بەرفراوانەکەی- تاوتوێ بکرێن. دەتوانرێت ئەم تیۆرانە پۆلێن بکرێنە سەر دوو بەشی سەرەکی: ئەو تیۆرانەی کە لەسەر بنەمای زمانناسی ڕاوەستاون و ئەو تیۆرانەی کە زمانناسییان تێپەڕاندووە، بەڵام لە کاتی پێویستدا سوودی لێ وەردەگرن.

شێوازەکانی وەرگێڕان و چوارچێوەی تیۆریکی هەر کامەشیان جیاوازن، بۆیە دەستنیشانکردنی میکانیزمی وەرگێڕان بە شێوەیەکی ڕاستەقینە گرنگیی زۆری هەیە. ئێمە وامان پێ باشترە شێوازی وەسفکارانە بەکار بهێنرێت (چۆن وەردەگێڕینەوە؟) نەک شێوازی پێشنیارکارانە[1] (چۆن دەبێت وەرگێڕان بکرێت؟)، یان ئەوەی کە تاکەکان تەنیا لە ڕووی تیۆریکەوە تاوتوێی وەرگێڕان بکەن (وەرگێڕان چییە؟).

لە وەرگێڕانی ئەدەبیدا (بەتایبەت لە ڕۆژئاوا) گرنگییەکی زیاتر بە نووسراو دەدرێت، بۆیە لە بواری لێکۆڵینەوەی وەرگێڕاندا، کەمتر لێکۆڵینەوە لەسەر وەرگێڕانی زارەکی دەکرا و بە بەراورد لەگەڵ وەرگێڕانی نووسراو، لێکۆڵینەوە و توێژینەوە سەبارەت بە وەرگێڕانی زارەکی، درەنگتر دەستی پێ کرد. دیارە ئەم کەمتەرخەمییە ئەمڕۆ قەرەبوو کراوەتەوە، چونکە بوارێکی هێندە گرنگە، کە ناکرێت پشتگوێ بخرێت.

---

1- واتە تەوسیفی، نەک تەجویزی.

بە هۆی فرەچەشنێتیی شێوازەکانی وەرگێڕانەوە، دەبێت وەرگێڕان لە چوارچێوەیەکی بەرفراوانتردا، واتە وەرگێڕانی نێواننیشانەیی **یاکۆبسن**[1] تاوتوێ بکرێت. بەگوێرەی ئەم چوارچێوەیە، وەرگێڕان پەڕینەوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە نییە، بەڵکو پەڕینەوەیە لە سیستمێکی نیشانەییەوە بۆ سیستمێکی نیشانەیی دیکە. ئەم شێوازەی وەرگێڕان، گرنگیی تایبەت بە خۆی هەیە، چونکە لە سەردەمی تەکنۆلۆژیا نوێیەکاندا، بەتایبەت بە هۆی بڵاوبوونەوەی لە ڕادەبەدەری زانیاری، لە ڕێگەی سەتەلایت و تۆڕی ئینتەرنێتەوە، کەوتووینەتە ناو جیهانێکی چەندزمانییەوە، کە وەرگێڕان تێیدا -ئەویش بە شێوازگەلی جۆراوجۆر- ڕۆڵێکی ئێجگار گرنگ دەبینێت.

وەرگێڕان بووە بە یەکێک لە چالاکییە هەرە گرنگەکانی دامەزراوە گەورە نێودەوڵەتییەکان، ئەم دامەزراوانەش پێویستیان بە وەرگێڕی نووسراو، هەروەها وەرگێڕی زارەکیی بەتوانا و کارامە هەیە. سەرەڕای ئەوەش، نابێت گرنگیی فێربوونی زمانە بیانییەکان و زانینی وردبینانەی زمانی زگماکی لە بواری وەرگێڕاندا فەرامۆش بکرێت.

**گۆتە**[2]، وەرگێڕی گەورە دەڵێت: "کەسێک کە زمانی بیانی نازانێت، هیچ لە زمانەکەی خۆی نازانێت". دەتوانرێت ئەم ڕستەیە بەم شێوەیەش دەرببڕدرێت: "زانینی زمانی زگماکی بە کردەوە، زانینی زمانەکانی ترە"[3].

hewalname.com/ku

---

1- R.Jakobson
2- Goethe
3- cite par G.kersaudy,Langue sans frontiers.A la decouverte des langues de I'Europe,Paris Autrement,2001,p.147

وەرگێڕان کردەیەک نییە بۆ ئاسانکردنی زمان. ناتوانرێت زمانەکان لە کولتوورە جۆراوجۆرەکان جیا بکرێنەوە. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێگەی یونسکۆوە، پشتگیری لەم فرەچەشنێتییەی زمان و کولتوورەکان دەکات، تا بەم جۆرە، ڕێگە لە سەرهەڵدانی ناکۆکی و ناتەبایی هەڵقولاوی پێکدادانی کولتوورەکان لە سەدەی بیستویەکدا بگیرێت.

hewalname.com/ku/

hewalname.com/ku/

# وەرزی یەکەم
# فرەچەشنێتیی زمانەکان و
# بەجیهانیبوونی وەرگێڕان

قەڵای نەمروود لە وشەکان چێ کراوە.
**جۆرج ستاینەر 1966**[1]

hewalname.com/ku/

### 1. ***بابل* و فرەچەشنێتیی زمانەکان**

ئەمڕۆکە زیاتر لە شەش هەزار زمانی زیندوو لە دنیادا هەن. دیارە هەندێک کەس دەڵێن ژمارەی زمانەکان لەوە کەمترە، بەڵام ئەم بابەتە هێندە گرنگ نییە، چونکە ژمارەیان ئەوەندە زۆرە کە فێربوونی هەر هەموویان مەحاڵە. قەڵای *بابل*، جگە لەو وێنە زۆروزەبەندانەی لەسەری هەیە، هێمایەکە بۆ زۆربوونی زمانەکان، تەنانەت ئەگەر سەردەمانێکیش ئەم قەڵایە بەڕاستی لە *بابل*دا هەبووبێت (وێرانەکانی هێشتا لە وڵاتی *عێراق*دا ماونەتەوە)، ئۆستوورەی تێکەڵەیەکی وشەکانە. لە ئینجیلدا ڕیوایەتەکە بەم جۆرە کۆتایی پێ دێت: "یەهوە خەڵکی بە هەموو دنیادا بڵاو کردەوە و ئەوانیش وازیان لە

[1]- G.Steiner

بنیاتنانی شار هێنا و بەم جۆرە ناویان نا *بابل*، چونکە لەم شوێنەدا بوو کە یەهوە، زمانی هەموو دانیشتوانی گۆی زەوی تێکەڵ بە یەکتری کرد و بە جیهاندا بڵاوی کردەوە". لە هیچ کوێیەکی دەقەکەدا ئاماژە بە وەرگێڕان ناکرێت، بەڵام خوێندنەوەی ئینجیل پێشگریمانەیەکە بۆ وەرگێڕان، چونکە کەسانێکی کەم دەتوانن (چاخی کۆن)[1] بە زمانی سەرەکی (واتە عیبری) بخوێننەوە. باسکردن لەسەر وەرگێڕان، چ باوەڕمان بە خودا هەبێت، یان نەبێت، بەبێ لە بەرچاوگرتنی دەقی ئینجیل مەحاڵە، چونکە وەرگێڕانی ئینجیل هەمیشە لە ڕابردووەوە تا ئەمڕۆ، بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، زیاتر لە هەموو بابەتێکی تر گرنگتر بووە. تا ئێستا ئینجیل بە 2233 زمان وەرگێڕدراوەتەوە و هیچ دەقێکی تر هێندە وەرگێڕانی بۆ نەکراوە. ڕێک هێندەی ژمارەی زمانە جۆراوجۆرەکان وەرگێڕانی ئینجیل هەیە. ئەم وەرگێڕانانە لەسەر ئینجیلی ئۆرشەلیم کراون، چونکە ئینجیلی دیکەش هەن.

بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەهەندی ئایینی، وەرگێڕانی ئینجیل سێ بنەمای سەرەکی لە پەیوەندی بە جۆرەکانی دەقەوە، دەخاتە ڕوو. بنەمای یەکەم، کە شتێکی تەواو ڕوون و ئاشکرایە، ئەوە دەردەخات لەبەر ئەوە وەریدەگێڕین کە لە زمانە سەرەکییەکە تێناگەین. لە سەدەی سێیەمی پێش زایینداو، نەتەوەی جوولەکەی ئەسکەندەرییە، ئینجیلی ( Des Septante)یان وەرگێڕایە سەر زمانی یۆنانی، کە خەڵکانێکی زۆر سوودیان لێ وەرگرت، بۆیە ناچار بوون زمانی زاڵی ئەو سەردەمە بەکار بهێنن.

---

[1]– واتە: تەورات

لەبەر چەند هۆکارێکی هاوشێوە، (چاخی نوێ)[1] بە زمانی یۆنانی نووسرایەوە، نەک بە زمانی مەسیح، کە زمانی ئارامی بوو. ئەو دەقانەی ئینجیلیش کە بە تەواوەتی بە زمانی یۆنانی وەرگێڕدرابوون، یان نووسرابوون، وەرگێڕدرانەوە سەر زمانی لاتین، کە زمانی زاڵی [جیهانی] مەسیحییەت بوو.

کەواتە یەکەم ڕۆڵی وەرگێڕان تایبەتمەندیی بەکارهێنانێتی. بەبێ وەرگێڕان، پەیوەندیکردن مەحاڵە. وەرگێڕان هەندێک سوودیشی هەیە: لە وڵاتی میسر، وەرگێڕەکان بە هۆی ڕۆڵی تایبەتییان لە سیاسەتدا، لە ڕیزی شازادەکاندا بوون.

وەرگێڕان مەرجی مانەوەی زمانە و ئەمەش پرسێکی ئێجگار گرنگە. ئەگەر بەردی ڕۆزێت[2] هەڵگری وەرگێڕانی دەقی نووسراو بە خەتی هیرۆگلۆفی، هەروەها دیمۆتیک بە زمانی ناسراوی یۆنانی نەبوایە، **شامپۆلیۆن**[3] نەیدەتوانی کۆدەکانی بکاتەوە و بێگومان هەرگیز درکمان بە زمانی فیرعەونەکان - لەوانە زمانی ئەترۆسکی- نەدەکرد. زمانێک کە نەتوانرێت وەربگێڕدرێت، زمانێکی مردووە و تەنیا وەرگێڕان دەتوانێت زیندووی بکاتەوە.

بابەتێکی تر کە لە وەرگێڕاندا هەیە، زمان بەتایبەت بەریەککەوتنی زمانەکانە. وەرگێڕانی زمانی عیبری (حامی-سامی) بۆ زمانی یۆنانی، کە سەر بە زمانەکانی هیندۆئەورووپییە، جیاوازە لەو زمانانەی کە سەر بە یەک کۆمەڵەی زمانین، لەوانە: وەرگێڕانی زمانی یۆنانی بۆ زمانی لاتین، یان وەرگێڕانی زمانی ئیسپانی بۆ زمانی فەڕەنسی.

---

[1] – واتە ئینجیل

[2]- Rosette

[3] - Champollion

دیاره پرۆسەی وەرگێڕان تێیاندا یەکسانە؛ بۆیە **هێنری میشۆنیک**[1] لە کتێبی *یوونس و دالی سەرگەردان*دا[2]، لە لایەکەوە ڕستەی سەرەکی بە زمانی عیبری دەنووسێت، لە لایەکی ترەوە وەرگێڕانی وشەبەوشەکەی دەنووسێت.

"Gardienes buees-vanites leur piete abandonneront"

(پارێزەرانی بێهوودەییەکان واز لە تەقوا دێنن).

بۆ تێگەیشتنی ئەم وەرگێڕانە، زانینی زمانی عیبری پێویستە، چونکە هاوواتا فەرەنسییەکەی، هیچ واتایەکی نییە. وەرگێڕانی کتێبی ئینجیلی ئۆرشەلیم بەم جۆرەیە:

"Ceux Qui servent des vanities,c,est grace qu,ils abandonment"

(ئەوان کە خزمەتی بێهوودەیی دەکەن، ڕەحمەت[ی خودا] لە خۆیان دوور دەخەنەوە).

دەتوانین چەندین نموونەی تر لە زمانگەلی تری وێکچوو، یان ناوێکچوو بهێنینەوە، کە تێیاندا بە هۆی لەبەرگرتنەوە لە زمانێکەوە، ئەنجامێکی بێواتا لە زمانێکی دیکەدا بەدەستەوە دەدەن.

بێگومان بۆ کەسێکی فەرەنسی، فێربوونی زمانی عیبری لەچاو زمانی ئینگلیزی، یان ئیسپانی ئێجگار دژوارترە؛ بەڵام وەرگێڕان بە تەنیا ڕەهەندی زمانی ناگرێتەوە. کەواتە بە زانینی زمانی سەرچاوە (زمانی عیبری، یان هەر زمانێکی تر) و زاڵبوونی تەواوەتی بەسەر زمانی مەبەستدا (لێرەدا زمانی فەرەنسی) دەتوانرێت وەرگێڕانێک بەدەستەوە بدرێت، کە شان لە شانی زمانی سەرەکی بدات. ئەوەی باس کرا مەرجی پێویستە بۆ وەرگێڕان، بەڵام بەس نییە.

---

[1]- Henry Meschonnic

[2] - jona le significant errant

وەرگێڕان جگە لە ڕەهەندە زمانییەکەی و ڕۆڵی سازکردنی پەیوەندی، ڕەهەندی سێیەمیشی هەیە، کە پەیوەندیی بە دوو ڕەهەندەکەی ترەوە هەیە، ئەویش بوونی چەندین وەرگێڕانە لەسەر دەقێک. **هێنری میشۆنیک** دوای تاوتوێکردنی وەرگێڕانە جۆراوجۆرەکانی ئینجیل، ئەمە پشتڕاست دەکاتەوە. جگە لە وەرگێڕانی ئینجیلی ئۆرشەلیم، باس لە وەرگێڕانی فەڕەنسی **زادۆک کان** 1899[١] دەکات: "ئەوانەی کە خەون بە بتە درۆزنەکانەوە دەبینن، بەختەوەریی خۆیان هەرزانفرۆش دەکەن". پاشان وەرگێڕانەکەی **لویی سێگۆن** (1910)[٢] دەهێنێتەوە: "بەزەییت بەو کەسانەدا نەیەتەوە، کە قایلن بە بەهادانان بۆ بتە بێبایەخەکان.". پاشان وەرگێڕانی **ئیدوارد دورمێ** (1969) لە کۆمەڵەی (پلیادە)[٣]دا دەهێنێتەوە: "ئەو کەسانەی کە ڕێز لە بتە بێبایەخەکان دەگرن، تەقوای خۆیان لەدەست دەدەن". لە وەرگێڕانی فەرمیی ئینجیل (1975)دا ئاوها هاتووە: "لایەنگرانی خوداوەندە بێبایەخەکان، دەست لە پەرستنی هەڵدەگرن".

لە کۆتاییدا دوو نموونە دەهێنێتەوە، کە وەرگێڕانەکەیان بە ئەنقەست نزیکە لە پێکهاتە عیبرییەکەوە: یەکێکیان وەرگێڕانی **شۆراکی**[٤] (1976) و ئەوی تریان وەرگێڕانی **هێنری میشۆنیک** (1981)، کە بە دانانی وشەکان هەوڵی داوە ڕیتم و هارمۆنیای شیعرئاسای دەقی سەرەکی سەرلەنوێ دابڕێژێتەوە.

تەنیا پشتبەستن بە پێوەرە زمانییەکان، ناتوانرێت وەرگێڕانە جۆراوجۆرەکان هەڵبسەنگێنرێن، بەڵام لە جۆرە

---

[1]- Zadoc Kahn
[2]- Louis Segond
[3]- Pleiade
[4]- Chouraqui

جیـاوازەکـانی ئـەم وەرگێڕانانـەدا، قـسە لـەسـەر توانـایی و کارامەیی وەرگێڕەکان نییە. **ژۆلین گرین**[1]؛ نووسەرێک، کە بە چەند زمان دەئاخفێت، دەڵێت ئەم فرەچەشنییە لە وەرگێڕاندا جێـی سـەرسـووڕمانە. لـە کتێبـی *زمـان و کۆپییـەکـەی*دا دەنووسێت: لە وەرگێڕانە لاتینەکەی ئێنیجلی **سێنت جێرۆم**دا ئاوها هاتووە:

"Nam et si ambulavero in medio umbrae mortis non timebo mala" (psaume XX111/4)

(تەنانەت ئەگەریش لەناو سێبەرەکانی مەرگدا پیاسە بکەم، لە هیچ شتێک ناترسم).

لە ئینجیلی *لۆتەر*دا[2] نووسراوە:

"Und ob ich schon wanderte im finster Tal,furchte ich kein ungluck"

(ئەگەریش لە پێدەشتەکانی مەرگدا پیاسە بکەم، لە هیچ ناترسم).

لـە وەرگێڕانـە لاتینییـەکـەدا (پێـدەشـت)ە، نـەک (سـێبەری مـەرگ)؛ لـە وەرگێڕانـە ئـەڵمانییـەکـەدا (سـێبەری مـەرگ) بـەکار هێنـراوە، نـەک (پێـدەشـت)؛ لـە وەرگێڕانـە ئینگلیزییـەکـەشـدا هەردووکیان بەکار هێنراون.

لـە کـاتی ڕووبەڕووبـوونەوە لـەگـەڵ ئـەم جیاوازییانــەدا، دەتوانین چەند ڕێگەیەک بگرینە بەر. سـەرەتا دەتـوانین ئاوهـا ئـەنجـامگیری بکـەیـن: وەرگێـڕان مـەحاڵـە و ناتوانرێـت لـە زمانێکەوە بۆ سەر زمانێکی تر بکرێت. بۆ موسـڵمانانی جیهـان، قورئـان دەبێـت بـە زمـانی سـەرەکـی بخوێنرێتـەوە، نـەک وەرگێڕانەکەی، جا زمانی کەسەکە عـەرەبی، یان هـەرچییـەکی

---

[1]- Julien Green
[2]- Luther

تر بێت. هەروەها دەتوانین ئەم ئەنجامگیرییە بکەین: توانای وەرگێڕانی زمانەکان شتێکی ڕێژەییە. وەرگێڕان؛ بمانەوێت و نەمانەوێت هەندێک گۆڕانکاریی تێدا دەکرێت. دەتوانین لێرەدا ئاماژە بە پەندی ئیتاڵی بکەین: "Traduttore/Traditor" واتە: "وەرگێڕ خائینە". وەرگێڕان بە ئەڵتەرناتیڤی دەقی سەرەکی دێتە ئەژمار، بەڵام هەرگیز ئەرکەکانی دەقی سەرەکی ڕاناپەڕێنێت، تەنانەت ئەگەر باشترین وەرگێڕانیش بێت. ڕێگەچارەی سێیەمیش لە ئارادا هەیە و ئەویش ئاوەژووکردنی لێکدانەوە هەمیشەییەکەی ئۆستوورەی بابلە، واتە هیچ خاڵێکی نەرێنی لە فرەچەشنێتیی زمانەکاندا نەبینین.

## 2. زمان و جیهانبینی

**ژاک دریدا**[1] دەڵێت: "هەرگیز نابێت پرسی زمان نادیدە بگیرێت. زمانێک، کە دەپەرژێتە سەر بابەتی زمان و دیسکۆرسێک سەبارەت بە وەرگێڕان دەهێنێتە ئاراوە"[2]. لە ڕاستیدا پرسی زمان لەبەر چەند هۆکارێک چارەنووسسازە. لە *سکۆتلەندا*، لە سەدەی شازدەدا، شانبەشانی زمانی گالی، زمانی نەتەوەیی سکۆتلەندی بوونی هەبوو (زمانێک کە ئەمڕۆکەش باوە و پەیوەندیی لەگەڵ زمانی ئینگلیزیدا، وەک پەیوەندیی زمانی پرتوگالی لەگەڵ زمانی ئیسپانی وایە، پەیوەندیی زمانی هۆڵەندی لەگەڵ زمانی ئەڵمانی، یان پەیوەندیی زمانی دانیمارکی لەگەڵ زمانی سویدیدا). ئەم زمانە پێگە و بایەخێکی هاوشێوەی زمانی ئینگلیزیی هەبوو، کە لە *بەریتانیا* قسەی پێ دەکرا. دیارە تا پێش هاتنی وەرگێڕانی

---

[1]- J.Derida

[2]- J.Derida.Des tours de Babel,in Difference in Translation,1985,p.210

ئینجیـــل لـــە ســـاڵی 1560دا لـــە لایـــەن ئـــەو ئینگیلزییـــە پرۆتـستانانەی، کـە وەک پـەنابـەر هاتبوونـە شـاری ژنێـڤ، وەرگێڕان بۆ سەر زمانی سکۆتلەندی، ئێجگار درەنگ ئەنجام درا و تەنانەت لەناوچوونی ئەو زمانەشی لێ کەوتەوە. ئەم زمانە کەوتە چەقی زمانە بێبرەوەکانی ئەورووپا، هەروەها زمانە کەمینەکانەوە (1/500/000 ئاخێوەر) و لە ڕیزی ئەو زمانانەشدا نییە، کە یەکێتیی ئەورووپا پشتگیرییان دەکات؛ ئەوە لە کاتێکدایە، کە دەیتوانی وەک زمانی زۆرینە بمێنێتەوە (زمانی 'گالی'یش خەریکە لەناو دەچێت؛ ساڵی 1911 ئاخێوەرانی دابەزین بۆ 55000 کەس). هەرچەندە وەرگێڕان هەندێک جار ڕۆڵی ڕزگارکەر دەبینێت، بەڵام نەبوونی، کارەساتی لێ دەکەوێتەوە. پرسی دیکە ژمارەی ئاخێوەرانی زمانەکانە، چونکە 96%ی زمانە باوەکانی ئەمڕۆ تەنیا لە لایەن 4%ی خەڵکەوە بەکار دەبرێن. دەستەواژەی (زمانی زۆرینە) و (زمانی کەمینە) شتێکی ڕێژەییە، چونکە ئەم ڕێژەیە دەتوانێت لە قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکاندا گۆڕانی بەسەردا بێت. بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە زمانە سەلتیکەکان بکەین، چونکە لە ڕابردوودا و لە سەدەی یەکەمی پێش زایینی مەسیحدا، ئەم زمانانە لە زۆربەی بەشە وشکانییەکانی ئەورووپا هەتا ئاسیای بچووک پەرەیان سەندبوو. بۆیە هێنانەوەی نموونەیەک سەبارەت بە زمانە زۆرینەکان و نێونەتەوەییەکان، لەوانە؛ فەڕەنسی و ئینگلیزی، دەتوانرێت لە چوارچێوەیەکی گشتیتردا وەڵامی پرسیارەکەی نووسەری ئیتاڵی، **ئاندرێ کامیلری**[1] بدرێتەوە، کە دەپرسێت: "ئایا ئەو زمانانەی کە لەناو چوون، کەسێکی وەرگێڕ، یان هیچ

---

[1]- A.Camilleri

کەسێکیان لێ نەماوەتەوە کە بتوانێت واتای ئەو وشانەمان بۆ لێک بداتەوە کە بەکاریان هێناون؟".

لە ڕاستیدا یەکەم پرسیار کە هەموو خوێنەرێکی دەقی وەرگێڕاو بۆی هەیە بیخاتە ڕوو ئەوەیە: چ جیاوازییەک لە نێوان دەقی سەرەکی و دەقی وەرگێڕاودا هەیە؟ ئەگەر ڕاڤە و وەرگێڕانی جۆراوجۆر بۆ ئینجیل کراون، وەرگێڕانی دەقەکانی تر بەرەو ڕووی چ کێشەگەلێکی تر دەبنەوە؟ ئایا کاتێک زمانەکان سەر بە یەک بنەماڵەی زمانین، جیاوازییەکان کەمترن؟ ئایا وەرگێڕان دەتوانێت هەمان مەبەستی دەقی سەرەکی بگوێزێتەوە؟ گەلێک پرسیاری لەم چەشنە لە ئارادان... بۆیە پێویستە ئەم بابەتە بە پرسی زمان دەست پێ بکەین.

بە پێچەوانەی قەڵای *بابل*، زمان تەنیا لە وشەکان پێک نەهاتووە؛ هەموو زمانێک تێڕوانینی تایبەت بە خۆی هەیە لەسەر جیهان. ئەم تیۆرە لە لایەن **هۆمبۆلت**ەوە[1] لە سەدەی نۆزدەدا خرایە ڕوو و دوای ئەویش **وۆڵف** و **ساپیر** لە سەدەی نۆزدەدا سەرلەنوێ بەکاریان هێنایەوە و بە تیۆری **ساپیر-وۆڵف**[2] ناوبانگی دەرکرد.

هەموو زمانەکان واقیع (reality) لە ڕوانگەی خۆیانەوە دەبینن، نموونەیەکیشە کە زۆر جار دەیهێننەوە سەبارەتە بە ڕەنگەکان. بۆ ڕەنگی شین لە زمانی فەڕەنسیدا، وشەی Bleu بەکار دەهێنرێت و هەر بۆ ئەو وشەیە لە زمانی ڕوسیدا وشەی goluboj (شینی کاڵ)، یان sinij (شینی تۆخ) بەکار دەهێنرێت. لە زمانە سەلتیکەکاندا بۆ ڕەنگی سەوز و شین،

---

[1] - W.V.Humboldt
[2]- Whorf-Sapir

تەنیا یەک وشەی glas هەیە. خاڵێک کە سەبارەت بە وشەکانی ڕەنگەکان ڕاستە، سەبارەت بە سەرجەمی زمانیش ڕاستە، کارتێکەرییشی بەسەر وەرگێڕاندا ڕوون و ئاشکرایە. **ماری بۆناپارت**[1] ناونیشانی وتارێکی **فرۆیدی** بە ناوی L'inquienante etrangete واتە *نامۆبوونی ترسناکی* کردووە بە Des unbeimliche، کە پەیوەندییەکی زۆری بەو شتەوە هەیە کە **فرۆید** باسی دەکات، چونکە ئەو هیچ هاوواتایەکی تەواوەتی و دەقاودەقی لە زمانەکانی لاتین، یۆنانی، ئینگلیزی، فەڕەنسی و ئیسپانیدا دەست نەکەوتووە. زمانەکانی پرتوگالی و ئیسپانی حەزیان لە نووسینی ئاڵۆز و پێچوپەنادار هەیە. لە زمانی عەرەبی و عیبریدا unhemlich هاوواتای (ئەهریمەنێکی تۆقێنەر)ە و بەم جۆرە ئەنجامگیری دەکات، کە پێدەچێت لە زۆربەی زمانەکاندا هیچ وشەیەکی دیاریکراو نەبێت، کە واتای ترس و تۆقین بگەیەنێت.

لە زمانی چینیدا بە چین دەگوترێت zhongguo، بەڵام تاکێکی چینی هەردوو وشەی zhongo (خەڵک/گەل) و guo (وڵات) دەناسێتەوە: چین (وڵاتی گەل)ە؛ یان وەک چۆن لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەتدا دەگوترا: (ئیمپراتۆرییەتی گەلی چین). وشەی chine و zhongguo بە هیچ کلۆجێکیەک، واتا بەدەستەوە نادەن. **ژاک دریدا** لە چوارچێوەیەکی شیکارانەی دیکەدا دەڵێت: "Babel ناوی تایبەت نییە"، چونکە واتای (تەمومژ)یش دەدات. هەروەها دەتوانرێت بە (ba) باوک و (bel) شار، لە قەڵەم بدرێت و جیا لەوەش، تەمومژ هەیە: (شاری باوک)، یان (شاری خودای باوک). کەواتە پرسەکە شتێکە فرێ بەسەر وشەکانەوە نییە.

---

[1]- Marie Bonapart

**ئێمیل بێنڤیست**[1] لە وتارە بەناوبانگەکەی خۆیدا دەریخست، پۆلێنکردنەکەی **ئەرستۆ**[2]، هاوشێوەی (پۆلێنکردنی بیروڕاکان) بە تەواوەتی ڕەنگدانەوەی هەمان پۆلێنکردنە یۆنانییەکەیە. ئەو هەوڵی پێناسەکردنی بکەر دەدات، بەڵام تەنیا باسی لە: بوون (être)ی زمان کرد. زمان دەتوانێت بە یارمەتی پۆلێنکردنە تایبەتەکانی خۆی دەستنیشانیان بکات و لێکیان جیا بکاتەوە، بەڵام سەبارەت بە بوون، دەبێت بگوترێت: ئەم وشەیە لە کردارێکی یۆنانی -کە لە زمانە هیندۆئەورووپییەکاندا هەیە- چێ کراوە.

**بێنڤیست** دەپرسێت: "ئەگەر **ئەرستۆ** بە زمانێکی وەک Ewe کە لە تۆگۆ قسەی پێ دەکرێت، قسەی بکردایە، چی ڕووی دەدا؟ زمانێک کە تێیدا کرداری بوون، پێنج کرداری دیکەشی لێ دەکەوێتەوە و زۆر جاریش هیچ شتێک لەناو زماندا بەیەکەوەیان نابەستێتەوە، بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە ئەگەر زمانی یۆنانی سوودی لە پێکهاتەگەلی دیکە وەربگرتایە، **ئەرستۆ** نەیدەتوانی فەلسەفەکەی خۆی دەرببڕێت، بەڵکو ئەو فەلسەفەیە ڕێگەگەلێکی تری دەدۆزییەوە، چونکە زمان ئەندێشە هۆشیار دەکاتەوە."

کەواتە زمان تەنیا ئامرازێکی سادە، یان پەیوەندییەکی زەرووری لە نێوان ئەندێشە و دەربڕیندا نییە، بێگومان تێگەیشتن لە قووڵایی زمان لە *یۆنانی کەونارا*دا مەحاڵ بووە، چونکە *یۆنان* لە بنەڕەتدا تێڕوانینێکی تاکزمانەی بۆ جیهان هەبوو و ڕەگی وشەی barbare بەتەواوی ئەوەمان بۆ دەردەخات، واتە کەسێک کە هەندێک بەشی فامهەڵنەگر بێژە

1- Beneviste
2- Aristote

دەكـات، كـە هۆكـارەكـەشـی ئاخافتنـە بـە زمـانێكی نـامۆ. یۆنانییەكان بەرەو ڕووی زمانـەكانی تریش دەبوونـەوە، بەڵام زمـانی خۆیـان بـاڵاتر لـە هـەمـوو ئـەوانـی تـر دەزانـی. **ئانـدرێ مـارتینێ**[1] دەڵێت: "مـەیلـی تاكـەكـان بـۆ سـازگاركردنی زمـانی خۆیان لەگـەڵ واقیعدا، هۆكارێكی بنـەڕەتیی دیكـەشـی هـەبوو. بۆیە دەبوایە تا كۆتایی سەدەی نۆزدە چاوەڕێمـان بكردایـە، تـا لقێكی سەربەخۆ دەربكەوێت كە بابـەتـە سـەرەكییـەكـەی زمـان بێت و بڵاوبوونـەوەی كتێبی *زمانناسیی گشتی* **فێردیناند دی سوسوری**[2] لێ بكـەوێتـەوە كـە سـاڵی 1916 لـە دوای مـەرگی بڵاو بووەوە"[3].

بە هۆی ڕووبەڕووبوونـەوە لـەگـەڵ زمانـەكان و كولتـوورە جۆراوجۆرەكانەوە، باشتر دەتوانین لە ئەتنیكگەرایی زمانگـەلـی وەک باسـک، یـان كـاوی (زمـانی پلینـزی) تێبگـەیـن. **هۆمبۆڵـت** كەسایەتیی ناسراوی ئەم میتۆدەیە.

**هۆمبۆڵـت** بـە ئامـاژەكـردن بـەو جیاوازییـەی كـە پێـشتر **ئەرستۆ** هێنابوویە ئاراوە، جـەخـت لـەسـەر ئـەوە دەكاتـەوە كـە زمان ergon (ڕەگی هیندۆئـەورووپی 'Werg' كە لـە وشـەی ئینگلیزی 'Work'دا هەیە) (بـەرهـەمێكی كۆتـایی پێهـاتوو) نییە، بـەڵكو (energeia) چالاكییـەكـە بـەردەوام ئـەنجـام دەدرێت. بۆچوونـەكـانی **هۆمبۆڵـت** كـە لـە ڕووی بـەهـای مـەعریفـی و فەلسەفییـەوە كارتێكـەرییان هـەبـووە، لـە دەرەوەی بازنـەی ئـەم باسەی ئێمەدایە. كارتێكـەرییان بەسـەر وەرگێڕانیشدا گرنگیی خۆی هەیە.

---

1- André Martinet
2- Ferdinand de Saussure
3- Andrê Martinet, éléments de linguistique générale,Paris,Armand Colin,1980.p.2

بنـــەڕەتیتـــرین کارتێکـــەریـــی، بێگومـــان ئـــەم پرســـەیـــە کـــە وەرگێڕانـــی (خونـــسا)، یـــان (شـــەفـــاف) بـــوونی نییـــە. دیـــارە وەرگێڕانی (ئایدیاڵ)یش بوونی نییە، کە بەبێ گۆڕانکاری، وەک ئاوێنە ڕەنگدانەوەی دەقی سەرەکی بێت. وەرگێڕان کۆپیکردن نییە و هۆکارەکەشی جەوهەری زمانە (واتە energeia)؛ ئەم جەوهەرەش هەم لەناو زمانی وەرگێڕان و هەم لەناو قووڵایی زمانی سەرەکیدا کاریگەریی خۆی دادەنێت، بۆیە نووسین و وەرگێڕان دەبێت بە تەواوەتی لە یەک ئاستدا بن.

**مـــالارمێ**[1] لـــە کتێبـــی *قـــەیرانـــی ئـــەدەبیـــات*دا[2] دەنووســـێت: "زمانەکان کامڵ نین، چونکە هەندێکیان بە کەماڵ نەگەیشتوون". پاشـــان دەنووســـێت: "فرەچەشـــنێتیی زمانـــەکـــان لـــەســـەر گـــۆی زەوی، ڕێگە لەوە ناگرێت کە وشەکان بهێنینە سەر زار، چونکە هەموو زمانەکان خاوەنی چوارچێوەیەکی وەک یەکن"[3].

کەواتە ناتوانرێت ڕەخنە لە وەرگێڕان بگیرێت، لەبەر ئەو گۆڕانکارییانـــەی کـــە دەیانخاتـــەوە، چونکـــە ئـــەمـــە بـــەشـــێکە لـــە سروشتی زمان.

---

1- Mallarmé

2- Crise de Vers

3- Oeucers complétes,Paris,Gallimard,La Pléiade,1945,p.363-364

### 3. وەرگێڕان، پرۆسەی بنەڕەتیی زمان

ڕۆمەن **یاکۆبسن** لە وتاری *ڕەهەندە زمانییەکانی وەرگێڕان*دا[1] گرنگییەکی زۆر بە وەرگێڕان دەدات، ئەوە لە کاتێکدایە پێش ئەو، گرنگییەکی ئەوتۆ بە پرسەکانی وەرگێڕان نەدەدرا. **یاکۆبسن** وەرگێڕان دابەش دەکات بەسەر سێ شێوازدا:

1) وەرگێڕانی نێوزمانی، یان دارشتنەوەی سەرلەنوێ.

2) وەرگێڕانی نێوان زمانی، واتە وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، یان بە واتایەکی تر؛ وەرگێڕانی ڕاستەقینە.

3) وەرگێڕانی نێوان نیشانەیی، کە بریتییە لە ڕاڤەی نیشانە زمانییەکان لە ڕێگەی سیستمی نیشانەیی نازمانییەوە.

وەرگێڕان هەمیشە وەک پرسێکی پەراوێزیی چاوی لێ دەکرا، ئەمڕۆ بووەتە بابەتی سەرەکیی لێکۆڵینەوەکان. بۆ زمانناسان و ئاخێوەرە ئاساییەکانی زمان، واتای وشە هیچ نییە، جگە لە وەرگێڕانی وشە لە ڕێگەی نیشانەیەکی ترەوە کە دەتوانێت جێی بگرێتەوە.

سێیەمین جۆری وەرگێڕان پێویستی بە تاوتوێکردنێکی تایبەتی هەیە، کە لە وەرزی دووەم و پێنجەمدا دەپەرژێینە سەری. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەین؛ پێدەچێت **یاکۆبسن** نموونەکانی خۆی لە بواری هونەرییدا هەڵببژێرێت، چونکە (گواستنەوەی داهێنەرانە) ڕێگە دەدات بە پەڕینەوە لە (هونەری زمانەوە بۆ مۆسیقا، سەما، سینەما، یان شێوەکاری). ئایا لێرەدا بەکارهێنانی وشەی وەرگێڕان

---

[1] - ناونیشانە ئینگلیزییەکەی ئەمەیە: On Translation

زێدەڕۆییانە نییە؟ سەرەتا، دەتوانرێت بگوترێت ئەم چەمکە هەڵگری بەهای پراکتیکییە.

کتێبی *خاڵ و هێڵی سەرخاڵ*، نووسینی **کاندینسکی**، نامیلکەیەکی تەواوە سەبارەت بە *وەرگێڕانی نێوان نیشانەیی* کە تێیدا بە یارمەتیی وێنەخشتەی دامەزراندنی پەیوەندیی نێوان هونەرە جۆراوجۆرەکان، چەندین جار کەڵک لە وشەی وەرگێڕان وەرگیراوە.

بەگشتی دەتوانرێت ئەم پرسیارە بخرێتە ڕوو: ئایا هەموو سیستمێکی نیشانەیی، بە شێوەی سروشتی، نێوان نیشانەییە؟ وای دابنێین واتای نیشانەیەک و وەرگێڕانەکەی، بە یارمەتی نیشانەیەکی دیکە، چ لە ڕێگەی بینین (زمانی نووسراو، یان زمانی نیشانەکان)، چ دەنگی (زمانی ئاخافتن)، یان بەرکەوتن/لامسە(ئەلفوبێی برێل) و ... لە یەک کاتدا پەیوەندیی بە چەند سیستمی نیشانەییەوە هەیە.

ئەم ڕەهەندە هەمیشە هەیە، بەڵام زمانی چینی، بۆ وەرگێڕانی ژانری شیعر کاریگەرترە، چونکە لە چیندا هونەرەکان لێک جیا نەکراونەتەوە، هونەرمەند لە یەک کاتدا دەپەرژێتە سەر شیعر، خەت و شێوەکاری، لە هەموو ڕەهەندە مەعنەوییەکان سوودمەند دەبێت: ئاوازی هێڵئاسا، جووڵەی هەناسە، ویتە (ویردخوێندنەوە) و پەیڤی بینراو.

وەرگێڕان کە بەسەر نیشانەکاندا جێبەجێ دەکرێت، تەنیا ڕەهەندی زمانی نییە، بەڵکو پانتاییەکی ئێجگار بەرفراوانی هەیە و پەیوەندیی بە نیشانەناسی، یان زانستی نیشانەکانەوە هەیە. ئاشکرایە کە **ڕۆمەن یاکۆبسن** بە بەکارهێنانی وشەی (نیشانەناسی)، ئیلهامی لە بەرهەمەکانی **پیرس**[1] وەرگرتووە،

---

[1]- Ch.S.Peirce

بەڵام بە بەکارهێنانی نیشانە و دال و مەدلوول، بە یەکێک لە لایەنگرانی **سوسور** دێتە ئەژمار.

کتێبی *شێوازناسیی بەراوردکارانەی فەڕەنسی و ئینگلیزی*، نووسینی **ڤینیێ** و **داربلێنێ**[1] ساڵی 1958 بڵاو بووەوە، بە ڕووداوێکی گرنگ دێتە ئەژمار، چونکە یەکەمین شێوازی وەرگێڕانە کە لەسەر بنەمای شیکاری و شرۆڤەکاریی زانستیی نووسراوە. زۆربەی کتێبەکانی سەبارەت بە وەرگێڕان، کەم تا زۆر و بە جۆرێک لە جۆرەکان قەرزاری ئەم کتێبەن. دیارە ئەم کتێبە چیتر کۆن بووە، چونکە بەندە بە تیۆرەکانی سەردەمی خۆیەوە و پێشکەوتنی زمانناسی بووەتە هۆی ئەوەی کە زۆرێک لە شیکارییەکانی ئەو سەردەمە بەهای خۆیان لەدەست بدەن، بەڵام ئەو دەستکەوتانەی کە لە درێژەدا باسیان دەکەین، گرنگ و بەرچاون.

**ڤینیێ** و **داربلێنێ**، هاوشێوەی **یاکۆبسن**، شوێنکەوتەی **سوسورن**، بەڵام لە کتێبی *زمانناسیی گشتی* **سوسوردا**، گرنگییەکی ئەوتۆ بە پرسەکانی وەرگێڕان نادرێت. کەواتە دەبێت چەمکگەلێکی نوێ دابڕێژرێن، کە یەکێک لە هەرە گرنگەکانیان (یەکەی وەرگێڕان) بوو.

وەک **سوسور** ئاماژەی پێ دەکات، دەستنیشانکردنی (یەکەی وەرگێڕان) گرنگییەکی زۆری هەیە و بە پێچەوانەی بۆچوونی باو (یەکەی وەرگێڕان) بە تەنیا لە وشەدا خۆی نابینێتەوە. بەگوێرەی وەها بیرکردنەوەیەک بەم دەرئەنجامە دەگەین، کە زمان لە ڕیزێک وشە پێک هاتووە، کە تێیدا هەموو وشەیەک هاوواتای شتێکە. دەبێت واتای وشە دەستنیشان بکەین. دەبێت بزانین وشەکان لەسەر چ بنەمایەک پۆلێن

---

[1]- J.P Vinay et J. Darbelnet

دەکرێن، چونکە سەرەڕای هەموو کێشەکانی بەردەم پێناسەکردنی وشە؛ وشە یەکەیەکە خۆی بەسەر زەیندا دەسەپێنێت و چەقی پێکهاتەی زمانەکانە.

لە کاتی وەرگێڕاندا، وشەکان بە جیاجیا وەرناگێڕینەوەو وەرگێڕانی وشەبەوشە زۆر جار مەحاڵە. **ڤینێ** و **داربلێنێ** لە ئاستی واتا، یان مەدلوولدا یەکەی فکر، بە یەکەی سەرەکی دەزانن و لە ئاستی دالدا (یەکەی وشە)، کە ئەمانە هەردووکیان تەواوکەری یەکترین و بە تێکڕا (یەکەی وەرگێڕان) پێک دەهێنن، ئەم سێ وشەیەش (واتە یەکەی فکر، یەکەی وشە و یەکەی وەرگێڕان) بە هاوواتای یەکتری دێنە ئەژمار. **ڤینێ** و **داربلێنێ** بەم جۆرە پێناسەی یەکەی وەرگێڕان دەکەن: "یەکەی وەرگێڕان کورتترین بەشی ڕستەیە و یەکگرتوویی وشەکان بە شێوەیەکە، کە نابێت بە جیا لە یەکتری وەربگێڕینەوە"[1].

بۆ نموونە، ڕستەی "**جۆرج ستاینەر** هەڵدەبژێرین" کە لە سەرەتای ئەم وەرزەدا هاتووە:

"Nimrud's tower was built of words"

بەم جۆرە دابەشی دەکەین بەسەر یەکەی وەرگێڕان:

Nimrud's tower/was built of/words

ئێستا ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ وەرگێڕانە فەرەنسییەکەیدا، هەمان شێوازی دابەشکردن دەبینین:

La tour de Nimrod/était faite de/mots

بێگومان ئەم دابەشکردنانە سوودی خۆی هەیە، چونکە کاتێک یەکەکان دەستنیشان دەکرێن، دەتوانرێت ئەو پەیوەندییە تاوتوێ بکرێن کە دەقی سەرەکی بە وەرگێڕانەکەوە

[1]- Vinay et Darbelnet,Stylistique du coparée du français et de l'anglais(1985),paris,Didier,1977

دەبەستێتەوە. پەیوەندیی نێوان یەکەی وەرگێڕانی ژمارە دوو (was built of) و وەرگێڕانە فەڕەنسییەکەی (faite de était) ئەوە دەردەخات؛ کاتێک زمانی ئینگلیزی کەڵک لە وشەیەکی دیاریکراو وەردەگرێت، زمانی فەڕەنسی بە پێچەوانەی ئەو هەڵسوکەوت دەکات و وشەیەکی هەڵگری واتایەکی گشتی بەکار دەهێنێت. هەموو زمانێک ڕوانگەی تایبەتیی خۆی هەیە بەرانبەر بە جیهان، کە لە ئەنجامدا دابەشکردنەکانیش بەگوێرەی ئەو ڕوانگەیە ئەنجام دەدرێن.

دەتوانرێت هەر ئەم شێوازە لە پەیوەندی بە زمان و شێوازیش بەکار بهێنرێت. لێرەدا پڕۆسەی زمان، شێواز و وەرگێڕان پێکەوە دەبەسترێنەوە.

هەرچەندە ئەم شێوازە لە ڕووی پراکتیکییەوە هەندێک لایەنی باشی هەیە، بەڵام دوو کێشەی بنەڕەتییشی هەیە:

یەکەم: لە ڕادەبەدەر گرنگیی بە ڕەهەندی زمانی وەرگێڕان دەدرێت و وەک **ئیدمۆند کاری**[1] ڕەخنەی لێ دەگرێت، وەرگێڕانی ئەدەبی پڕۆسەیەکی زمانی نییە، بەڵکو بە دیاردەیەکی ئەدەبی دێتە ئەژمار. خاڵێکی تر گرنگینەدانە بە (یەکەی زمانی) کە **فێردیناند سوسور** باسی کردووە.

کتێبی *نووسینەکانی زمانناسیی گشتی* کە بەم دواییانە بڵاو بووەتەوە، گرنگییەکی تایبەتی بە بابەتی جیاوازییە زمانییەکان دەدات. لەبەر ئەوەی هیچ یەکەیەک (لە هەر جۆر و شێوەیەک کە بیری لێ بکرێتەوە) بوونی نییە، کە لەسەر بنەمای شتێکی جگە لە جیاوازییەکان دامەزرابێت. یەکە، هەمیشە هەڵقوڵاوی زەینی تاکەکانە و تاکە شتێک بوونی هەبێت (جیاوازی)ە.

---

[1]- Edmond Cary

بابەتی (یەکەی جیاوازکەر) بێگومان تەمومژاوی و دژوار دێتە بەرچاو، بەڵام کاتێک مەبەست لە (یەکەی خوێندنەوە) بێت، پرسەکە ڕوون دەبێتەوە و **ڕۆلان بارت**[1] بە Lexies واتە (گوزەرگەی وشەکان) ناودێری دەکات و بەم جۆرە پێناسەی دەکات: "Lexies هەندێک جار بریتییە لە چەند وشەیەک و هەندێک جاریش بریتییە لە چەندین ڕستە".

ئەگەر وەرگێڕان بە یەکێک لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی زمان لە قەڵەم بدەین لەبەر چەند هۆکارێکی کردەیی، دەبێت وەک هێڵێک وێنای بکەین، کە تەنیا یەکە سادە و ساکارەکان هاوردە دەکات؛ بەڵام نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت کە وەرگێڕان، هاوشێوەی زمان، کەڵک لە (یەکەگەلی جۆراوجۆر) وەردەگرێت و ئەگەر شێوازێکی جگە لەمەی بەکار هێنابایە، نەماندەتوانی درک بە چۆنێتیی بەکارهێنانی -کە بە درێژایی مێژوو گۆڕانی بەسەردا هاتووە- بکەین.

---

[1] - Rolan and Barthes

# وەرزی دووەم
# مێژووی وەرگێڕان

لە مێژووی وەرگێڕاندا دەتوانرێت چەندین قۆناغی دوابەدوای یەک تاوتوێ بکرێن: چاخی کۆن، چاخەکانی ناوەڕاست، سەردەمی ڕێنسانس، سەدەی حەڤدە، سەدەی هەژدە و سەردەمی هاوچەرخ؛ بەڵام ئەم شێوازە مەترسیی ئەوەی لێ دەکەوێتەوە، ئەو زانیارییە کۆکراوانەی سەدە جیاوازەکان پێکەوە دەبەستنەوە دەستنیشان نەکرێن. بۆیە گرنگیی کەڵکوەرگرتن لە خوێندنەوەگەلی بابەتیانە -نەک بە تەنیا مێژوویی- شتێکی تەواو ڕوون و ئاشکرایە. کێشەکانی ئەمڕۆی وەرگێڕان زۆر جار هەمان کێشەکانی ڕابردوون، بەڵام چۆنێتی چارەسەرکردنیان و وەڵامدانەوەیان جیاوازە. کەواتە گەلێک تێڕوانینی جۆراوجۆر سەبارەت بە وەرگێڕان لە ئارادان.

## 1. دەرەوە و ناوەوە

لە ڕۆژئاوادا دوو پرس کە لە زمانی لاتیندا خۆیان دەردەخەن، بە هۆکاری کێشەکانی وەرگێڕان دەزانن. لە لایەکەوە وەرگێڕانی دەقە ئایینییەکان و بەتایبەت وەرگێڕانی ئینجیل، بە ئامادەبوونی کەسێکی وەک **سێنت جێرۆم**، کە پشتگیریی وەرگێڕان دەکات و لە لایەکی ترەوە وەرگێڕانی دەقە ئەدەبییەکان لە *ڕۆمای کەونارا*، بەشێکن لە کێشەکانی وەرگێڕان. بۆ نموونە؛ دەتوانین ئاماژە بە فەرمانەکەی **سیسرۆن**[١] (ساڵی 46ی پێش زایین) بکەین کە گوتبووی "نابێت وشەبەوشە وەرگێڕان بکرێت" هەروەها **هۆراس**یش[٢] لە کتێبی *بوتیقا* (Ars Poetica)دا (دە ساڵ پێش زایین) هەر جەختی لەسەر ئەم بابەتە کردبووەوە.

ئەم دوو ڕەهەندە پێکەوە بەستراونەتەوە. **سێنت جێرۆم**یش هەمان بابەتی **سیسرۆن** دەڵێتەوە و دەتوانین لە نووسینەکەیدا ببینین: "بەڵێ، نەک هەر دانی پێدا دەنێم، بەڵکو بەبێ هیچ ترسێک و بە دەنگی بەرز ڕایدەگەیەنم، کاتێک لە زمانی یۆنانییەوە وەرگێڕان دەکەم -جگە لە کتێبی پیرۆز، کە تێیدا چنینی وشەکانیش وەک مەتەڵ وایە- وەرگێڕانی من وشەبەوشە نییە، بەڵکو بۆچوونێک دەخەمە جێی بۆچوونێکی دیکەوە"[٣]. بەم جۆرە **سێنت جێرۆم** بابەتێکی بنەڕەتی دەهێنێتە گۆڕێ. ئەو، ئەوەمان بە بیر دەهێنێتەوە کە دەبێت بە جیاوازی قایل بین، لە نێوان وەرگێڕانی دەقە ئایینییەکان و وەرگێڕانی دەقە نائایینییەکان.

---

1 - Cicéron
2 - Horace
3- Cite par V.Larbaud Sous l’invocation de saint Jérôme,paris Gallimard,1946p.15

لــە وەرگێڕانـــی دەقــە ئایینییـــەکانــدا دەبێــت وەرگێڕانـــی وشەبەوشــە ڕەچـاو بکرێت. ئـەم شـێوازە لـە لایـەن **فیلـۆن**[1]، ئەندامی کۆمـەڵـەی جوولـەکـەی ئـەسکەندەرییە (سیازدە ساڵ پـێش زایــین) پێـشنیار کــراوە: "تەنیـا لە ڕێـگەی وەرگێڕانـــی وشەبەوشـــەوە، دەقــە ئایینییەکـان چــەواشــە نـاکرێن". **سـێنت جێرۆم** ڕەخنە لە وەرگێڕانی یۆنانی Septante دەگرێت وەک وەرگێڕانێکـــی وشەبەوشـــە، چونکـــە ئـــەم وەرگێڕانـــە تـــەواو ســـەربـەســتانە و بـەبــێ وەفـاداربوون بـە دەقـە ســەرەکییە عیبرییەکەی ئەنجام دراوە، بەڵام لە لایەکیشەوە **سێنت جێرۆم** وەرگێڕانی تەواو وشەبەوشەی لا پەسەند نییە. کەواتە دەبێت کار بەو بنەمایانە بکرێت کە **سیسرۆن** لە ڕستە بەناوبانگەکەی خۆیـدا "وشەبەوشـــە نـــەخێــر، بـــەڵکــو واتـــا لـــە جێــی واتـــا" دەستنیشانی کردووە. جیاوازیی وەرگێڕانی دەقە ئایینییەکان و دەقە نائایینییـەکان، وەک لـە سـەرەتـادا بـۆی دەچووین، هێندە ڕوون و ئاشکرا نییە.

کەموکوڕییەکانی وەرگێڕانی وشـەبەوشـە، هـەرگیـز شـاراوە نەبوون و مێژووی وەرگێڕانەکانی ڕۆمییەکان دەگـەڕێتـەوە بۆ سێ سەدە پێش زایین، لەوانە؛ وەرگێڕانی **لیڤیس ئاندۆنیکۆس**[2]، کە یەکەم وەرگێڕی بەناوبانگی ئەورووپی بوو. **سیسرۆن** بە بـەشـێک لـە نـەریتـی دێرینـی وەرگێـڕان دێتـە ئـەژمـار کـە بـە وردەکارییـــەوە پـــەرەی پـــێ دەدات، بـــەتایبـــەت لە ڕەهەنــدی تیۆریکەوە، کە دەتوانرێت بگوترێت پێش ئەو بوونی نـەبووە. ڕستە بەناوبانگەکەی **سیسرۆن** سـەبارەت بـە وەرگێڕانـەکانی: "مــن ڕســتـەکـانم وەک وەرگێڕێـک نـەنووسـیوەتـەوە، بـەڵکـو

---

[1]- Philon
[2]- Livius Andronicus

ڕستەکان و وشـەکان، یان ئەندێشەکانم وەک پەیڤوانێک لـە زەیندا بووە و جاروبار لـەگەڵ ڕێساکانی زمانی لاتیندا ڕێکم خستوون. پێم وابـوو پێویـست ناکـات وشەبەوشـە وەرگێـڕان بکەم، بەڵام دەبوایە تایبـەتمـەندی و بـەهـای وشـەکان بپارێزم. پێشم وایە ئەوەی بە لای خوێنـەرەوە گرنگە ڕێژەی وشـەکان نییە، بـەڵکو (کێش)ی یـەکسانی وشـەکانـە". کـەواتـە **سیسرۆن** وەرگێڕان بە دوو جۆر دەزانێت؛ حاڵەتی یەکەم: ئەو شتەی کە بە تەواوەتی وەریدەگێڕینـەوە (وەرگێڕان بە دەستی وەرگێڕ). حاڵـەتـی دووەم: وەرگێـڕان بـە دەسـتی پـەیڤـوان. بەم جـۆرە شـێوازی بـاڵای وەرگێـڕان دێتـە نـاو گـۆڕەپـانی زانـستی (بـەیـان)ەوە، یـان بە واتـایەکی تـر L'imitaio (لاسـاییکردنەوە) ئەمڕۆکە پێی دەگوترێت: وەرگرتن (ئیقتباس)، نەک وەرگێڕان.

کەواتـە ڕۆڵـی وەرگێڕان لـە *ڕۆمـا*، جیاوازی زۆری لـەگـەڵ وەرگێڕان لە *یۆنان*دا هەیە. دوای مەرگی **ئەسکەندەر**[١] (323ی پێش زایین) درەوشـانەوەی شارستانیەتی یۆنـانی بە ڕادەیـەک بوو، کە زمانی یۆنانی بوو بە زمانی باڵادەست و Septante لـە سـەدەی سـێیەمـدا لـە ئـەسـکەندەرییـە، لـە عیبرییـەوە وەرگێڕدرایەوە سەر زمانی یۆنانی.

**شامپۆلیۆن**[٢] بە یارمەتی بەردی *ڕۆزێت*[٣]، کۆدەکانی هێڵی هێرۆگلیفی کردەوە کە لە ڕاستیدا وەرگێڕانـی زمـانی میـسری بوو بۆ سـەر زمـانی یۆنـانی، کە سـاڵی 196ی پێش زایـین لـە میسردا ئەنجام درابوو. چاخی نوێ[٤] بەم زمانە نووسراوەتەوە،

---

[1]- Alexander
[2] - Champollion
[3] - Rosette

[4]– واتە ئینجیل

لە کاتێکدا مەسیح بە زمانی ئارامی قسەی کردووە (عیبری زمانێکی سەر بە هەمان بنەماڵەیە، بەڵام لەو سەردەمەدا چیتر باو نەبووە).

*ڕۆماش* لەم یاسایە بێبەش نەبووە. هەموو نوخبەکان جووتزمان بوون و لانیکەم لە سەرەتادا زمانی یۆنانی باڵادەست بوو. لە سەرەتادا بە هۆی دەستڕانەگەیشتن بە دەقگەلی جێمتمانەی فەلسەفی و ئەدەبی، گەلێک وەرگێڕانی جۆراوجۆر لە زمانی یۆنانییەوە ئەنجام دەدران. لە *ڕۆما*، لە پڕۆسەیەکدا کە چەندین سەدەی خایاند، ئامادەبوونی زمانێک کە هەوڵی دەدا ڕکابەرایەتی زمانی ڕۆمی بکات، یان تەنانەت ببێت بە زمانی باڵادەست، بووە هۆی ئەوەی کە زمانی لاتین لەناو ئیمپراتۆرییەتدا ببێت بە زمانی باڵادەست، ئەم بابەتە لە سەردەمی چاخەکانی ناوەڕاست، تەنانەت دوای ئەوەش درێژەی هەبوو. وشەی (وەرگرتن) وا دەخوازێت کە زمانی ئەدەبی بە تەواوەتی بوونی هەبێت، بەڵام لە سەرەتادا پێگەی زمانی لاتین لەچاو زمانی یۆنانیدا ئاوها نەبوو.

کاتێک ئەم قۆناغە کۆتایی هات، وەک **کلۆد هەژاژ**[1] دەڵێت وشەی جووتزمان گۆڕدرا بە وشەیەکی نەرێنی و ئەم واتایەشی لە زمانی فەرەنسی ناوەڕاستدا پاراست. هێدی هێدی؛ چیتر زمانی یۆنانی کاری پێ نەدەکرا و لەجیاتی ئەوە زمانی لاتین ئاوڕی لێ درایەوە. ئەم وەرچەرخانە تەنیا لە بوارێکدا نەبوو، بەڵکو بە درێژایی مێژوو چەندین بواری دیکەشی گرتەوە. لە سەردەمی ڕێنسانسدا ڕووداوێکی هاوشێوەی ئەمە ڕووی دا و هەندێک زمانی باوی دیکە جێی زمانی لاتینیان گرتەوە. لە *فەرەنسا*، گەلێک وەرگێڕانی

---

[1]- Claude Hagége

جۆراوجۆر لە زمانە کلاسیکەکانەوە بۆ سەر زمانی فەرەنسی ئەنجام دران و هەروەها مۆدێلە یۆنانی و لاتینی، تەنانەت ئیتاڵییەکانیش لاسایی کرانەوە. ئەم دیاردەیە بە هۆی پێشکەوتنی پیشەسازی چاپەوە پەرەی سەند. **ژواشیم دی بلەی**[1] لە کتێبی *ڕوونکردنەوەی زمانی فەرەنسی* (1549)دا هەمان ئەرگۆمێنتی **سیسرۆن**ی بۆ زمانی نەتەوەیی بەکار هێنا: "لاساییکردنەوەی پێشینان نابێت بە زۆرەملێ بێت، بەڵکو دەبێت لەپێناوی بەرزکردنەوەی زمانی فەرەنسیدا بێت، کە شان لە شانی زمانەکانی دیکە دەدات و تەنانەت بەرزتریشە". لە سەردەمێکدا کە تەنیا زمانی فەرەنسی زمانی حکومیی بوو (فەرمانی **ویلەر-کۆترێ**)[2]، گەلێک وشەی بیانی لە ڕێگەی وەرگێڕان لە زمانەکانی ترەوە هاتنە ناو ئەم زمانەوە، هەندێک جار بڕێک لاساییکردنەوەی ڕاستەوخۆش ئەنجام دەدران. **ڕۆنسارد**[3] لە کتێبی *کورتەیەک سەبارەت بە هونەری شیعرەکان*دا[4] دەڵێت: "بە شێوازی زمانی یۆنانی و لاتین، وشەکان تێکەڵ بکەن"[5].

ئەم شێوازەی سێیەمی وەرگێڕان تەنیا وەرگێڕانی وشەبەوشە، یان وەرگێڕانی واتایی نەدەکرد، بەڵکو ڕێگەی بە خۆی دەدا دەست لە دەقی سەرەکی وەربدات و بیگۆڕێت، ئەم شێوازە بە هیچ کلۆجێک لەگەڵ ئەوەدا نایەتەوە کە ئێمە ئەمڕۆ پێی دەڵێین؛ وەرگێڕان. لەم شێوازەدا **ژاک ئامیۆت**[6] لە وەرگێڕانە

---

[1]- Joachim du Bellay
[2]- Villers-Cotterêts
[3]- Ronsard
[4]- Abbregé de l'art poétique
[5]- Cité par M.Huchon,Le français la Renaissance(1988).paris.PUF,Que sais-je?.n 2389,1998.p.73
[6]- Jacques Amyot

بەناوبانگەکەی خۆیدا *ژیانی هاوتەریب*[1] نووسینی **پلۆتارک**[2] (1559)، وای پێ باشترە لەجیاتی وەرگێڕانی وشەبەوشە؛ وشەی یۆنانی Estephanoi (بە گوڵڕازاوە)، ڕستەی (کڵاوگەلێکی لە گوڵ دروستکراومان بە سەرەوە بوو) بەکار بهێنێت و لەجیاتی:

"L'ame est enfermee dans le corps comme dans un Moulin qui tourney sans cesse autour du besoin de nourriture".

(ڕۆح لەناو جەستەدا قەتیس کراوە، وەک ئاشێک کە بەردەوام بە دوای خۆراکدا دەسووڕێتەوە).

وەها وەربگێڕدرێتەوە:

"L'ame de plusieurs est cachet affublee de crainte d'avoir faute,dedans le corps,comme dedans Moulin,tournant a l'entour d'une meule après la poursuite de quelque nourriture".

(ڕۆحێکی زۆر، لە ترسی هەڵە، لە قاوغ[ی جەستەدا]ی خۆی حەشار داوە و وەک ئاش، بەردەوام بە دەوری بەرداشدا، بە دوای خۆراکدا دەسوڕێتەوە).

ئەو گۆڕانکارییانەی (لە بواری وەرگێڕاندا) هاتوونەتە ئاراوە، بە ئاڕاستەی لۆژیکێکدا دەڕۆن، کە **ئانتوان بێرمەن**[3] بە (ئامانجی وەرگێڕان) ناودێری دەکات. بە گوتەی ئەو، سازگارکردنی دەقی سەرەکی و پێداچوونەوەی، گەنجینەیەکە دەبێت بخرێتە سەر خەرمانی زمان و کولتووری نەتەوەیی. بۆ تێگەیشتن لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی وەرگێڕان، دانانی وشەکان و واتا بەس نین.

---

[1]- Vies paralléles
[2]- Plutarque
[3]- Antoine Berman

## 2. جوانە بێوەفاکان

لە هەمان سەردەم لە *بەریتانیا*، دۆخێکی هاوشێوە بە جیاوازییەکەوە لە ئارادا بوو: زمانی فەڕەنسی بە هۆی درەوشانەوەی، بایەخ و پێگەیەکی گرنگی هێندەی زمانەکانی لاتین و یۆنانی هەبوو. گەلێک بەرهەم لە زمانی فەڕەنسییەوە وەرگێڕدرانەوە، کە هەندێکیان بە ڕووداوێکی گرنگ دەهاتنە ئەژمار، لەوانە وەرگێڕانی *ناملیکەی مۆنتین*[1] بە دەستی **جان فلۆریۆ**[2] لە ساڵی 1603. ئەمەیان لە قامووسی هەژدە بەرگی کەمبریج لە *مێژووی زمانی ئینگلیزی و ئەدەبیاتی ئەمریکا*دا ئاماژەی پێ کراوە (لە بەرگی چوارەمدا، کە تایبەتە بە سەردەمی **ئەلیزابێت**، لەبەر گرنگیی بابەتی وەرگێڕان، دوو بەشی گرنگیی بۆ تەرخان کراوە). ئەو گۆڕانکارییانەی کە **فلۆریۆ** لە دەقی مۆنتیندا کردبووی، هاوشێوەی ئەو گۆڕانکارییانەیە کە **ئامیۆت** لە وەرگێڕانی کتێبی *پلۆتارک*دا کردبووی. لەجیاتی وەرگێڕانی *من هیچ نرخێکم نییە* ( Je n’y vauls rien) کەڵک لە هاوواتاکەی وەردەگیرێت، واتە( I am mothing worth) و(and I nevercan fadge well) حەزی ئەو سەردەمە بۆ درێژدادڕی دەردەخات. لە لایەکی ترەوە **فلۆریۆ**، بە هۆی نووسینی قامووسی ئیتاڵی–ئینگلیزی، ناوبانگی هەیە. ناونیشانی ئەم قامووسە ئەمەیە: *دنیایەک وشە*[3]؛ **ئەراسم**[4] لە *فراوانی*[5]دا پێشنیار دەکات سوود لەم قامووسە وەربگیرێت، بەڵام ئەمە بەناوبانگترین وەرگێڕانی سەردەمی

---

[1] - Montagne
[2] - John Florio
[3] - A world of words
[4]- Erasme
[5] -De copia

**ئەلیزابێت** نییە، بەڵکو وەرگێڕانی بەرهەمەکەی **پلۆتارک** لە لایەن **تۆماس نۆرت** لە ساڵی 1579دا بەناوبانگترین وەرگێڕانە و **شکسپیر**[١] (کە ڕەخنەگران بە نەزانینی زمانی لاتین تۆمەتباریان دەکرد) بۆ نووسینی شانۆنامە ڕۆمییەکانی خۆی (**ژولی سیزار**[٢]، **ئانتوان**[٣]، **کلیۆپاترا**[٤] و **کۆریۆلان**[٥]) و شوورەبەندی *ئەسینا*، ئیلهامی لەو وەرگێڕانە وەرگرت. **نۆرت** بە هۆی نەزانینی زمانی یۆنانی، بە مەبەستی وەرگێڕانی کتێبی *ژیانی هاوتەریبی* **پلۆتارک**، کەڵکی لە وەرگێڕانەکەی **ئامیۆت**[٦] وەرگرت، شێوازێک کە لەو سەردەمەدا باو بوو، چونکە وەرگێڕەکان بە بەراورد لەگەڵ زمانەکانی لاتین و یۆنانی، زیاتر دەسەڵاتیان بەسەر زمانی فەڕەنسیدا دەشکایەوە. بۆچوونێک هەیە پێی وایە زمانی فەڕەنسی ڕێڕەوێکە، کە زمانە کلاسیکەکان دەهێنێتە ناو زمان و ئەدەبیاتی ئینگلیزییەوە. **نۆرت** وەرگێڕانەکەی **ئامیۆت** وەک دەقێکی سەرەکی بەکار دەهێنێت. هەروەها دەقەکەی **ئامیۆت**، بە گوتەی **مۆنتین**، دەتوانێت مۆدێلێکی بەنرخ بێت بۆ وەرگێڕان. وەرگێڕانەکەی **نۆرت** بە بەرهەمێکی ئەدەبی دێتە ئەژمار، بێگومان هەر لەبەر ئەوەشە **شکسپیر** زۆربەی وشە و دەستەواژەکانی ئەو بەکار دەهێنێت.

بەگشتی لەو سەردەمەدا ئەو بەربەستەی کە ئەمڕۆ لە نێوان دەقی سەرەکی و وەرگێڕاندا هەیە، یان ئەو سنوورەی کە کەوتووەتە نێوان نووسەر و وەرگێڕەوە، کاریگەری

---

[1]- Shakespeare
[2]- Jules César
[3]- Antoine
[4]- Cléopâtre
[5]- Coriolan
[6]- Amyot

کەمتری هەبووە، یان تەنانەت دەتوانین بڵێین هەر نەبووە. (بە موڵکی خۆکردن) چەمکی سەرەکیی سەردەمی ڕێنسانسە، لە *بەریتانیا*دا ئەم بابەتە چەندین ڕەهەندی بەرفراوان لەخۆ دەگرێت، کە دیارە پەیوەندیی بە ڕۆحییەتی داگیرکاریەتی کەشتیوانەکانی سەردەمی **ئەلیزابێت**، لەوانە **دراک**[1]، یان **هاوکینز**[2]، هەروەها هەڵسوکەوتە نەشیاوەکان هەبووە. بەم جۆرە ئەوان بەرهەمەکانی **دیتران**یان بە ویست و ئارەزووی خۆیان و بەبێ ڕەچاوکردنی ڕێساکانی دەقی سەرەکی دەستکاری دەکرد، تەنانەت هەندێک جاریش خۆیان بە خاوەنی بەرهەمەکە دەناساند. ئەم دیاردەیەش هێندە باو بوو، کە **شارڵ ویبلی**[3] هیچ لەوە ناترسێت بڵێت: "پێناچێت بەریتانییەکان دزینی ئەدەبی بە تاوانێکی گەورە بزانن. ئەگەر وا بوایە هەموان وەک تاوانبار دەناسران". ئەوان بە باسکردنی نموونەی ڕۆمییەکان پاساو بۆ ئەمە دەهێننەوە. **نیکۆلا گریماڵد**[4]، سەبارەت بە وەرگێڕانەکەی خۆی لەسەر بەرهەمەکەی **سیسرۆن** دەڵێت: "وەک چۆن شانۆنامەکانی **ترانس**[5] و **پلۆت**[6] بە زمانی یۆنانی نووسراون و موڵکی ئەوانن، ئەم کتێبەش موڵکی منە". **ویت**[7]، **لاج**[8]، **سپێنسەر**[9] و کەسانی دیکە گەلێک قەسیدەیان بەم شێوەیە هۆنییەوە، بەبێ ئەوەی کەسیان لێ بڕەنجێت.

---

1 - Drake
2 - Hawkins
3- Charles whibley
4- Nicholas Grimald
5- Térence
6- Plaute
7- Wyatt
8- Lodge
9- Spencer

وەرگێڕان دەتوانێت خیانەت بێت بەبێ ئەوەی هیچ سزایەکیش لەگۆڕێدا هەبێت.

دەستەواژەی (دزینی ئەدەبی)، لە سەدەی حەڤدە بە دواوە دەبێت بە شتێکی نەرێنی، واتە کاتێک کە ڕەسەنایەتیی (بەرهەم) دەبێتە بەهایەکی ئەدەبی. سنوورەکانی نێوان لاساییکردنەوە و وەرگێڕان و وەرگرتن لە سەردەمە جۆراوجۆرەکاندا جیاوازن. (وەفادارنەبوون) شتێکی ڕێژەییە، ئاوهاش نەبووە کە وەرگێڕەکان هەرگیز لەم پێناوەدا یاسا و ڕێسایان دانەڕشتبێت، بە پێچەوانەوە، یەکێک لە یەکەم تیۆرسیەنەکانی وەرگێڕان لە سەردەمی ڕێنسانسدا، **ئەتین دۆلێیە**[1]. (وشەی وەرگێڕان یەکەم جار ئەو دایهێناوە، کە ساڵی 1540 لە زمانی فەڕەنسیدا دەرکەوت). وەرگێڕانەکانی ئەو سەردەمە بە هۆی ڕەچاوکردنی کەم تا زۆری ڕێساکانی دەقی سەرەکی، هەموویان لە ئاستێکدا پۆلێن ناکرێن. بە پێچەوانەوە، ئەگەر ئەو وەرگێڕانانە بە پێوەری (ئامانجی وەرگێڕان) **ئا.بێرمەن**ی ئەو سەردەمە هەڵبسەنگێنین، دەبینین کە ویستوویانە بەرانبەر بە دەقی سەرەکی، وەفادار بمێننەوە. **چاپمەن**[2] بەم جۆرە داکۆکیی لە وەرگێڕانەکەی خۆی لەسەر **ئیلیاد** و **ئۆدیسە** دەکات:

"If my country language were a usurer,he would thank me for enriching him"

(ئەگەر زمانی وڵاتەکەم سوودخۆر بوایە، دەبوایە سوپاسی منی بکردایە، کە دەوڵەمەندم کردووە)[3].

---

[1]- Etiene Dolet
[2]- Chapman
[3]- Cité par C.Whibley,CHEAL,vol.IV,1,p.26

وەک چۆن **مۆنتین** ستایشی **ئامیۆت** دەکات، **کەیتس**[١] سەرسوورِمانی خۆی بەرانبەر بە وەرگێڕانەکەی **چاپمەن** دەردەبڕێت، چونکە لە ڕێگەی شیعری (یەکەم جار کە کتێبەکەی **هۆمەر** لە وەرگێڕانی **چاپمەن**م خوێندەوە)[٢]، کە ساڵی 1816 هۆنراوەتەوە، پانتایی **هۆمەر** و (ئاسوودەیی ڕاستگۆیی) ئەوی بۆ دەرکەوتووە. لە ڕاستیدا خاڵێک کە لە وەرگێڕانەکانی ئەو سەردەمەدا بەرچاو دەکەوێت، پانتایی بەرفراوانی زمانی ئینگلیزییە. هەر ئەم بابەتە سەبارەت بە وەرگێڕانەکان لە *فەڕەنسا* و وڵاتانی دیکەش لە سەردەمی ڕێنسانسدا ڕاستە، کە هۆیەکەشی ئەو بنەمایانەن کە **ئامیۆت** بەم جۆرە باسیان دەکات: "وەرگێڕ نابێت تەنیا بەرانبەر بە ڕستە وەفادار بێت، بەڵکو دەبێت شێوازی نووسەر ڕەچاو بکات". لەمە ڕوونتر و ئاشکراتر ناتوانرێت بگوترێت کە (وەفاداری) پێویستە، بەڵام بەس نییە. (وەفاداری) دەبێت (جوانی)شی لەگەڵدا بێت، چونکە ئەگەر ئاوها نەبێت، وەرگێڕان بە چوونەدەرەوە لە بازنەی (ئەدەبی باڵا) تۆمەتبار دەکرێت.

ئەوەی سەبارەت بە زمانی ئەدەبیات ڕاستە، سەبارەت بە زمانی ئاخافتنی ڕۆژانەش ڕاستە. وەرگێڕان ڕێگەیەکە بۆ ئەوەی خەڵکانێکی زیاتر بتوانن لە زمان تێبگەن. **ئەراسم** یەکەم کەس بوو کە خوازیاری وەرگێڕانی دەقە ئایینییەکان بوو، **لۆتەر**یش یەکەم هونەرمەندی گەورەیە. لە ڕاستیدا ئەو دەڵێت: "نابێت چاوەڕێی ئەوە لە وشەکانی زمانی لاتین بکەین، کە فێری ئاخافتن بە زمانی ئەڵمانیمان بکەن، بەڵکو بۆ ئەنجامدانی وەرگێڕان دەبێت بزانین دایکان لە ماڵەوە و منداڵان و خەڵکی

---

[1]- Keats
[2] - On first looking into Chapman's Homer

ئاسایی لە کووچە و کۆلاناندا چۆن قسە دەکەن، چونکە ئا بەم شێوەیەیە تێدەگەن و دەزانن کە بە ئەڵمانی قسەیان لەگەڵدا دەکرێت[1]." لە ڕاستیدا ئەم وەرگێڕانە، لەدایکبوونی زمانی ئەڵمانی نیشان دەدات، هەر ئەمە لە زمانی ئیتاڵییشدا بە هۆی **دانتێ**وە[2] ڕوو دەدات.

بە پێچەوانەی **دانتێ** لە کتێبی De vulguri eloquentia (1303-1305) و لە کتێبەکانی تریشیدا، داکۆکیی لە (زمانی نزم) دەکات، **لۆتەر** لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە فۆڕم بە زمانی ئەڵمانی دەبەخشێت، چونکە مەبەستیشی لە ئینجیلە، دیارە (داهێنان) کە پێشگریمانەی (لاساییکردنەوە)ی ئاخێوەرانی زمانی لاتینە، هیچ پێگە و جێگەیەکی نییە. ناتوانرێت پەیامیی یەزدانی بگۆڕێت. لەو سەردەمەدا ئەوە بە تاوان دەژمێردرا و **ئەتین دۆلێ** بەرەو ڕووی ئەو چارەنووسە بووەوە و ساڵی 1546 لە *پاریس*، لە گۆڕەپانی موبێر[3] لە سێدارە درا و سووتێنرا. کەواتە دەتوانرێت ئەم ئەنجامگیرییە بکرێت، وەرگێڕانی وشەبەوشە، لە سەروو هەموو شێوازەکانی ترەوەیە. ماوەیەکی زۆر لە سەدەی حەڤدەدا، ئەمە شێوازی باوی وەرگێڕانی دەقە ئایینی و نائایینییەکان بوو. لە سەردەمی ڕێنسانسدا، بە هۆی هەندێک وەرگێڕانی دوور لە وردەکاریی ئەدەبییەوە، شێوازێکی تەواو جیاواز بەدی دەکەین. **لۆتەر** بە بیرکردنەوەی **سێنت پۆل**[4] ئاشنایە: "وشە دەکوژێت، بەلام زەین زیندوو دەکاتەوە" (کۆرنتینی دووەم، 3 و 6). وەرگێڕانی

---

[1]- Cite par H.Van Hoof,Histoire de la traduction en Occident,Paris,Duculot,1991,p.214

[2]- Dante

[3]- Maubert

[4]- Saint Paul

وشەبەوشە نابێت تەنیا وەرگێڕانی وشەکان بێت، هاوشێوەی وەرگێڕانی **سێنت جێرۆم**. **لۆتەر** لە ساڵی 1530دا دەنووسێت: "من، ئێجگار سەربەستانە خۆم لە وشەکان دوور نەخستەوە، بەڵکو بە وردبینیی زۆرەوە لە کاتی پێداچوونەوەی دەقدا، هەوڵم دا هێندەی بۆم بکرێت لە وشەکان نزیک بم و سەربەستانە دوور نەکەومەوە [...] وام پێ باشتر بوو زیان بە زمانی ئەڵمانی بگەیەنم، بەڵام لە وشەکان دوور نەکەومەوە"[١]. هەر ئەم ڕەهەندانە لە زمانی ئینگلیزییدا سەبارەت بە نوسخەی ڕێپێدراو بەدی دەکەین. ئەم وەرگێڕانە ساڵی 1611 بڵاو کرایەوە، بەڵام لە ڕاستیدا بەشی هەرە زۆری نووسینی **ویلیام تیندال**ە[٢] (ئەو لە شاری *ئانڤێر*[٣] خۆی شاردەوە و لەوێدا لە ساڵی 1536 بە تاوانی چەواشەکاری لە سێدارە درا و سووتێنرا). **لۆتەر** دەیویست هەموان لە وەرگێڕانەکەی تێبگەن، بۆیە لەجیاتی پشتبەستن بە وەرگێڕانە لاتینییەکەی ئینجیل، بە شێوازێک کە **ویکلیف**[٤] بۆ یەکەم جار وەرگێڕانی ئینجیل بە زمانی ئینگلیزی هەڵبژاردبوو و ساڵی 1388 بڵاو کرایەوە، پشتی بە دەقە سەرەکییە عیبری و یۆنانییەکان بەست. **تیندال** لەو باوەڕەدا بوو، زمانی یۆنانی زیاتر لەگەڵ زمانی ئینگلیزیدا دێتەوە، نەک لەگەڵ زمانی لاتین.

"The Greek tongue agreeth more with the English than with the Latin"

دیارە ئەم وێکهاتنەوەیە لەگەڵ زمانی عیبریدا هەزار قات زیاترە.

---

[1]- Voir M.Ballard,De Cicéron à Benjamain.p.143
[2] - William Tyndale
[3] - Anvers
[4]- Wyclif

"And the properties of the Hebrew tongue agreeth a thousand times more with the English than with the Latin"

چونکە لە هەزار شوێندا دەتوانرێت وشەبەوشە وەرگێڕان بکرێت بۆ سەر زمانی ئینگلیزی.

"The manner of speaking is both one,so that in a thousand places thou needest not but to translate it into the English word for word"

درەوشانەوەی نوسخەی ڕێپێدراوی ئینجیل لە زمان و ئەدەبیاتی ئینگلیزیدا ئێجگار بەرچاو بوو. ئەم وەرگێڕانە کاریگەرییەکی گەلێک زۆری لەسەر خەڵک دانا. پەخشانێکی تۆکمە، کە زیاتر لە شێوازی ئاخافتنی لاتین دەچوو وەک لە شێوازی نووسینەکەی. دەوڵەمەندی بۆچوونەکان کاریگەریی لەسەر بەرهەمەکان دادەنێت، ئەویش لە وڵاتێکدا کە ژیان زیاتر لەگەڵ خوێندنەوەی ڕۆژانەیدا ڕیتم وەردەگرێت. دیارە بەرەو ڕووی هەندێک هەڵەی زەقیش دەبینەوە. دەتوانین بڵێین (ئینجیلی ڕێپێدراو)ی پاشا **ژاکی**[1]ی یەکەم شاکاری ئەدەبیاتی زمانی ئینگلیزییە.

ئەگەر وەرگێڕانەکانی سەردەمی ڕێنسانس تاوتوێ بکەین، دەبینین، تەنانەت وەفادارترین وەرگێڕانەکانیش کە بە ناچاری ئەنجام دراون، جوانن. لە سەدەی حەڤدە و هەژدەدا، پێوەری (جوانی) ئێجگار گرنگ بوو، پەیوەندییشی لەگەڵ زماندا گۆڕانی بەسەردا هات. لە *فەڕەنسا*، ئەکادیمیای زمانی فەڕەنسی

---

[1]- Jacques

دامـــەزرا (1634)، **مـــالاربێ**[1] فەرمـــانی پـــەتیکردنـــی زمـــانی فەڕەنسی دەرکرد. پاش ئەویش **ڤەژێلا**[2] بەکارهێنانی دروستی لە کتێبی *هەندێک خاڵ سەبارەت بە زمانی فەڕەنسی*دا پێناسـە کـرد. کـەواتـە؛ جێـی سـەرسـوورمان نییـە کـە بەرەو ڕووی هـەنـدێک وەرگێڕانــی وا دەبینــەوە کــە بــەگــوێرەی شــێوازی کلاسیکن و دەگۆڕدرێن بە (جوانە بێوەفاکان). **نیکۆلا لاپرۆ ئابلانکۆر**[3] لە ساڵی 1637دا چووە ناو ئەکادیمیاوە. بەم جۆرە ئەو، بـەرهـەمـەکانی نووسـەرانی لاتین، یۆنـانی و ئیسپانی لە ڕێگەی وەرگێڕانـەوە گۆڕیی. دیارە خۆی دەیزانی کارێک کە دەیکات، وەرگێڕان نییە، چونکە باشتر لە وەرگێڕان بوو، لەوەو بەر تەنیا بەم شێوازە وەرگێڕانیان دەکرد. لە سەردەمی جوانە بێـوەفاکانـدا، کـەسـانی وەفـادار بـە دەقـیش هـەبـوون، لـەوانـە **لۆمتێر**[4]، گوتی: "یەکەم خاڵ کە دەبێت لـە کـاتی وەرگێڕانـدا بـۆ زمانی فەڕەنسی بە تەواوەتی ڕەچاو بکرێت، وەفاداربوون بـە دەق و وەرگێڕانـــی وشەبەوشـــەیە، واتـــە دەبێـــت هـــەمـــوو وردەکارییەکانی زمانی لاتین بە جۆرێک دەرببڕدرێن، کـە وەک بڵێیت **سیسرۆن** بە زمانی فەڕەنسی قسەی کردووە[5].

وەفـــاداربوون و وەرگێڕانـــی وشـــەبـــەوشـــە، بـــەنـــدە بـــە ڕەچـــاوکردنی شـــێوازی زمـــانی کلاســـیکەوە. چیتـــر وەک سـەدەکـانی پێشوو ئـەم پرسـە لـەگۆڕێدا نییـە، کـە وەرگێـڕان دەبێتە هۆی دەوڵەمەندیی زمانی فـەڕەنسی، چونکـە ئـەم زمانـە تـا ئاسـتی مۆدێلێک بـەرز بووەتـەوە، کە لـە سـەدەی هـەژدەدا

---

1- Malherbe
2- Vaugelas
3- Nicolas perrot d’Ablancourt
4- Lemaistre
5- Cite par I.Oseki-Dépré,p.33

جیـــاوازی نێـــوان لایـــەنگرانـــی وەرگێڕانـــی وشەبەوشـــە و وەرگێڕانــی ئــازاد (ســەربــەســتانە) هێنــدە زۆر دەبێــت، کــە دەمەقاڵێی لێدەکەوێتەوە و خاتوو **داسییێ**[1] و **ئانتوان هودار دی لامــۆت**[2] بەرەو ڕووی یــەکتــر دەوەســتنەوە و دواتــر ئــەم دەمەقاڵێیە بە دووەمین دەمەقاڵێی نێوان کۆن و نوێ، ناودێر دەکەن. ناتوانرێت ڕەخنە لە **هـودار دی لامۆت** بگیرێت لەبەر وەرگێڕانـی وشەبەوشـەی بۆ بـەرهـەمـەکانی **هۆمـەر**[3]. کاتێک **ئیلیـادی** بـە هـۆنراوە وەرگێڕایـەوە، چـەند بـەشێکی دەقـەکـەی **هۆمەری** لە دەقە فەڕەنسییەکەدا سڕییەوە (شیعرەکانی ساڵی 1701 بڵاو کرانەوەو ئەوانی تریش ساڵی 1714)؛ بیستوچوار شیعر کران بە دوازدە شیعر. ئەو بەشانەی سڕییەوە کە پێی وابوو زیادن، یان نەشیاون و بەبێ هیچ ڕاڕاییەک، هەندێک ڕاڤە و لێکدانەوەی توندی بۆ دەقەکە کرد و هەندێک جاریش ناوەڕۆک و ڕەوتی ڕووداوەکانی گۆڕی و ... کردەوەگەلی لەم چەشنە. **هـودار دی لامـۆت** وەرگێڕانـی وشەبەوشـە -لـەوانـە وەرگێڕانی پەخشانی خاتوو **داسییێ** ساڵی 1711- بە جیاواز و لاساییکردنەوەی جوان دەهێنێتە ئەژمار، کە شتێکە لە نێوان وەرگێڕانـی سـادە (وشـەبەوشـە) و ڕاڤـەکـردن. بـە ڕای ئـەو، ناتوانرێت **هۆمـەر** بـە شـێوازێکی تـر وەربگێڕدرێتـەوە، چونکە ئەو شوێنکەوتەی ڕێسا کلاسیکەکان نییە.

بە بەراورد لەگەڵ وەرگێڕانـەکـانی تـر، وەرگێڕانی خـاتوو **داسـییێ** بـە وەرگێڕانـی وشـەبەوشـە دێتـە ئـەژمـار. سـەرەڕای ئـەوەش ئـەم وەرگێڕانـە بە تەواوەتـی وشـەبـەوشـە نـین. بـۆ

---

[1] - Dacier
[2] - Antonie Houdar de la Motte
[3]- Homére

سەلماندنی ئەمەش دەتوانین هەڵسەنگاندن بۆ وەرگێڕانی (بڕگەی ئاوازیی) 3 (لە نێوان *پاریس* و *هێلێن*)ی **لۆکۆنت دی لایل**[1] و وەرگێڕانەکەی **داسیێ** بکەین:

| | |
|---|---|
| Viens!Couchons-nous et aimons-nous.Jamais le desir ne m,a brule ainsi meme lorsque naviguant sur ma nef rapide,après t'avoir enlevee de I'heureuse Lakedaimon,je m'unis d'amour avec toi dans I'ile de Kranae,tant Que j'aime mainnenant et suis saisi de desires.Il parla ainsi et march avers son lit,et l'epouse le suivit,et ils se concherent dans ie lit bien construit.<br><br>Leconte de Lisle | Et ne pensons plus qu,aux plaisirs…A l'ile de Kranae,vous voulutes bien consenter a me prendre pour mari…Et me parlant ainsi'il se leva pour aller dans une autre chamber,et Helene le suivit<br><br>Mme Dacier |

ئەگەر گۆڕانکارییەکانی **داسیێ** و **هودار دیلامۆت** ئەمڕۆ بە لای ئێمەوە سەرسووڕهێنەر بن، لەبەر ئەوەیە ئەمە نەک بە وەرگێڕان، بەڵکو بە وەرگرتن دێتە ئەژمار. سنووری نێوان ئەم دوو بوارە لەوە بە دوا، گۆڕاوە. ئەمڕۆ ڕێگە بەوە نادرێت لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە دەقێک جوان بکرێت، یان هەڵە ئەنقەستەکانی **هۆمەر** ڕاستبکرێنەوە، چونکە لەو حاڵەتەدا زیانمان بە دەقەکە گەیاندووە.

[1]- Leconte de Lisle

### 3. سەردەمی هاوچەرخ

سالّی 1680 **درایدن** لە پێشەکیی *نامیلکەکانی ئۆڤیدا*[1]، وێڕای ڕەتکردنەوەی لاساییکردنەوە، پێناسەیەکی تەواو نوێ بۆ وەرگێڕان بەدەستەوە دەدات و باس لە سێ جۆر وەرگێڕان دەکات:

1- وەرگێڕانی وشەبەوشە؛ کە بە (هەڵگەڕاندنەوەی وشەکان) ناودێری دەکات.

2- وەرگێڕان (سەرەتا بە 'دەربڕینەوە' ناودێری دەکات، پاشان لە پێشەکیی وەرگێڕانەکانی **ڤێرژیل** لە سالّی 1697 بە 'وەرگێڕان' ناودێری دەکات).

3- لاساییکردنەوە (دواتر بە 'دەربڕینەوە' ناودێری کرد.)

بەگوێرەی **هۆراس**

"nec verbum curabis redder,fidus interpres"

هەروەها گێڕانەوەی، وەرگێڕانەکەی **ڕۆسکۆمۆن**[2]

"nor word for word too faithfully translate"

چیتر وەرگێڕانی وشەبەوشە پەسەند نییە. ئەم بابەتە باشترین شێواز و تاکە ڕێگەی وەرگێڕانمان نیشان دەدات. دووەمین جۆری وەرگێڕان بریتییە لە گرنگیدانی زیاتر بە واتا، نەک وشە.

لاساییکردنەوە جۆرێکە لە وەرگێڕان، کە وەرگێڕ سەربەستانە هەڵسوکەوت لەگەڵ وشەکان و واتادا دەکات، بەڵام ئەگەر هەر ئەم شێوازە سەبارەت بە نووسەران بەکار بهێنرێت، چیتر ناتوانرێت بگوترێت دەقە وەرگێڕدراوەکە

---

[1]- Ovid's Epistles

[2] - Roscommon

بەرهەمی نووسەرە، چونکە دەقی نوێ بە دەستی کەسێکی دیکە خوڵقێنراوە، کە جێی دەقی سەرەکی دەگرێتەوە.

بەم جۆرە دەگەینە کۆتایی سەردەمی جوانە بێوەفاکان. هێدی هێدی بەرەو ڕووی گۆڕانکاریی لە وەرگێڕاندا دەبینەوە: پرسی موڵکایەتیی دەقی ئەدەبی، بەهای فەردانییەت و ڕەسەنایەتیی لە داهێنانی هونەرییدا، یەکێکە لە بنەما جوانیناسە ڕۆمانتیکەکانی کۆتایی سەدەی هەژدە. لە پڕێکدا لاساییکردنەوە، تەنانەت بە ڕێژەیەکی کەم، جێی خۆی دەدات بە گۆڕان، **مۆنتسکیۆ**[1] لە کتێبی *نامە ئێرانییەکان*دا[2] دەیداتە بەر گاڵتە و سووکایەتیپێکردن: "وەرگێڕان وەک دراوێکی مس وایە، کە نرخی دراوی زێڕی هەیە، بەڵام هەمیشە لاوازتر و کەم بەهاتره لە ئەسڵەکەی"[3]. لەم سەردەمەدا، بەرەو ڕووی پێچەوانەبوونی بۆچوونی دەوڵەمەندکردنی زمان لە ڕێگەی وەرگێڕان دەبینەوە، بۆچوونێک، کە **چاپمەن** لە سەردەمی **شکسپیر**دا بەکاری دەهێنا؛ دیارە دەقی وەرگێڕدراو لەچاو دەقی سەرەکیدا، بەهایەکی کەمتری هەیە.

ئەم چوون و گەڕانەوەیە بە ئاڕاستەی لاساییکردنەوە هەنگاوی نا، بەڵام لە سەدەی نۆزدەدا وەرگێڕانی وشەبەوشە، کە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەو سەردەمە، بە ئاڕاستەی پێچەوانەوە هەنگاوی نا. بەرچاوترین کتێب، *بەهەشتی ونبوو*[4] نووسینی **میلتۆن**ە[5]، کە **شاتۆبریان**[6] ساڵی 1836 وەریگێڕا. ئەو لە یاداشتەکەی خۆیدا دەنووسێت: "بە تەواوەتی وەرگێڕانی

---

[1] - Montesquieu
[2]- les letters persanes
[3] - Dryden,p.572
[4]- Paradise Lost
[5] - Miltin
[6] - Chateaubriand

وشەبەوشـــەم کـردووە، تـا هـەمـوو منـداڵێک، یـان شـاعیرێک بتوانێـت دێـڕ بــە دێـڕ، وشەبەوشــە، ڕێـک وەک قامووسـێک، دەقەکە بخوێنێتەوە". قسە لەمە ڕوونتر و ئاشکراتر نابێت.

ئەو لە ڕستەیەکی سەرسووڕهێنەردا دەڵێت: "نووسینەکەی **میلتۆن**، وەک شووشـەیەک لـەبەرم گرتووەتـەوە"، بـەڵام ئایا بـەڕاسـتی **شـاتۆ بریـان** وەکـو خـۆی دەڵێـت "وشەبەوشــە" وەرگێڕانی کردووە؟ وەڵامەکەی "نا"یە. بۆ سەلماندنی ئـەمـەش؛ تەنیا بەشێک لە دەقە سەرەکییەکە لەگەڵ وەرگێڕانەکەی **شـاتۆ بریان**دا بەراورد دەکەین:

“His spear,to equal which the tallest pine,/Hevn on Norvegian hills to be the mast/Of some great ammiral,were but awand,/He walk’d with to support uneasy steps/Over the burning marle[…]”

“La lance de Satan(pres de laquelle le plus haut pin scie sur les collines de Norwege pour etre le mat de quelque grand vaisseau amiral,ne serait qu’un Roseau)lui sert a soutenir ses mal assures sur la marne brulante[…]”

وەرگێڕانـی وشەبەوشـە، کـە هـەمـوو کـەسێک بـە یارمـەتـی قامووس دەتوانێت ئەنجامی بدات، بەم جۆرە دەبێت:

“Sa lance,pour egaler laquelle le plus haut pin/Scie les norvegiennes collines pour etre le mat/De quelque grand amiral,ne serait qu’un baguette,/Il marchait avec pour supporter ses malaises pas/Sur la marne brulante[…]”

وەرگێڕانـەکـەی **شـاتۆ بریـان** لـە وەرگێڕانـی وشـەبەوشـەی تێدەپەڕێنێت، هەروەها وەرگێڕانەکەی **لۆکۆنت دیلایل** بۆ کتێبی *ئیلیـاد*[1] و *ئۆدیسـە*[2] کـە ئـەو بـە (وەرگێڕانــی وشـەبەوشــەی تــەواوەتــی) نــاودێری دەکــات. لە ڕاسـتیدا ئــەم وەرگێڕانــە

---

[1] - Iliade

[2] - Odyssēe

دەکەوێتە خانەی سێیەمی پۆلێنبەندییەکەی **گۆتە** لە کتێبی *دیوانی ڕۆژهەڵاتی-ڕۆژئاوایی*[١]، لای **گۆتە** ئەم شێوازەی وەرگێڕان، بەرزترین جۆری وەرگێڕانە.

لە سەردەمی ڕۆمانتیکە ئەڵمانییەکاندا، ڕۆڵی وەرگێڕان هەمان ئەو ڕۆڵە بوو کە وەرگێڕان لە سەردەمی *کەونارا*دا لە *ڕۆما*، یان لە سەردەمی ڕێنسانسدا دەیبینی. **گۆتە** سێ جۆر وەرگێڕان دەستنیشان دەکات. لە جۆری یەکەمدا: وەرگێڕان گواستنەوەی بەرهەمێکە بۆ زمانێکی تر بە هەمان ئەو فۆڕمەی لە زمانی سەرەکییدا هەیە. **لۆتەر** ئینجیلی بەم شێوازە وەرگێڕاوەتەوە. لە جۆری دووەمدا: بەرهەم بە شێوازێک وەردەگێڕێتەوە، وەک بڵێیت دەقەکە بۆ کولتووری کەسی بەردەنگ نووسراوە، وەک ئەو وەرگێڕانە باڵایانەی بۆ زمانی فەڕەنسی کراون و جێی دەقە سەرەکییەکانیان گرتووەتەوە. لە *ئەڵمانیا*، وەرگێڕانی **ویلاند**[٢] نموونەیەکی پڕ بە پێستی دیکەیە. جۆری سێیەم تێکەڵەیەکی هەردوو جۆرەکەی پێشووە؛ وەرگێڕان چیتر ئەڵتەرناتیڤی دەقی سەرەکی نییە، بەڵکو پێگەی تایبەتیی خۆی هەیە و دەبێتە هۆی گواستنەوەی دەقی سەرەکی بۆ سەر زمانێکی تر. لە ئەنجامدا تێکەڵاوبوونێک لە نێوان دوو زمانەکەدا دێتە ئاراوە. **شاتۆ بریان**یش ئەم شێوازەی پەیڕەو کردووە و ڕستەی کتێبی یەکەمی، 727-730

«Many a row/of starry lamps[…] yielded light/as from asky»

---

1 - Divan occidental-oriental

2- wieland

بەم جۆرە وەرگێڕاوە:

«Plusieurs rangs de lampes etoilees…eminent lumiere comme un firmament»

ئەو زۆر باش ئەوەی دەزانی کە گەردوون لە ڕووناکییەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو ڕووناکی لە گەردوونەوە سەرچاوە دەگرێت؛ بەلام ئەم جۆرە وەرگێڕانە چ بەلایەک بەسەر میتافۆڕدا دەهێنێت؟ لێرەدا خوێنەر، لانیکەم، دزە دەکاتە ناو بلیمەتیی زمانی ئینگلیزییەوە. بە ڕای **گۆتە**، وەرگێڕان دەتوانێت (یەکسان) بێت لەگەڵ ئەسڵدا. بە ڕای **گۆتە**، سێیەمین جۆری وەرگێڕان، باشترین جۆرێتی، بەلام بەرەو ڕووی بەرەنگاریی خوێنەران دەبێتەوە، چونکە ئەوان تووشی ڕستەگەلی بیانی دەبن؛ وەرگێڕانەکانی **جان هاینریش** لەسەر *ئۆدیسە* (1781) و *ئیلیاد*(1793)، بەر لەوەی بە وەرگێڕانی باش لە قەڵەم بدرێن، بەرەو ڕووی هەندێک پەرچەکردار بوونەوە. سەبارەت بە وەرگێڕانەکانی **هۆڵدرلین**[1]، کە ئێجگار زۆر وشەبەوشەن، دەبێت تا سەدەی بیستەم چاوەڕێمان بکردایە تا بەهای ڕاستەقینەیان دەربکەوێت. لە *ئەڵمانیا*ش، هاوشێوەی *ڕۆما* و سەردەمی ڕێنسانس، وەرگێڕانی وشەبەوشە بە ڕێگەیەک بۆ دەوڵەمەندکردنی زمان، ئەدەبیات و کولتوور دەهاتە ئەژمار. بەم جۆرە زمان لە ڕێگەی تێکەلاوبوون بە زمانی بیانییەوە دەوڵەمەند دەبێت. **ڕۆبەرت لارۆس**[2] بەم دەرئەنجامە دەگات، دەبێت سەدەی بیستەم پشکی ئەو شتەی کە **مۆنین**[3] بە شووشەی ڕەنگی (وەرگێڕانی وشەبەوشە) و شووشەی سپی (شەفاف-وەرگێڕانی ئازاد) ناودێری دەکات، دەستنیشان بکات.

---

[1]- Holderlin
[2]- Robert Larose
[3]- Mounin

**وۆڵتـەر**[١] دەڵێت: "نـاوەوە دەکوژێـت، بـەڵام دەرەوە زینـدوو دەکاتەوە". سەدەی بیستەم سەدەی سەرکەوتنی زەین بەسـەر وەرگێڕانـی وشەبەوشـەیە، کـە لە ڕابـردوودا بـاو بـووە؛ بـەڵام ئـەمـڕۆ دۆخـەکـە چۆنـە؟ دەبێت ئـەم بابـەتـە بگۆڕێت، چونکـە دەبێـت سـەرەتـا ئـەوە بڵێـین: لـە سـەدەی بیـستەم، تـەنانـەت ئـەمڕۆشـدا، زۆر کـەس لایـەنگـری وەرگێڕانـی وشەبەوشـە، لایـەنگـری قوتابخانـەی ڕۆمـانتیکی ئـەڵمـانی بـوون و ئێـستاش هـەن، لـەوانـە **ئـانتوان بێرمـەن**، **هـانری مێـشۆنیک** و **ژاکلـین ڕیسێ**[٢]. هۆکاری دیکەش ئـەوەیە کە ئـەو وەرگێڕگـەلـەی (کە زۆر جار تیۆرسیەنیشن) لەوانە **ئێزرا پاوند**[٣]، **ئۆکتـاڤیۆ پـاز**[٤]، **هارۆڵـدۆ دی کـامپۆس**[٥]، یـان **ئێفـیم ئێتکینـد**[٦] وەرگێـڕان بـە جۆرێک، لە سەرلـەنوێ دارشـتنەوەی ئـەدەبی لە قەڵەم دەدەن. بەم پێیە وەرگێڕان لەم پۆلێنکردنەدا وەک لاسـاییکردنەوە وایـە، ڕێک بەو واتایەی کە **درایدن** مەبەستی بوو.

ئەگەر مەسەلەکە سـەرکـەوتن بێت، دیارە (خۆیی) بەسـەر (بیـانی)دا[٧] سـەردەکـەوێت و دەبێـت هۆشـیارییش بـین، چونکـە وەرگێڕان تەنیا 2% - 4%ی بەرهەمە بڵاوکراوەکانی *ئەمریکا*، 8%- 12% لە *بەریتانیـا*، نزیکـەی 14% لــە *فــەڕەنــسا* و *ئـەڵمانیا*، هەروەهـا 25% لـە *ئیتاڵیا*لـەخۆ دەگرێت. لـە کۆتـایی دووەم جـەنگـی جیهانییـەوە، زیـاتر لــە زمانــەکـانی تــرەوە

[1]- Voltaire
[2]- Ezra Pound
[3]- Jaqueline Risset
[4]- Octavio Paz
[5]- Haroldo de Campos
[6]- Efim Etkind

[7]– دیارە مەبەست لە خۆیی و بیانی، هەمان زمانی یەک و زمانی دوو، یان زمانی سەرچاوە و زمانی مەبەستە. و. ک.

وەرگێڕان کراوە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی، ئەم ناهاوسەنگییە جێی تێڕامانە... ئەمڕۆ دۆخەکە خراپتریش بووە، چونکە وەرگێڕان لە ناوچە ئینگلیززمانەکاندا، لەبەر ئەوەی خوێنەران وا هەست بکەن ئەو دەقەی دەیخوێننەوە بە زمانی خۆیان نووسراوە، هەندێک یاسا و ڕێسای تایبەت، لەوانە: پوخت و پاراویی و وردەکارییەکانی زمان ڕەچاو دەکات. ئەم (شەفافیەت)ە دەبێتە هۆی یەکڕەنگبوونی ئەتنیکەکان و بە زیانی کولتوورەکانی تر دەشکێتەوە.

لە سەردەمی بەجیهانیبووندا، بابەتی وەرگێڕان گرنگییەکی ئێجگار زۆری بە خۆوە بینیوە. بە پێچەوانەی ئەوەی باس کرا، ئەم سەرکەوتنە شادمانی بە دوای خۆیدا هێناوە، چونکە یەکەم تیۆرە ڕاستەقینەکانی وەرگێڕان لە سەدەی بیستەمدا دەرکەوتن و کاریگەرییشیان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا دەردەکەوێت. کەواتە بۆ تێگەیشتن لە وەرگێڕان و کارتێکەرییەکانی، ئامادەیی زیاترمان هەیە.

# وەرزی سێیەم
# تیۆرەکانی وەرگێڕان

لــە ســەردەمــی هاوچــەرخــدا وەرگێــڕان خــاوەنــی تیــۆری خۆیــەتــی، ڕێـک وەک ئــەدەبیــات و زمانناســی، کــە تیۆرگــەلــی جۆراوجۆریــان هــەیــە. لەجیــاتی ئــەوەی یەکــبەیەک تاوتوێیــان بکەین، خوێندنەوەیەکی بابەتییانەیان لەسەر دەکەین.

## 1. وەرگێڕانی سەرچاوەگەرا و مەبەستگەرا

کاتێک لاپەڕەکانی کتێبێکی وەرگێڕدراو هەڵدەدەینـەوە، زۆر جار نووسراوە: "وەرگێڕان لە زمانی ئیتاڵییەوە لە لایەن..."، یان "وەرگێــڕان لــە زمــانی هــەنگارییــەوە..." لە ڕاســتیدا وەرگێــڕان هەمیشە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە دەکرێت (هەندێک جار کتێبێک، لە چەندین سەردەمی جیاوازدا وەردەگێڕدرێتەوە؛ بۆ نموونە گۆرانییەکانی **ڕۆلاند** بۆ کەسێک کە لە زمانی فەڕەنسی تێناگات، دەبێت وەربیگێڕێتەوە سەر زمانی فەڕەنسی مۆدێرن). بەم جــۆرە، لــە ســەدەی بیــستەمــدا دەســتەواژەکــانی زمــانی سەرچاوە و زمانی مەبەست دەرکەوتن.

لە کتێبەکانی پەیوەندیدار بە توێژینەوەکانی وەرگێڕان، هەندێک جار گەلاڵەگەلی ئێجگار ئاڵۆز هەن، کە هەمووشیان لە ڕاستیدا لە فۆڕمولێکی بنەڕەتییەوە سەرچاوە دەگرن:

زمانی سەرچاوە← زمانی مەبەست

ئەم هێمایە(←) هێمای گواستنەوەی زمانە لە وەرگێڕاندا، واتای خودی وشەی وەرگێڕان ئەوە دەسەلمێنێت: (وەرگێڕان=گواستنەوە، 'گواستنەوە بۆ شوێنێکی تر').

سەرەڕای ئەمە، بەریەککەوتنی ناوەوە و دەرەوە لەناو نەچووە، بەڵکو ئەوەی زۆرترین گرنگیی پێ دەدرێت، بابەتی زمانە. لە لایەکەوە (سەرچاوەگەراکان) و لە لایەکی ترەوە (مەبەستگەراکان)ن. کەسانێک گرنگیی بە دەق دەدەن و کەسانێکیش گرنگیی بە دەقی مەبەست (یان کولتووری سەرچاوە و کولتووری مەبەست) دەدەن. دواجار ئامانجی مەبەستگەراکان شەفافیەتی تەواوەتییە:

"I see translation as the attempt to produce a text so transport that it dose notseen to be translated (**نۆرمەن شاپیرۆ**)"

سەرپێچیکردن لە پێکهاتەی زمانی سەرچاوە بە نەزانکاری و هەندێک جار بە نەبوونی شارەزایی و توانایی لە زمانی مەبەستدا دێتە ئەژمار. مامۆستا دەبێت هێدی هێدی ئەوە فێری قوتابیانی بکات، کە ڕێگە لە دزەکردنی زمانی زگماکیی بۆ ناو زمانی بیانی و تێکەڵبوونیان بگرن. لێرەدا دیسانەوە بەرەو ڕووی ئەو پرسە دەبینەوە کە **درایدن** دەیخاتە ڕوو: وردەکاری و جوانکاریی لە وەرگێڕاندا بەندە بە (بەکارهێنانی دروست)ەوە، بەو واتایەی کە **ڤەژێلا** مەبەستی بووە. بۆ

کەسێکی ناپڕۆفیشناڵ ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە؛ ئایا ڕێگەیەکی تریش هەیە؟

ناتوانرێت بگوترێت **شاتۆبریان،** یان **گۆتە** کە وەرگێڕانیان بە شێوازێکی تر پێشنیار دەکرد، دەسەڵاتی تەواوەتییان بەسەر زماندا نەبووە. هەر بۆیە، هەرچەندە جیاوازیی سەرچاوەگەرا و مەبەستگەرا ڕێخۆشکەرە، بەڵام بەس نییە. جیا لەوەش هیچ پێویست ناکات بڵێین؛ تەنیا یەک شێوازی وەرگێڕانی ڕاستەقینە بوونی هەیە.

**فرێدریش شلایرماخر** ساڵی 1813لە وتارێکدا بە ناوی *شێوازە جۆراوجۆرەکانی وەرگێڕان* باس لە دوو جۆر وەرگێڕان دەکات: وەرگێڕ، یان نووسەر، بە سەربەستیی دەهێڵێتەوە و وا دەکات خوێنەر بەرەو لای بڕوات، یان خوێنەر بە سەربەستیی دەهێڵێتەوە و وا دەکات نووسەر بەرەو خوێنەر بڕوات. بەگوێرەی ناوەڕۆکی دەقێک، کە دەبێت وەربگێڕدرێتەوە، وەرگێڕان سەرچاوەگەرا دەبێت، یان مەبەستگەرا. زیاتر پرسی (دینامیزم/بزۆزێتی) گرنگە، چونکە وەرگێڕان کردەیەکی دینامیکە و سروشتی ڕاوەستاو و بێجموجۆڵی نییە.

**ویلهۆلم ڤان هۆمبۆلت** لە پێشەکیی کتێبی *ئاگامێمنۆن ئاشیل*دا[1] (وەرگێڕانێک کە پازدە ساڵی خایاند و ساڵی 1816 بڵاو کرایەوە)، ئەم جیاوازییە بنەڕەتییە دەخاتە ڕوو: "تا کاتێک هەست بە نامۆیی نەکرێت -بەڵام نامۆ بێت- وەرگێڕان ئامانجی باڵای خۆی پێکاوە، بەڵام کاتێک نامۆیی دەربکەوێت و ببێتە هۆی ئاڵۆزی و نامۆیی، وەرگێڕ خیانەتی کردووە و

[1]- Agamemnon d’Eschyle

وەرگێڕانەکەش ڕەسەن نییە"[1]. ئەمە بە پێچەوانەی ئەو وەرگێڕانانەیە کە لە ڕابردوودا، لە *فەڕەنسا* ئەنجام دەدران؛ بەڵام ئەم بیرکردنەوەیە لەبەر ئەوەی سنوور دادەنێت لە شێوازی وەرگێڕان، لە *فەڕەنسا* نزیک دەبێتەوە، (واتە قبووڵنەکردنی نامۆیی و نامۆ، قبووڵکردنی ئەتنیکگەرایی قوتابخانەی کلاسیکی فەڕەنسی)[2].

لەناو ڕۆمانتیکەکاندا، تەنیا **هۆڵدرلین** لەمەی تێدەپەڕێنێت و بەم جۆرە، دەکەوێتە پێش **ئێزرا پاوند**. ئەرگۆمێنتەکانی مەبەستگەراکانیش هێندە بێبنەما نین. یەکێک لە گرنگترین پرسەکانی پەیوەندیدار بەم بابەتەوە دۆزینەوەی هاوواتایە.

**یۆجین نایدا**[3] لە کتێبی *بەرەو زانستی وەرگێڕان*دا (1964)[4] باس لە دوو جۆر وەرگێڕان دەکات: هاوواتای فۆرمێک کە پێکهاتەی دەقی سەرچاوە دەگوێزێتەوە، هاوواتای دینامیک (بزۆز) کە هەوڵ دەدات هەمان کارتێکەریی دەقی سەرچاوە لە دەقی مەبەستدا بهێنێتە ئاراوە. **نایدا**، شارەزای وەرگێڕانی ئینجیل، بەرەو ڕووی گەلێک شارستانیەتی جۆراوجۆر بووەتەوە، هەر بۆیە (هاوواتایەک کە ڕۆڵ ببینێت) لەچاو جۆرەکانی تری هاوواتا باشترە، چونکە ئایا بە چ شێوەیەک دەتوانرێت نموونەی دانەوێڵەی باش و گژوگیای بێکەڵک، کە ئاماژە بە چاکە و خراپە دەکەن، فێری ئەو سوورپێستانە بکرێت کە لە بیاباندا دەژین؟ ئەوان هەموو تۆوی دانەوێڵەیەک، بەوپەڕی وردبینی و هەستیارییەوە دەچێنن و پارێزگاری لێ دەکەن. لەوێدا، تۆم

---

[1]- W.Humboldt,Sur le carctere national des langues et autres sur le langage,Paris,Le Seuil,2000,p.39
[2]- A.Berman,L’epreuve de l’etranger.p.248
[3] - Eugene Nida
[4]- Toward a Science of Translation

ناوەشێنرێت (بەڵکو دەچێنرێت). لە وەرگێڕانی وشەبەوشەدا ئەگەری چەواشەکردنی تەواوەتی لە واتادا هەیە: لە ڕوانگەی ئەواندا وەشاندنی تۆم کارێکی نابەجێیە. کەواتە بە باوەڕی **نایدا**، ناتوانرێت کەڵک لە هەمان ئەو وشانە وەربگیرێت.

(هاوواتای دینامیک) چەمکێکی تایبەت بە **نایدایە** و لە هەناوی تیۆرەکەی ئەودا دەتوانین لێی تێبگەین؛ بەڵام (هاوواتای کاریگەر) چەمکێکی بنەڕەتییە، کە لە پۆلێنبەندی سەرچاوەگەرا و مەبەستگەرای تێدەپەڕێنێت: ئەم هاوواتایە، بە هۆی دەرئەنجامە زمانییەکانەوە دەبێت بکەوێتە چوارچێوەیەکی گەورەترەوە.

## 2. زمانناسی و وەرگێڕان

پشکی زمانناسی لە تیۆری وەرگێڕاندا ئێجگار زۆرە. وەک چۆن ئەم پشکە لە قەڵەمڕەوی توێژینەوە ئەدەبییەکاندا بەرچاوە؛(لەوانە کارتێکەریی **یەڵمزلێڤ**[1] لەسەر **ڕۆلان بارت**)، یان زانستە کۆمەڵایەتییەکان، ئەتنیکناسی (لەوانە **لێڤی شتراوس**)، یان دەروونشیکاری (**لاکان**، لە کتێبی *نەستکە وەک زمان فۆڕمووڵە دەبێتدا*). **ڕۆمەن یاکۆبسن** ئاماژە بە گرنگیی وەرگێڕان لە زمانناسیدا دەکات: "دۆزینەوەی هاوواتا بۆ جیاوازییەکان کێشەی هەرە گەورەی زمان و بابەتی سەرەکیی زمانناسییە"[2].

دەسەڵاتی زمانناسی بۆ هەندێک کەس شتێکی دیار و ئاساییە، چونکە وەرگێڕان بووەتە بەشێک لە زمانناسی قەڵەمڕەوی گشتی. کەواتە کتێبەکەی **کێتفۆرد**، *تیۆرێکی وەرگێڕان لە ڕوانگەی زمانناسییەوە*[3] ساڵی 1965 بڵاو

---

[1]- Hjelmslev
[2]- R.Jakobson,Aspecte lingustiques de la traduction.p.80
[3]- A Linguistic Theory Of Translation

کرایەوە، دەبێت لەسەر بنەمای ئەم ئاراستەیە هەڵبسەنگێنرێت. ئەرگۆمێنتی **کیتفۆرد** زۆر سادەیە: وەرگێڕان بەندە بە زمانەوە و زمانناسی لە زماندا کاری خۆی دەکات. کەواتە وەرگێڕان بابەتی زمانناسییە و هەر بۆیە بە ناونیشانی وتاریکی سەرەکی، لە قەڵەمڕەوی زمانناسیی پراکتیکیدا هاتووە: " An Essay In Applied Linguistic".

لە واتای زمانناسیدا، واتای زانست شاردراوەتەوە. ناونیشانی کتێبەکەی **یۆجین نایداش** دەکەوێتە خانەی ئەم تێڕوانینەوە: *بەرەو زانستی وەرگێڕان* 1969[١]. ئەوە لە کاتێکدایە، هێشتا ئەم زانستە بوونی نەبوو، هەر بۆیە هەندێک ناونیشانی وەک کتێبەکەی **فیدۆرۆ** بە زمانی ڕووسی لە ساڵی 1958دا بڵاو کرایەوە *پێشەکییەک بۆ تیۆری وەرگێڕان*. هەر یەکەو لە نووسەران پێداگریی لەسەر تیۆرێکی تایبەتیی زمانناسی دەکەن؛ **یۆجین نایدا** کەڵک لە شێوازی زایینی-گوشتاری[٢] **نۆوام چامسکی** وەردەگرێت، **جان کیتفۆرد** سوود لە توێژینەوەکانی **فریس** و **هیلدی**[٣] وەردەگرێت؛ بەڵام وەگێڕەکان، بەتایبەت وەرگێڕەکانی دەقە ئەدەبییەکان، زۆر پێشوەخت ڕەخنەیان لە دەسەڵاتی زمانناسی بەسەر تیۆرەکاندا گرت. **ئێدمۆند کاری**، ساڵی 1958 لە کتێبی *چۆن دەبێت وەرگێڕان بکرێت؟* دەنووسێت: "وەرگێڕانی ئەدەبی،

---

[1] - Toward A Science of Translation

[2]– وشەی (زایینی) لێرەدا بە واتا باوەکەی بەکار نەهاتووە، بەڵکو نزیکە لە واتای ناتالیستی، واتە شتێک بەردەوام دەزی و پەیتا پەیتا شتی نوێی لێ دەبێتەوە. و. ک.

[3] - M.A.K Halliday

پرۆسەیەکی زمانناسانە نییە، بەڵکو کارێکی ئەدەبییە"[1]. **ڤینێ** و **داربلێنێ** لە کتێبی *شێوازناسیی بەراوردکارانەی فەرەنسی و ئینگلیزی*دا جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە زۆر جار، تەنانەت وەرگێڕە ژیر و هۆشیارەکانیش نووسیویانە: وەرگێڕان هونەرە. ئەم ڕستەیە تا ڕادەیەک ڕاستی تێدایە، بەڵام لە لایەکەوە چییەتی بابەتی بەرباس زۆر سنووردار دەکاتەوە. لە ڕاستیدا وەرگێڕان بوارێکی وردە، کە تەکنیک و کێشەگەلی تایبەت بە خۆی هەیە[2].

**ژۆرژ مونین** لە کتێبی *کێشە تیۆریکەکانی وەرگێڕان*دا ساڵی 1963 ئەم دوو ڕوانگەیە تێکەڵ بە یەکتری دەکات و دەنووسێت: "ئەگەر پێمان خۆش بێت دەتوانین بڵێین وەرگێڕان وەک پیشەی پزیشکی، هونەرە؛ بەڵام هونەرێک لەسەر بنەمای زانست ڕاوەستاوە"[3]. وەرگێڕان کردارێکی زمانیی و کارێکی ئەدەبییە. بە پشتبەستن بە زمانناسی، یەکەم نووسینەکان سەبارەت بە وێناکردنی پرۆسەی وەرگێڕان، بە هەموو وردەکارییەکانیەوە، بڵاو کرایەوە؛ بەڵام بەر لەوە، لە زۆربەی کتێبەکان و وتارەکاندا هیچ ڕوونکردنەوەیەک سەبارەت بە وەرگێڕان نەدەکرا. کاتێک **سیسرۆن** ڕای گەیاند دەبێت واتا وەربگێڕێتەوە نەک وشەکان، گوتەکەی هیچ پەرەی نەسەند.

**درایدن** ڕوونی ناکاتەوە کە چۆن لە بڕیارەکەی **هۆراس**:

«Nec verbum verbo curabis redder,fidus interpres»

دەستمان بە وەرگێڕانێکی جوان ڕادەگات:

«Nor word for word too faithfully translate»

---

[1]- E,Cary,Comment,faut-il tradure?(1958),Lille,PUL,1958,p.8

[2]- Vinay,Darbelnet,Stylistique comparée du français et l'anglaisp.23

[3]- G.Mounin,probléms théoriques de la traduction,paris Gallimard,1963,p.16-17

هیچ کام لە تیۆرەکانی وەرگێڕانی **گۆتە** و **هۆمبۆڵت** بە وردی تاوتوێی وەرگێڕان ناکەن.

لە سەدەی بیستەمدا دۆخەکە تەواو گۆڕانی بەسەردا هات و پێشکەوتنی زمانناسی، تیۆرسیەنەکانی وەرگێڕانی بە ئامڕازگەلی بەهێزی شیکاری و شرۆڤەکاری تەیار کرد. یەکەم کتێبەکانی ڕێنوێنیکردنی وەرگێڕان، کە قۆناغی ئەزموونییان تێپەڕاندبوو، بڵاو بوونەوە. یەکەم ڕێنوێنیکردنی *شێوازناسیی بەراوردکارانەی فەڕەنسی و ئەڵمانی*، نووسینی **ئالفرێد مالبالان**[1] لە ساڵی 1944دا بڵاو کرایەوە کە پشتئەستوور بە توێژینەوەکانی **شارڵ بالی** بوو، ئەویش درێژەپێدەری کارەکانی **فێردیناند دی سوسور** بوو. **ڤینێ** و **داربلێنێ**ش سوودیان لەم کتێبە وەرگرت و کتێبی *شێوازناسیی بەراوردکارانەی فەڕەنسی و ئینگلیزی*یان نووسی. ئەو شێوازەی بەکار هێنراوە شێوازێکی (ئیلقایی)یە، تیۆر بە تەنیا بەس نییە، کەواتە بنەما دەبێت ڕاستییەکان بێت.

بۆ تاوتوێکردنی گۆڕانکارییەکان، کەڵک لە وەرگێڕانەکانی وەرگێڕە پڕۆفیشناڵەکان وەردەگیرا و دەقەکانیان لەگەڵ دەقە سەرەکییەکان بەراورد دەکران. تیۆری وەرگێڕان کە سەرەتا وەسفکارانە (تەوسیفی) بوو، بوو بە ڕوونکارانە (تەشریحی) و ئامانجیشی فێرکاریی لە ئاستی زانکۆکاندا بوو.

ناتوانرێت پشکی زمانناسی لە وەرگێڕاندا نادیدە بگیرێت، جا وەرگێڕان بۆ هەر زمانێک هەبێت.

---

[1]- Alfred Malbalanc

## 3. بوتیقای وەرگێڕان

**جۆرج ستاینەر** لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا، واتە *دوای بابل*، کە ساڵی 1975 بڵاو کرایەوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە نابێت وەرگێڕان -بەتایبەت وەرگێڕانی دەقە ئەدەبییەکان- بە تەنیا ڕەهەندی زمانی بگرێتەوە. بەراوردکردنی ناونیشانی ئینگلیزی (1975) و وەرگێڕانە فەڕەنسییەکەی (1978) ئەمە بە ڕوونی دەردەخات. **لوسیەن لۆترینجەر**[1] ناونیشانی کتێبی After Babel:Aspects of language and translation» بەم جۆرە وەردەگێڕێت:

“Apres Babel: Une po□tique du dire et de la traduction”

**جۆرج ستاینەر** بەشێک لە کتێبەکەی **مارتین هایدیگەر** (1954) دەگێڕێتەوە "مرۆڤ بە هەڵە پێی وایە بەسەر زماندا زاڵە، کەچی زمان بەسەر ئەودا زاڵە" پاشان بەشێک لە کتێبی *دێرە شیعرەکانی هۆمەری*[2] **خۆرخە لویی بۆرخێس** (1957) دەهێنێتەوە:

“Ningun problema tan consustancial con las letras y con su modesto misterio como el que propone una traducccion”

لە سێیەمین بەشدا بەم جۆرە دەگێڕێتەوە: "کەواتە تیۆری وەرگێڕانی زمانناسی، شتێکی پراکتیکی نییە، بەڵکو قەڵەمڕەوێکی نوێیە لە تیۆر و بەکارهێنانی ئەدەبیاتدا. گرنگییشی لەبەر ئەو ڕۆڵەیە، کە لە تیۆری هاوچەشنێتیی نێوان دال و مەدلولدا دەیبینێت، کە تایبەت بە نووسینە و بە

---

[1]- Lucienne Lotringer

[2]- Las Versions Homericas

چالاکییەکی کۆمەڵایەتی دێتە ئەژمار". ئەم ڕستانە لە کتێبی گرنگیی *سەبارەت بە بوتیقای 2*، نووسینی **هانری میشۆنیک** (1973)دا هێنراونەتەوە و بەم جۆرە بوتیقای وەرگێڕان دەخاتە ڕوو.

گێڕانەوەی یەکەم، دەگەڕێتەوە بۆ بیرکردنەوەکانی ڕۆمانتیکە ئەڵمانییەکان، بەتایبەت **هۆمبۆڵت**. بە ڕای **هایدیگەر، هۆمبۆڵت** نەک تەنیا لە زمانناسیدا، بەڵکو لە فەلسەفەی زمانیشدا پێشەنگە. تێڕامان سەبارەت بە وەرگێڕان لە بەرزترین ئاستی خۆیدایە و ئەمەش بە لای هەموانەوە پەسەند نییە، چونکە کەسانێک لەو باوەڕەدان کە تیۆری وەرگێڕان بابەتێکی هێندە گرنگ نییە. گێڕانەوەی دووەم، دەپەرژێتە سەر چییەتی نووسین و وەرگێڕان کە هاوتەریبیی یەکترن و زۆر جاریش ناڕەزایی بەرانبەر دەردەبڕێت.

ڕوانگەی زاڵ؛ لەوانە ڕوانگەی **ئانتوان بێرمەن**، وەرگێڕان بە (نوقسان) دەزانێت، چونکە هەر دەقێک کە وەرگێڕابێتەوە، دیارە کەموکوڕییەکی هەیە و سەرەکییترین کەموکوڕییش، پلە دوو بوونێتی.

"ئەم تۆمەتە دێرینە، واتە ناڕەسەنی و کەمتر بوون لە ئەسڵ (زۆر بە ئاسانی کەڵک لەم بۆچوونانە وەردەگیرێت)، کارەساتە بۆ وەرگێڕان و هەروەها سەرچاوەی هەموو تاوانەکانیش بووە"[1]. **ژۆرژ مونین** یەکەم کەس بوو کە ئەم بیرکردنەوەیەی ڕێکخست: "هەموو ئەرگۆمێنتەکانی دژی وەرگێڕان باس لە ناڕەسەنێتیی وەرگێڕان دەکەن". دواجار ئەگەر پێناسەی وەرگێڕان، پەڕینەوە لە دەقی سەرەکی بەبێ هیچ گۆڕانکارییەک لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە بێت، بەم

[1] - A.Berman,Pour une critique des traductions,p.52

دەرئەنجامە دەگەین کە وەرگێڕان مەحاڵە، ئەمەش پێچەوانەی بۆچوونی **ژان ڕێنێ لادمیراڵ**ە[1] کە ئەم بەریەککەوتنە بە (کێشە و بەربەستێکی زیانبەخش) دەزانێت و بێکەڵکبوونیشی دەردەخات.

گێڕانەوەی سێیەم، بە سڕینەوەی ناڕاستەوخۆی بەریەککەوتنی دێرینی نێوان دەقی سەرەکی و وەرگێڕان، ئەوەش تێدەپەڕێنێت: "ئەگەر وەرگێڕانی دەقێک پێکهاتەیەکی هاوشێوەی دەقە سەرەکییەکەی هەبێت، ڕۆڵی ئەو دەقە دەبینێت، وەرگێڕان فۆڕمی نووسراوی خوێندنەوەی دەقێکی نووسراوە، کە کەسێک لە ساتەوەختێکدا نووسیویەتی. وەرگێڕان لەچاو دەقی سەرەکی، شەفاف نییە"[2].

هاوشێوەی **ئانتوان بێرمەن**، **هانری مێشۆنیک** تیۆری وەرگێڕانەکەی خۆی لەسەر بنەمای ڕەوتێکی فکریی دادەڕێژێت، کە لە سەردەمی **هۆمبۆڵت**ەوە دەست پێ دەکات و بە **هایدیگەر** کۆتایی دێت. دیارە لەم نێوانەدا، بۆچوونەکانی **والتەر بنیامین**یشی[3] لە بەرچاوە، لەوانە پێشەکی نووسراو بۆ وەرگێڕانی *تابلۆ پاریسییەکان*، نووسینی **شارڵ بودلێر**[4] بە ناوی *ئەرکی وەرگێڕ* (Die Aufgabe desUbersetzers).

**مێشۆنیک** بەبێ هیچ دڵڕاگرتنێک، تیۆرەکەی **یۆجین نایدا** - پسپۆڕی وەرگێڕانی ئینجیل- ڕەت دەکاتەوە، "ئەوەی وەرگێڕان لە زمانی مەبەستدا بیبایەخ دەکات (هاوواتای دینامیک/بزۆز)ە کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕستەی:

---

1- Jean René Ladmiral
2- H.Meschonnic,Pour la poétique II,p.307
3- Walter Benjamin
4- Charles Baudelaire

“Do not let your left hand know your right is doing”

بخرێته جێی:

“Do it in such a way that even your closest friend will know about it”

لێرەدا دەق دەگۆڕێت بۆ ڕستە، واتایەکی دیاریکراو جێی چەند واتایەک دەگرێتەوە؛ لەوانەیە چەندین واتا لە یەک واتادا دەرببڕێت"[1].

ئەمە ڕێک لەوە دەچێت کە بەرهەمەکانی **شکسپیر** وەربگێڕینەوە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی ئەمڕۆ. هەرچەندە ڕستەکە هەیە، بەڵام ئەم ڕستەیە چیتر نووسینی **شکسپیر** نییە. وەرگێڕان جۆرێکە لە نووسین. وەرگێڕانی لاتینی ئینجیل، یان وەرگێڕانی پاشا **جەیمز**[2] وەک بەرهەمی سەربەخۆ وان. **هانری میشۆنیک** دەستەواژەگەلی سەرچاوەگەرا و مەبەستگەرا بۆ نەهێشتنی بەکار دەهێنێت. بە ڕای ئەو، ئەم بەریەککەوتنە شتێکی بێمانایە "وەرگێڕان گواستنەوەی دەقی سەرچاوە بۆ ئەدەبیاتی زمانی مەبەست، یان گواستنەوەی زمانی مەبەست بۆ زمانی سەرچاوە نییە، (جووڵەیەکی دوالیتەیە، کە پشت بە دوالیزمی واتا و فۆڕمەوە دەبەستێت و ئەمەش خەسڵەتی زۆربەی وەرگێڕانەکانە) بەڵکو کردارێکی ناتۆکمەیە لە هەناوی زماندا"[3].

ئەم تیۆرە لە ڕوانگەی **گۆتە**وە نزیکە. وەرگێڕانی تەواو سەرچاوەگەرا، یان وشەبەوشە، دواجار لەبەرگرتنەوەی لێدەکەوێتەوە. لەبەرگرتنەوەی فۆڕمێک دەبێتە هۆی تێکەوتنی

[1]- H.Meschonnic,p.336
[2]- James
[3]- H.Meschonnic,p.313-314

درز له نێوان زمان و ئەندێشەی شیعرئاسا (هارمۆنیک)ی وشەکاندا. وەرگێڕانی مەبەستگەرا، بەرهەمەکە بە زمانەوە گرێ دەدات، وەک بڵێیت ڕێک بەو زمانە نووسراوە کە بۆی وەرگێڕاوەتەوە و حاڵەتێکی سروشتی و شەفافی هەیە، کە ئەمە تایبەتمەندیی وەرگێڕانە باڵاکانە. بە دەربڕینێکی تر، بەگوێرەی پێناسەکەی **درایدن**، ئەو وەرگێڕانانەی کە خاوەنی سروشتی هاوسەنگیی (ئیعتدال)ن، پەیوەندیی نێوان دوو (زمان/کولتوور) کە بەر یەکتریی دەکەون، دەسڕنەوە. ئەم تێڕوانینە لە ڕووی فکرییەوە زۆر سەرنجڕاکێشە، بەڵام تەنیا دەتوانێت لە ئاستی تیۆردا بمێنێتەوە. بۆ نموونە، وەرگێڕانە جۆراوجۆرەکانی **دۆستۆیڤسکی** لە *فەڕەنسا* ئەم پرسەمان بۆ دەردەخات.

وەرگێڕێکی وەک **مارک شاپیرۆ**، لە ساڵی 1968دا ڕوانگەی مەبەستگەرا هەڵدەبژێرێت. قورسبوونی ستایلی **دۆستۆیڤسکی**، وەرگێڕ بەرەو ڕووی پرسێکی تا ڕادەیەک بێچارەسەر دەکاتەوە. پێدەچێت دەربڕینی سەرلەنوێی ڕستەگەلی ئاڵۆز، کە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە زۆر دەوڵەمەندن، مەحاڵ بێت. کاتێک ڕستە درێژ و قورس و پڕ لە دووپاتبوونەوە بێت [...]، یان هەماهەنگییان نییە، دەبێت چی بکرێت؟ بۆ ئەوەی بابەتەکە ڕوونتر و ئاشکراتر بێت و جوانکارییشی هەبێت، یەکەم ڕێگەچارە، سڕینەوەیانە. ڕێگەی دیکە، پاراستنیانە. شێوازێک کە **ناباکۆڤ**[1] بۆ وەرگێڕانی *قارەمانێکی سەردەمی ئێمە*[2] نووسینی **لێرمۆنتۆڤ**[3]، بۆ زمانی

---

[1]- Nabakov
[2]- Un héros de notre temps
[3] - Lermontov

ئینگلیزی بەکاری هێنا: "بە پلەی یەکەم و جارێک بۆ هەمیشە خۆمان لەو کۆتوبەندە ڕزگار بکەین، وەرگێڕان دەبێت بە ئاسانی بخوێنرێتەوە، یان لە کاتی خوێندنەوەدا وا هەست نەکەین خەریکین وەرگێڕان دەخوێنینەوە. [...] خوێنەری ئینگلیزی دەبێت بزانێت پەخشانی **لێرمۆنتۆڤ** هیچ جوانکاریی تێدا نییە [...]: بەراوردکردنەکان و چواندنەکان ئێجگار سواو و ڕزیون، سیفەتەکان کلێشەیین و تەنیا بەکارهێنانی نابەجێیە، کە وا دەکات هەندێک جار ڕێپێدراو بن. لەو شوێنانەدا کە کەڵک لە وەسفکردن وەردەگیرێت، دووپاتبوونەوە دەبێتە هۆی وەڕزبوونی لایەنگرانی زمانی بێگەرد و بێ کەموکوڕی. وەرگێڕ دەبێت هەموو ئەمانە وەک خۆیان وەربگێڕێتەوە، هەرچەندە وەرگێڕ، جاروبار بیر لە نەهێشتنی کەموکوڕییەکان و سڕینەوەی دووپاتبوونەوەکان دەکاتەوە"[1]. سەبارەت بە دۆستۆیڤسکی، (دووپاتبوونەوە) بە بەشێک لە ستایلی نووسینی ئەو دێتە ئەژمار و جیاوازیی لەگەڵ شێوازە باڵاکانی نووسینی ئەو سەردەمەدا هەیە.

هەر لەبەر ئەم هۆکارانە بوو کە **ئاندرێ مارکۆویز**[2] بەرهەمەکانی **دۆستۆیڤسکی** سەرلەنوێ وەرگێڕایەوە بۆ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بابل[3].

ئەو بەریەککەوتنە دێرینەی کە ناوەوە و دەرەوە، فۆڕم و ناوەڕۆک، شێواز و واتا، ئەسڵ و وەرگێڕان، نووسەر و وەرگێڕ و... بەرەو ڕووی یەکتریی دەکاتەوە، لە ڕاستیدا

---

1- V.Nabakov,Translator's Foreword,M.Lermontov,A hero of our time,Londres,Everyman,1992,p.7
2- André Markowicz
3- Babel

دەگەڕێتەوە بۆ ڕوانگەیەکی دوو جەمسەری. فۆڕم ناخرێتە سەر واتا: ئەم دوانە بە هیچ کلۆجێک لێک جیا ناکرێنەوە.

**جۆرج ستاینەر** و **مێشۆنیک**، **ئێزرا پاوند** بە پێشەنگێک لە قەڵەم دەدەن، کە هێشتا باش نەناسراوە. لە ڕاستیدا هەندێک تیۆری دیکە -بەتایبەت لە بواری وەرگێڕانی شیعردا- هەن، دەچنە خانەی وەرگێڕانی (لاساییکردنەوە) و **درایدن** ڕەتیان دەکاتەوە، لەوانە **ئۆکتاڤیۆ پاز**، یان **ئێفیم ئێتکیند**.

ئەوان لەو باوەڕەدان "وەرگێڕان/داڕشتنەوەی سەرلەنوێ" باشترین شێوازی وەرگێڕانە، چونکە لە هەمان کاتدا کە پێکهاتەکانی دەقی سەرچاوە دەپارێزێت، دەست دەداتە داڕشتنەوەیەکی سەرلەنوێ. لەم حاڵەتەدا دەکەونە خانەیەکەوە کە وەرگێڕان بە (گواستنەوەی شیعرئاسا) لە قەڵەم دەدەن، بابەتێک کە **واڵتەر بنیامین** لە (**ئەرکی وەرگێڕ**)دا باسی دەکات.

ئایا دەتوانرێت بگوترێت "زمانناسی و تیۆری وەرگێڕان لەگەڵ یەکترییدا نایەنەوە، چونکە یەکێکیان دوو جەمسەرییە و ئەوی تریان وا نییە؟"، یان بە پێچەوانەوە ئایا دەتوانرێت بگوترێت "ئەم دوانە تەواوکەری یەکدین؟"

هەروەها **ڕۆمەن یاکۆبسن**، بە گرتنەبەری ڕوانگەی زمانناسانە، وشەگەلی هاوشێوە بەکاردەهێنێت، سەبارەت بە وەرگێڕانی شیعر: "تەنیا گواستنەوەی داهێنەرانە لە توانادایە".

## 4. ڕەخنە لەسەر وەرگێڕان

**لاورێـنس ڤێنـوتی**[١] لـە کتێبـی *نادیـاربوونی وەرگێـڕ*[٢]دا دەنووسێت: "زۆربەی وەرگێڕانە بڵاوکراوەکان لە *ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا* و *بەریتانیای* مەزندا، مەبەستگەرا و ئەتنیکگەران؛ (لەوانە زمانی ناباکۆڤ) لە لایەکیشەوە ئارەزوویەکی ئێجگار زۆر بۆ توێژینەوەی پرسەکانی وەرگێڕان، لە کۆمەڵگە ئینگلیزیزمانەکاندا بەدی دەکرێت. **سوزان باسنێت**[٣] و **ئاندرێ لفیڤەر**[٤] دەڵێن لە ساڵی 1980دا ئەم ئارەزووە گەیشتە ڕادەیەک، وەرگێڕان بوو بە لقێکی سەربەخۆ لە زانکۆکاندا. بۆ سەلماندنی ئەمەش هەر ئەوەندە بەسە لە ئینتەرنێتدا بنووسین "توێژینەوەکانی وەرگێڕان" تا 24200 بابەت لەم بارەیەوە بکەوێتە بەرچاومان. **برایان هەریس**ی[٥] کەنەدی، (زاراوەی وەرگێڕانناسی) لە ساڵی 1972دا بەکار هێنا و لە ئینتەرنێتدا 2260 بابەت لەم بارەیەوە هەیە. یەکەم بابەت لە لایەن (ڕێکخراوی وەرگێڕانناسیی *کەنەدا*) لە زانکۆی *ئۆتاوا*[٦] خراوەتە ڕوو. *کەنەدا* وڵاتێکی جووتزمانییە و لە وەرگێڕاندا، هەم لە ڕووی تیۆریک و هەم لە ڕووی پراکتیکەوە، خاوەنی ئەزموونێکی دەوڵەمەندە (**ڤینێ** و **داربلێنێ** کەنەدی بوون). بابەتەکانی تر سەبارەت بە وڵاتی *فەرەنسا* و وڵاتانی تری فەرەنسیزمانن. هەروەها ئەگەر لە ئینتەرنێتدا بە دوای ئەم وشانەدا بگەڕێین:

---

1- Lawrence Venuti
2 -The Translator Invisibility
3- Susan Bassnett
4- André Lefevere
5- Brian Harris
6- Ottawa

traductologia,traduttologia,traduzione,Teoria della,Ubersetzungswissenchaft

دەبینین ئەم بوارە پانتاییەکی ئێجگار بەرینی توێژینەوەی داگیرکردووە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش بەرفراوانتر دەبێت. دیارە ئەم بەرفراوانبوونە *فەرەنساش* دەگرێتەوە.

خستنەڕووی تیۆری وەرگێڕان، بەبێ لە بەرچاوگرتنی وەرگێڕانە جۆراوجۆرەکان مەحاڵە، یان تیۆرسازییەکی بێبنەمایە. بابەتی وەرگێڕان ئێجگار بەرفراوانە. کتێبی Weltliteratur نووسینی **گۆتە**، لە سەردەمی خۆیدا تەنیا بۆ سەر چەند زمانێک وەرگێڕدرا، بەڵام ئەمڕۆ دۆخەکە گۆڕاوە. تەنانەت لە سەدەی نۆزدەدا، وەرگێڕان پشکێکی ئێجگار زۆری هەبوو. کە وایە، چۆن دەتوانرێت ئەم کۆمەڵە بەرفراوانە ڕێک بخرێت؟

بە یارمەتی چەمکەکانی تیۆرسیەنگەلی وەک **ئانتوان بێرمەن**، کە ڕەخنەی وەرگێڕانی لە کتێبی *ڕەخنەیەک بۆ وەرگێڕان*دا[1] خستووەتە ڕوو، دەتوانین ئەم پرسە تاوتوێ بکەین. وەرگێڕان نابێت بە تەنیا ڕەخنەی نەرێنی لێ بگیرێت (ئەم ڕەخنانە زۆر جار بە شێوەی traduttore/traditore کورت دەکرێنەوە، یان پێداگریی لەسەر بابەتگەلێک دەکەن، کە لەناو دەقی سەرەکییدا هەن، بەڵام لە وەرگێڕاندا لەناو چوون)، بەڵکو ڕەخنە دەبێت بنیاتنەریش بێت. ئایا ئامانجی وەرگێڕان تەنیا هەڵگەڕاندنەوەی دەقی سەرەکییە، یان ئەوەی کە بگۆڕێت بۆ نوسخەی دووەمی دەقی سەرەکی؟ (لەم حاڵەتەدا وەرگێڕان دەستی دووەمبوونی خۆی دەسەلمێنێت)، یان ئامانجی وەرگێڕان ئەوەیە کە ببێت بە بەرهەمێک، ئەویش بەرهەمێکی

[1]- Pour une critique des traductions

عـەیارتـەواو. بـە پێچـەوانـەی ئـەوەی بیـری لـێ دەکرایـەوە، ئامانجێک کە باس کرا، واتە دەست ڕاگەیشتن بە سەربەخۆیی و مانـەوە بـە درێژایـی زەمـەن، ناتـەباییـەکـی ئـەوتـۆی لـەگـەڵ ئامانجـەکـانی یـەکـەمـدا نییـە، بـەڵکـو تۆختریـان دەکاتـەوە. بـەگـوێرەی بۆچـوونی **بـۆرخێس** کـە لـە کتێبـی *شـیعرەکـانی هۆمەردا*[1] هاتووە؛ وەرگێڕانەکان، گێڕانەوەیەکی تـەواوەتـی ئـەو دەقە سەرەکییانەن، کە لێیانەوە سەرچاوەیان گرتووە و دەقی سـەرەکـی تەنیـا یـەکێکـە لـەم گێڕانـەوانـە، دیـارە گێڕانـەوەی سـەرەکی لـەنـاو گێڕانـەوەکانی دیکـە. **مێشۆنیک** دەستەواژەی (وەرگێڕان-دەق) بـەکار دەهێنێت و دەڵێت: "لـەبـەر ئـەوەی کـە دەقەکان ڕەخنەیان لێ دەگیرێت، دەبێت ڕەخنـەی وەرگێڕانیش هەبێت، چونکە ئەو دوانە پێکەوە پەیوەندییان هەیە".

وەرگێڕان بـەبێ ئامـادەکاری دەرناکـەوێت. وای دادەنێین وەرگێڕێکی شێلگیر، سێ ڕەهـەند لە بەرچاو دەگرێت (پێگـەی وەرگێـڕان)، واتـە شـێوازێک کـە ئـەو کـرداری وەرگێڕانـی تێدا دەبینێتەوە؛ (گەلاڵە-وەرگێڕان)، واتە شێوازێک کە بۆ وەرگێڕان بەکاری دەهێنێت؛ دواجاریش (ئاسۆی وەرگێڕان)، ئەم ڕستـەیـە لە هێرمنۆتیکی مۆدێرن بە قـەرز وەرگیـراوە، هێرمنۆتیکێک کـە **هوسێر**[2]، **هایدیگەر**، **گادامێر**[3] و **پۆل ڕیکۆر**[4] کاری تێدا دەکەن، لـە هێرمنـۆتیکی ئـەدەبییـشدا،. چـاوی لـە **هـانس ڕۆبـەرت جوسە**[5](سەرەتا دەتوانرێت 'ئاسۆ' بە کۆمەڵێک 'بگۆڕ'ی زمانی، ئەدەبی، کولتووری و مێژوویی لە قەڵەم بدرێت، کە کردەوەکان

---

[1]- Las Versiones Homericas
[2] - Husser
[3] - H.G.Gadamer
[4] - Paul Ricoeur
[5] - Hans Robert Jauss

و بیرکردنەوەکانی وەرگێڕ دەخەنە ژێر کارتێکەریی خۆیانەوە". شرۆڤە و شیکاریی وەرگێڕان کاتێک تەواوە، کە ئەم سێ ئاستە لە بەرچاو بگیرێن. پیشەکی، مێژووی ڕەوت، وتارەکان، چاوپێکەوتنەکان و داتا سەروو دەقییەکان ڕۆڵێکی ئێجگار گرنگیان لە شرۆڤەکردنی وەرگێڕاندا هەیە. ئامادەبوونی وەرگێڕ، بەگوێرەی پێگەیەک کە هەڵی دەبژێرێت، کەم تا زۆر کاڵ دەبێتەوە (**سێنت جێرۆم** وەرگێڕی ئینجیل، خاوەنی هەڵوێستێکی جیاوازە لەوەی **هودار دی لامۆت** وەرگێڕی هۆمەر). هەڵوێستی وەرگێڕ ئاراستە، یان (گەلاڵەی وەرگێڕان) دەستنیشان دەکات. (هەندێک جار بە ئەمانەتەوە کار دەکرێت و هەندێک جاریش نا) هەڵوێستی وەرگێڕان و گەلاڵەی وەرگێڕان پەیوەندییان بە (ئاسۆی وەرگێڕ)ەوە هەیە. شێوازی وەرگێڕان لە سەدەی نۆزدەدا جیاوازە لەگەڵ سەردەمی ڕێنسانس. دەکرێت لە سەردەمێکدا چەندین شێوازی وەرگێڕان هەبن[١]. ئاسۆی وەرگێڕان هەمیشە وەک یەک نییە.

ئەم جۆرە تیۆرانە، تەنیا شارستانیەتەکانی ڕۆژئاوا، یان شارستانیەتەکانی جوولەکە -مەسیحی ناگرێتەوە- بۆ نموونە دەتوانرێت ئاماژە بە وڵاتی چین بکرێت. ساڵی 1995 وەرگێڕانی کتێبی *سوور و ڕەش*ی **ستانداڵ** بۆ زمانی چینی جێی مشتومڕ بوو (زیاتر لە پازدە وەرگێڕان لە ماوەی چەند ساڵ).

**یوئان خیایی**[٢] (لە زانکۆی *نانجینگ*) لە وتاری *پرسی سەدە: وەفاداری، یان سەرلەنوێ داڕشتنەوە؟*دا ئەم بابەتە تاوتوێ

---

[1] بگەڕێنەوە بۆ وەرزی پێشوو

[2]- Yuan Xiayi

دەکات. لە یەکێک لە وتارەکانی **میتادا**[1] (بڵاڤۆکی زانکۆی مۆنترال)، بە ناوی *تێرامان سەبارەت بە پرسە بنەڕەتییەکانی وەرگێڕان*، **خوو جوون**[2] دەڵێت: "لە چیندا، وەرگێڕان هەمان ڕێڕەوی زەمەنی پەیڕەو ناکات کە لە زمانی فەڕەنسیدا هەیە، بەڵام لەویشدا وەک *فەڕەنسا* بە درێژایی مێژوو ڕەوتگەلی وەرگێڕانی ئازاد و وەرگێڕانی وشەبەوشەمان هەبووە. بە گوتەی **خوو جوون**، ئەم باسە لە (ئاستی نەتەوەیی)دا ئەو باسانەمان بە بیر دەهێنێتەوە، کە سەبارەت بە وەرگێڕانەکانی **ئاندرێ مارکۆویز** بۆ بەرهەمەکانی **دۆستۆیڤسکی** دەخرایە ڕوو. لە لایەکەوە بەرەو ڕووی وەرگێڕانگەلی (چین-تەوەر) و (باڵا) دەبینەوە و لە لایەکی ترەوە بەرەو ڕووی وەرگێڕان لە لایەن کەسانی (ناخۆجەیی) دەبینەوە، کە هەوڵ نادەن دەق لەناو زمان -کولتووری مەبەستدا خۆجەیی بکەن. **خوو جوون** دەڵێت "وەرگێڕانی سەرلەنوێ، دیاردەیەکی تایبەت بە وڵاتی چین نییە، بەڵکو دیاردەیەکی جیهانییە، هەر بۆیە تیۆری وەرگێڕان گرنگتر دەبێت."

---

[1]- Meta
[2]- Xu Jun

# وەرزی چوارەم
# پرۆسەی وەرگێڕان

ئەو جیاوازییەی کە بە دەستی **ئێدمۆند کاری** کەوتە نێوان (پرۆسەی زمانی) و (پرۆسەی ئەدەبی)یەوە پرەنسیپێکی بنەڕەتییە، بەڵام بەس نییە، چونکە ئەو دەقانە ناگرێتەوە کە **ژان دیلایل**[١] بە (پراکتیکی)یان لە قەڵەم دەدات. لەوانە: دەقی زانستی، تەکنیکی و ئابوورییەکان، دەقەکانی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان، دەقە ڕۆژنامەوانییەکان، بەڵگە فەرمییەکان، کەتالۆگی گەشتیاری، تابلۆکان و هێماگەلی چەندزمان لە فرۆکەخانەکان و هەتا دوایی. ئەم جۆرە دەقانە بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەیان سەندووە و لەگەڵ بەجیهانیبوونیشدا، بەردەوام پەرە دەسێنن. باسکردنی ئەمە، بەرهەمەکانی **شکسپیر** هاوشێوەی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، یان دەقە نائەدەبییەکانی دیکە، وەرناگێڕدرێنەوە. شتێکی ئاساییە، بەڵام ئەم بابەتە نابێت ئاسۆ

[1]- Jean Delisle

گشتییەکە بشاریتەوە. پرۆسەی وەرگێڕان هەموو کات و ساتێک یەکسانە و تەنیا ڕۆڵەکەیەتی کە جیاوازە. هەندێک جار ئامانجەکە ئاگادارکردنەوەیە و هەندێک جاریش جوانیناسی. بەگوێرەی جۆری ئەو دەقەی کە دەبێت وەربگێڕدرێت، ڕۆڵەکان بە شێوەگەلی جۆراوجۆر تێکەڵ بە یەکتری دەبن.

### 1. وەرگێڕان و دەربڕینی سەرلەنوێ

لە کتێبی ڕەهەندە *زمانناسانەکانی وەرگێڕان*دا، یەکەم جۆری وەرگێڕان پێناسە کراوە "وەرگێڕانی ناوزمانی، یان دەربڕینی سەرلەنوێ، بریتییە لە دانانی نیشانە زمانییەکان لە جێی نیشانە زمانییەکانی هەمان زمان". ساڵی 1813 **شلایر ماخێر** لە کتێبی *شێوازە جۆراوجۆرەکانی وەرگێڕان*دا، بیرکردنەوەیەکی تا ڕادەیەک هاوشێوە دەردەبڕێت: "زۆر جار گوتەکانی کەسێک لێک دەدەینەوە، کە تەواو لە ئێمە دەچێت و تەنیا هەست و سۆز و ڕۆحییەتی لەگەڵ ئێمەدا جیاوازە. هەندێک جار وا هەست دەکەین ئەو وشانەی کە دەریان دەبڕین، واتایەکی تەواو جیاواز، یان واتایەکی لاوازتریان هەیە، یان واتایەکی تۆختریان هەیە و ئەگەر بمانەوێت ڕێک هەمان ئەو شتە بڵێین کە ئەوی تر گوتوویەتی، کەڵک لە وشە و ڕستەگەلی جیاواز وەردەگرین. پێدەچێت کاتێک بمانەوێت بە تەواوەتی ئەم هەستە دەرببڕین، بیری لێ دەکەینەوە و پاشان وەری دەگێڕینەوە"[1]. وەرگێڕان بابەتێکە لە سەنتەری زماندایە.

وەرگێڕان لە جیهانی (کۆمێنیکەیشن)دا لە هەموو سووچ و قوژبنێکدا ئامادەیە. میدیاکان ئامێرگەلی گەورەی وەرگێڕانن. بۆ نموونە هەواڵنێرێک کە لە تەلەفزیۆندا کار دەکات، هەندێک جار

[1]- F.Schleiermacher,trad,A.Berman,p.281

کەڵک لە شێوازە جۆراوجۆرەکانی وەرگێڕان وەردەگرێت؛ کاتێک گوتەکانی کەسێک دەگێڕێتەوە، کەڵک لە وەرگێڕانی نێوزمانی وەردەگرێت. کاتێک لە زمانێکی ترەوە وەرگێڕان دەکات، کەڵک لە وەرگێڕانی نێوانزمانی وەردەگرێت. کاتێک هەواڵنێر ئەو شتەی بە چاو دەیبینێت، دەیکات بە وشە و پەیڤ، کەڵک لە وەرگێڕانی نێوان نیشانەیی وەردەگرێت... دواجاریش کاتێک سەرلەنوێ کەڵک لە گوتەکانی خۆی وەردەگرێت، جۆرێکە لە دەربڕینی سەرلەنوێ.

لە وێنەیەکدا کە پەڕینەوە لە زمانی سەرچاوە بۆ زمانی مەبەست نیشان دەدات، وا باشترە لەجیاتی زمان، کەڵک لە دەقی سەرچاوە و دەقی مەبەست وەربگیرێت. بێگومان پێویست ناکات زمانی سەرچاوە و زمانی مەبەست جیاواز بن.

دەقی سەرچاوە↔دەقی مەبەست

دەربڕینی سەرچاوە↔دەربڕینی مەبەست

دەتوانرێت لەمەش تێبپەڕێنرێت. لە ڕاستیدا وەرگێڕان بە تەنیا (دەق) ناگرێتەوە، چونکە لەو حاڵەتەدا وەرگێڕانی زارەکی و ئەو وەرگێڕانانەی کە بە زەین ئەنجام دەدرێن، چیتر بە وەرگێڕان نایەنە ئەژمار. کەواتە دەتوانرێت لەجیاتی وشەی دەق، کەڵک لە(دەربڕین) وەربگیرێت.

کاتێک دەربڕینی یەکەم دەربڕینی تری لێ دەکەوێتەوە، دەربڕینی سەرلەنوێ ئەنجام دەدرێت. کردەی لەو جۆرە، تەنانەت لەناو یەک زمانیشدا بە ئاسانی ئەنجام نادرێت. با نموونەیەکی ڕوونتان بۆ باس بکەم؛ ڕستەی ژێرەوە، هەم بۆ بێژەر و هەم بۆ بکەرە ڕێزمانییەکەی، دروستە:

“Oedipe voulait épouser Jocaste”

(**ئۆدیپ** دەیویست لەگەڵ **ژۆکاست** هاوسەرگیری بکات).

ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەم ڕستەیە بۆ بیژەر دروست نییە:

“Oedipe voulait épouser sa mère”

(**ئۆدیپ** دەیویست لەگەڵ دایکیدا هاوسەرگیری بکات).

ئەم گۆڕانکارییانە ئاسایی نین و تا ماوەیەکی درێژ (تا سەدەی دوازدەیەم) بە پڕۆڤەگەلێکی فێرکاریی بەنرخ دەهاتنە ئەژمار. لە کتێبێکدا کە تایبەتە بە هونەری نووسین، **کانتیلین**[1] هەندێک پڕۆڤە پێشنیار دەکات بۆ دەربڕینی سەرلەنوێی نێوزمانی و نێوانزمانی، لەوانە: وەرگێڕانی بەرهەمەکانی نووسەرانی یۆنانی بۆ سەر زمانی لاتین، دەربڕینی سەرلەنوێی دەقەکانی نووسەران و دەربڕینی سەرلەنوێی نووسینەکانی خودی تاکەکان.

وەرگێڕانی ڕاستەقینە ناتوانێت کەڵک لە وەرگێڕانی نێوزمانی وەرنەگرێت. ئەم وەرگێڕانە لە کاتی دەربڕینی سەرچاوە و دەربڕینی مەبەستدا، کاریگەرە. دەربڕینی سەرچاوە کاتێک فامهەڵگرە، بتوانرێت لە زمانی سەرچاوەدا سەرلەنوێ دەرببڕدرێتەوە و تەنیا پاش ئەوەی کە ڕستەیەک فام کرا، دەتوانرێت بە زمانێک دەرببڕدرێت کە بڕیارە بۆی وەربگێڕدرێتەوە (زمانی سەرچاوە↔ زمانی مەبەست).

توانای پەڕینەوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە زۆر جار شتێکی پێویستە، بەڵام دەبێت تاکەکان خاوەنی توانای دەربڕینی ڕستەیەک بە شێوەگەلی جۆراوجۆر لە زمانی مەبەستدا، هەبن. بۆیە لە قەڵەمڕەوی وەرگێڕانی پڕۆفیشناڵی ئەدەبی و نائەدەبیدا، زۆر جار وەرگێڕ بۆ زمانێک وەردەگێڕێت، کە زیاتر دەسەڵاتی بەسەریدا دەشکێتەوە. وەرگێڕانی کۆتایی هیچ نییە، جگە لە کێوێک لە سەهۆڵ، کە تەنیا بەشێکی هەرە بچووکی لە دەرەوەیە.

---

[1]- Quintilien

## 2. جێگۆڕکێکردن و گۆڕینی دەربڕین

گرنگترین بابەت، ڕووبەری هەڵواسراو Ergon، واتە وەرگێڕان نییە، بەڵکو بەرئەنجامی پڕۆسەی دەربڕینی سەرلەنوێ واتە وەرگێڕانە، کە گرنگە. (Energeiaی **هۆمبۆڵت**). ئەمە هەمان ئەو جیاوازییەیە کە **پیتەر نیۆمارک**[١] لە نێوان translation theory و translating theory لە زمانی ئینگلیزیدا باسی دەکات. تیۆری وەرگێڕان دەبێت بە تیۆری شێوازی وەرگێڕان کۆتایی بێت، ئەویش کرداری وەرگێڕانی لێ بکەوێتەوە. وەرگێڕان ڕابردوویەکی ئێجگار دێرینی هەیە، بەڵام بەرهەمگەلی نووسراو سەبارەت بە شێوازی وەرگێڕان ئێجگار کەمن، جگە لە سەردەمی هاوچەرخ نەبێت. پڕۆسەی وەرگێڕان هێندە بە شتێکی ئاسایی دێتە بەرچاو، کەس خۆی بە پێناسەکردنیەوە ماندوو ناکات. وتاری *کولتوور*، کە **ئالامبر**[٢] بۆ *ئینسایکلۆپیدیای* نووسیوە، ئەم بابەتەمان بۆ دەردەخات:

"ئەگەر یادگەیەکی بەهێزتان هەیە و دەتانەوێت خێرا فێری زمانێک ببن، سەرەتا فێری قامووس ببن و تا بۆتان دەکرێت بیخوێننەوە. زۆر کەس لە ئەدیبان و نووسەران ئەم شێوازەیان دەگرتە بەر"[٣]، بەڵام ئەمە بە واتای نادیدەگرتنی کێشەکانی وەرگێڕان نییە. **بوزێ**[٤] لە وتارێکدا لەم بارەیەوە دەنووسێت: "هیچ شتێک ئەستەمتر و دەگمەنتر نییە لە وەرگێڕانێکی باڵا، چونکە هیچ کارێک دژوارتر نییە لە ڕاگرتنی

---

1- P.Newmark
2- Alambert
3- Cite par H.Meschonnic,Des most et des,Paris,Hatier,1991,p.132
4- Beauzee

هاوسەنگیی نێوان ڕاڤەی ئازاد و شوێنکەوتنی وشەکان. خۆبەستنەوەی لە ڕادەبەدەر بە وشەکانەوە ڕۆحی نووسینەکە لەناو دەبات، ئەوە ڕۆحە کە ژیان بە دەق دەبەخشێت. ئازادی لە ڕادەبەدەر خەسڵەتەکانی دەقی سەرەکی دەکوژێت. بۆیە وەرگێڕان، نوسخەیەکی نوقسانی ئەسڵەکە دەبێت"[1]. کەواتە دەکەوینە قۆناغی (تیۆری وەرگێڕان)ەوە، نەک تیۆری (کرداری وەرگێڕان)ەوە.

یەکەم کتێب کە بە شێوەیەکی لێوەشاوانەتر ئەم قۆناغە تێدەپەڕێنێت، *شێوازناسیی بەراوردکارانەی فەرەنسی و ئینگلیزی*یە. هەر قۆناغەو (ئاسۆی وەرگێڕ)ی خۆی هەیە، **ئا.بێرمەن**، یان بەگشتی خاوەنی (ئاسۆی چاوەڕوانی)یە (**جوس**)[2]. کتێبی *شێوازناسیی بەراوردکاری*یش، لەم ڕێسایە بەدەر نییە. سێ ڕێسای گشتی، کە هێشتاش متمانە پێکراون، لەم کتێبەدا هەن. (هەڵوێستی وەرگێڕان)، (یەکەی وەرگێڕان) دواجاریش (تیۆری زمان) بە شێوەی چوارچێوەیەک بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوەی زمان.

دەکرێت پێگەی وەرگێڕان بەراورد بکرێت بە پێگەی ئینسایکلۆپیدیا. هەر کاتێک وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ، یان وشەبەوشە، لە ڕووی زمان و شێوازەوە ڕستەیەکی هاوواتای لێ بکەوێتەوە، ئەمە وەرگێڕانێکی پەسەندە. لە کات و ساتەکانی تردا دەبێت کەڵک لە وەرگێڕانی (ناڕاستەوخۆ) وەربگیرێت و بە پرەنسیپی وشەبەوشە ناودێر بکرێت.

---

1- Cite par L.Hulst,Cent ans de theories de la traduction.De Batteux a Litter,Lille,Pul,1990,p.45

2- H.R Jauss

ڕێسای دووەم کە کتێبی *شێوازناسی* کاری پێ دەکات، بابەتی زاراوەکانە. وەرگێڕان دەبێت بە جۆرێک بێت، هەست بەوە نەکرێت کە دەق، دەقی سەرەکی نییە. لێرەدا مەبەست، زمانی مەبەستە. بەگوێرەی یەکەی وەرگێڕان، دەق وەک ئەم نموونەیەی خوارەوە دابەش دەبێت:

“Fortunato,I lorgnat I La montre Idu l’oeil,l ressemblait al un chatl a lquil l’onl presente lun pouletl tout entire. L Comme il sent qu lon se moque de lui lill n’l osel y porter la griffe et ide temps en tempsl il detourne les yeux Ipourl ne pas Is’exposer al la tentaion Lmais Lil se Ieche les babinsel a tout moment letl il a l’air de idire al son maitre l”Que lvotre plaisenterie lest lcruelle!”

لە کاتی پەڕینەوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە، یەکەکانی وەرگێڕان یەکسانن، بەڵام دابەشکردنەکانیان، بە شێوەیەکی سروشتی جیاوازن:

“Fortunato,Ikept darting sidelong glances atl the watchl like la cat loho’I presented withl a lowholel chicken andl a at timesl looks awayst resist temptation,l all the whilwl licking her shopsl and lwanting tol tell her master lhowel meanl he is”

کاتێک ئەم یەکانە دەستنیشان دەکرێن، هاوواتاکان دەردەکەون. بۆ نموونە:

“Lorgnant[…] du coin de l’œl”→ “kept drating sidelong glances at”

کەواتە دەتوانرێت بە شێوەی وەسفکارانە، شیکردنەوە و ڕاڤەکاریی بۆ هەموو پرسەکانی وەرگێڕان بکرێت، بەڵام وەها وەسفکارییەک، بەبێ پشتبەستن بە تیۆری زمان هیچ ئەنجامێکی نابێت: "تیۆری زمان و تیۆری ئەدەبیات پێویستیان بە یەکتری هەیە".

لە کتێبی شێوازناسیدا، تیۆری زمانناسیی **سوسور**، بەو جۆرەی کە **شارڵ بالی** –قوتابی **سوسور**- لێی تێگەیشتبوو و گۆڕانکاریی تێدا کردبوو، لەگۆڕێدایە. لەم قوتابخانەی نیشانەناسییەدا، نیشانە بەشی لێکدانەبڕاوێتی، کە لە دال و مەدلوول پێک هاتووە، یان بە دەربڕینێکی سادەتر، لە لایەکەوە فۆڕم هەیە و لە لایەکی ترەوە واتا. لەم چوارچێوەیەدا وەرگێڕانی وشەبەوشە، دالێک و مەدلوولێکی هەیە و بە کەمێک جیاوازیی لە نێوان زمانەکان Ciel = Sky، بە دڵنیاییەوە دال لە ڕووی دەنگەوە تا ڕادەیەک گۆڕانی بەسەردا هاتووە. [sj□L] →[Skai]

بەڵام بەشەکەی تری مەدلوول، هیچ نەگۆڕاوە: Ciel و Sky لە ڕووی ڕێزمانەوە هەردووکیان (ناو)ن.

بۆ بەشەکانی تری ڕێزمانیش دۆخەکە هەر وایە. لەوانە: ئاوەڵناوەکان، کردارەکان، ئامرازەکان، ئاوەڵکارەکان، ئامرازەکانی پێناسە و تاک و کۆ. بێگومان زۆر جار کەڵک لە وەرگێڕانی وشەبەوشە وەردەگیرێت. بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانین بەشێک لە *وەسیەتنامەی فەڕەنسی* و وەرگێڕانە ئینگلیزییەکەی پێکەوە بەراورد بکەین:

| | |
|---|---|
| Encore enfant,je devi-nais que ce sourire tres singulier representait pour chaque femme une estrange petite victoire.oui,une ephemere revanche sur les espoirs decus,sur la grossie rete des homes,sur la rarete des choses belles et varies de ce monde.Andrei Makine Le restament francais | While still a child,I gues sed that this very singu- lar smile represented a strang little victory for Each of woman-yes,a fleeting revenge for disappointed hopes,for the coarseness of men,for the rarity of beautiful and true thing in this word. Trand. Geoffrey Strachan |

کاتێک وەرگێڕانی وشەبەوشە نەشارەزایانەیە، یان مەحاڵە، بە ئاسانی دەتوانرێت شیمانەی ئەوە بکرێت کە وەرگێڕانی ناڕاستەوخۆ دوو جۆر گۆڕانکاری دەهێنێتە ئاراوە: ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر دال یان مەدلوولدا دێن (ئەم دوو جۆرە گۆڕانکارییە دەتوانن بە شێوەی سروشتی تێکەڵ بە یەکتری ببن). **ڤینێ** و **داربلێنێ** گۆڕانکارییەکانی دال بە (جێگۆڕکێکردن) و گۆڕانکارییەکانی مەدلوول بە (گۆڕینی دەربڕین) ناودێر دەکەن. زۆربەی گۆڕانکارییەکان لە جێگۆڕکێکردندا خۆی دەبینێتەوە کە (گۆڕانی کۆمەڵەی ڕێزمانی)شی پێ دەگوترێت، چونکە لەم گۆڕانکارییانەدا کۆمەڵەیەکی ڕێزمانی، جێی کۆمەڵەیەکی تر دەگرنەوە. هەروەها دەتوانرێت ئەم جۆرە گۆڕانکارییانە، لەم نموونەیەی خوارەوە و وەرگێڕانەکەیدا ببینرێت:

| | |
|---|---|
| Elle s'asseyait pour lire,presentant le liver a la lumiere vacillante.Elle Jetait parfois un coup d'oeil dans le couloirs de la villa,un hospital de Guerre,ou elle avait vecu avec les autres infirmie- res avant qu,elle ne soient mutes,au fur et a mesure que la guerre se deplacait vers le nord puis touchait a san fin.<br>Trad.<br>Marie-Odile Fortier. Masek | She would sit and read, the book under the wave of light.she would glance now and then down the hall of the villa that had been a war hospital, where she had lived with the other nur- see before they had all transferred out gra- dullay, the war moving north, the war almost over.<br>Michael Ondaatje,<br>The English Patient |

لەم نموونانەدا گەلێک جێگۆڕکێ بەرچاو دەکەوێت:

"The book under wave of light" (ناو)⟶ "presentant le lever a la lumiere vacillant" (ئاوەڵناو), "She would glance now and then down the hall of the villa" (کردار)⟶"Elle jetait parfois un coup d'oeil dans le couloirs de la villa" (ناو),"[the war] almost over" (ئاوەڵکار+ ئاوەڵکار)⟶ "touchait a sa fin" (کردار+ناو).

دەتوانرێت فۆرموله گشتییەکەی بەم شێوەیە نیشان بدرێت:

کۆمەڵەی X↔کۆمەڵەی Y

هەندێک لە کۆمەڵەکان نەگۆڕن و هەندێکی تریان، لەوانە: ناو و کردار، دەکەونە ژێر کارتێکەریی گۆڕانکارییە ناوەکییەکانەوە. ڕەگەز و ویکهاتنەوەی تاک و کۆ لە کۆمەڵەی ناوەکاندا، زەمەن و دۆخ لە کۆمەڵەی کردارەکاندا. لێرەدا کردار هاوواتای گوزارەسازییە: شیکاری و شرۆڤەکردنی کردارەکان بە هیچ کلۆجێک لە ڕێزمانی بەراوردکارانە جیا ناکرێتەوە.

ناتوانرێت پرۆسەی وەرگێڕان لە دەربڕینی سەرلەنوێ جیا بکرێتەوە، چونکە پێکهاتە وەردەگێڕێت نەک وشەکان. کەواتە پێکهاتەی هاوچەشن دەگۆڕێت بە کۆمەڵەی ناهاوچەشن.

"She would sit and read" → "Elle s'asseyait pour lire"

کۆمەڵەی ناو لەجیاتی کۆمەڵەی کردار بەکار دەهێنرێت.

"Gradually,the war moving north" (ناوی بکەر)

"Au fur et a mesure que la guerre se deplacait vers le nord"

ڕێزمانی بەراوردکارانە بە تەنیا هەر ئەوە نییە ئەو گۆڕانکارییانە پۆلێنبەندی بکات کە دەبێت جێبەجێ بکرێن، چونکە ئەوەی دەبێت وەربگێڕدرێت، ئاخافتنە (زمان لە پراکتیکدا) نەک زمان (جەوهەری نادیار). وەرگێڕ هاوشێوەی نووسەر هەمیشە بەرەو ڕووی هەڵبژاردنێک دەبێتەوە: وەک چۆن **ئۆنداتچ**[1] دەیتوانی بنووسێت:

"grandally,as the war moved north"

**فۆرتیێ ماسک**یش[2] دەیتوانی بەم جۆرە وەری بگێڕێت:

"La guerre se dep lacant vers le nord"

گرنگیی ڕێزمانی بەراوردکارانە لە وەرگێڕاندا، هاوشێوەی گرنگیی ڕێزمانە لە زماندا؛ دیارە ڕێزمان بە واتا ڕاستەقینەکەی، چونکە هاوواتای ناو دەتوانێت ناو بێت، یان بەشەکانی تری ئاخافتن. ڕێزمانی بەراوردکارانە ئامرازێکی فێرکاریی بەسوود و بێوێنەیە بۆ فێربوونی وەرگێڕان و زمان.

لە ڕاستیدا دەتوانین بەسەر گۆکردن و ڕێزمانی زمانێکدا زاڵ بین. بە گوتەی **ئالامبێر**، دەتوانین وەک ئەدیبان بکەوینە بەر سۆز و خۆشەویستی خواوەندەکان و یادگەیەکی باشیشمان هەبێت، بەڵام ناتوانرێت کارتێکەرییەکانی تێکەڵبوونی زمانەکان لەناو ببرێت (لەبەرگرتنەوە). زمانی فەڕەنسی، وای پێ باشترە کەڵک لە وشەگەلێکی وەک ناو وەربگرێت، کە خاوەنی واتای (پڕ)ن، بەڵام زمانی ئینگلیزی، وشەگەلی لێڵ و تەمومژاوی بەکار دەهێنێت، لەوانە: ئامراز و ئاوەڵکارێک. بۆ نموونە لە وێستگەی شەمەندەفەردا، دەتوانین ئەم ڕستە فەڕەنسییە بخوێنینەوە:

"Trains a destination de Londres"

لە زمانی ئینگلیزیدا تەنیا پشت بە ئامرازەکان دەبەسترێت:

---

[1]- Ondaatje

[2]- Fortier-Masek

“Trains to London”

زمـانی ئینگلیـزی کـەڵـک لـە کـردار وەردەگرێـت و زمـانی فەڕەنسی کۆمەڵەی پشتئەستوور بە ناو بەکار دەهێنێت.

“she would glance now and then down the hall of the villa”

“Elle jetait parfois un coup d’oeil dans couloirs de la villa”

بە ناسـینی وەهـا پێکهاتـەیـەک، دەتوانرێت ئـەم چـەمکانـە بـە شێوەی میتافۆڕیک لە زمانێکی دیکەدا دەربـبڕدرێن.

زمانی فەڕەنسی حەزی لە (زیادکردن)ە (**ڤینـێ** و **داربلێنـێ**) و ئەم حەزەش لەچاو زمانەکانی دیکە، تـەنانـەت لـەچاو زمـانی ئیسپانی، کە زۆر لێیەوە نزیکە، زیاترە. بۆ سـەلماندنی ئـەمـەش دەتوانین ڕستـەگـەلێکی نـاو کتێبی *منداڵانی پیاوی جەنگاوەر*[1] نووسـینی **کـارلۆس فـۆینتێس**[2] و وەرگێڕانـی **سـلین زیـن**[3] بـە نموونە بهێنینەوە:

“nombrado comoyo”→ “qui porte le meme nom que moi”

“un ramillete mexiconon de ninas agraciadas”→”bouquet mexicain de filles fovorisees par le sort”

دەتوانرێت نموونەی ئـەمـە لـە هـەمـوو لاپـەڕەکاندا ببینرێت. دەشـتوانرێت ئـەم شـێوازەی وەرگێـڕان بـەسـەر زمانـەکـانی دیکەشدا بگشتێنرێت.

مـەدۆلاسـیۆن (یـان گـۆڕینی ڕوانگـە)، واتـا دەخاتـە ژێـر کارتێکەرییەوە. کاتێک دەتوانرێت باس لە وەرگێڕان بکرێت، کە

[1]- Los hijos del conquistador

[2] - Carlos Fuentes

[3] - Celine Zins

پــەڕینــەوە لــە مــەدلــوولی 1 بــۆ مــەدلــوولی 2، لە ڕێــگەی دامـەزرانـدنی پەیـوەندییـەکی بـەرانبـەرێـنی نێوانیانـەوە ئـەنجـام درابێت (مـەدلـوولی 1 ↔ مـەدلـوولی 2). سـەرنـج بدەنـە ئـەم نموونەیەی خوارەوە:

| | |
|---|---|
| The island had been the scene of servant attacks. | Cas iles avaient ete le theatre de plusieurs attaques. |

پەیــوەندییــەک کــە ccene و theatre بــە یــەکــەوە دەبەستێتەوە، پەیوەنـدی (بـەش) و (گـشت)ە. **ڤینـێ** و **داربلێنـێ** چەند پەیوەندییەکی هاوواتا باس دەکەن:

1. پەیـوەنـدیی تـەمـومژاوی بـۆ پەیوەنـدیی ئاشـکرا، یـان پەیوەندیی گشت بۆ بەش.

(to sleep in the open↔dormir a la belle etoile)

. پەیوەندیی هۆکار و بەر هۆکار، یان پەیوەندیی ئامڕاز و دەرئەنجام، مادە لەجیاتی شەیء.

(you’re quite a stranger↔in ne vous voit plus)

. پەیوەنــدیی بــەش بــۆ گــشت (نموونــەکــەیمــان پێــشتر هێناوەتەوە).

4. پەیوەندیی بەشێک لەجیاتی بەشێکی تر.

(He cleard his throat↔Il s’eclaircit la voix)

5. ئاوەژووکردنی وشەکان.

(The reckless swoop downhill↔Les plongeons effenes du haut des colines)a

6. دژ بە یەک.

(he made it plain↔il n’a pas cache que)

. گۆڕینی دیار بۆ نادیار، یان بە پێچەوانەوە.

(Were you told to wait for him?↔Vous a-t-on dit de l’attender?)

8. گۆڕینی شوێن بۆ زەمەن.

(this in itself presented a difficulty↔cette operation presentait déjà une difficulte)

9. مەودا و سنووردارێتی زەمەن و شوێن.

(For the period under review↔Limite de stationnement)

10. گۆڕینی سیمبۆلەکان.

(He earns an honest dollar↔il gagne honnetement sa vie)

ئەم پۆلێنکردنە شتێکی نوێ نییە، چونکە لەم لیستەدا تەکنیکە باوەکانی زانستی دەربڕین هاتوون، کە زۆر جار سەبارەت بە زمانێک بەکار دەهێنرێن. تەکنیکی ژمارە 1 کینایە، تەکنیکی ژمارە 2 مەجاز، ژمارە 3 بەهێزکردنی واتایی و تەکنیکی ژمارە 9 گرێ تێخستن (تەعقید)ە.

ئەم خاڵە زۆر گرنگە، کە پۆلێنکردنی تەکنیکەکانی زانستی بەیان بۆ دوو بەشی گەورە، لەگەڵ نایەکدەستبوونی مەدۆلاسیۆندا دێتەوە. لە ڕاستیدا **مەدۆلاسیۆن** کەوتووەتە نێوان پێکهاتەی زمان و سەروو زمانەوە، هەر بۆیە ئەم پۆلێنکردنەش هەندێک خاڵی هەم لاواز و هەم بەهێزی هەیە. بۆ (دال)، **زمانناسیی مۆدێرن** (کە لە چاپە نوێیەکاندا هەمیشە نۆژەن کراوەتەوە) کەرەستەی شیکاری و شرۆڤە دەخاتە خزمەتی لێکۆڵینەوەی وەرگێڕان، بۆ مەدلوول کەڵک لە زانستی بەیان و لە ئەنجامدا لە تیۆری ئەدەبی وەردەگیرێت. کەڵکوەرگرتن لەم دوو ڕەهەندە، تیۆرسازی (هاوواتا، بەڵام جیاواز) ئاسانتر دەکات **یاکۆبسن،** بەڵام شاردنەوەی جیاوازییەکان لەناو هاوواتاکاندا، خاڵی لاوازی ئەم پۆلێنکردنەیە.

### 3. وەرگێڕان، یان گۆڕینی فۆڕم؟

*شێوازناسیی بەراوردکارانە*، نووسینی **ڤینێ** و **داربلێنێ**، دوو زمانناسیی ناوداری کەنەدی، قەرزاری ژیانی ئەم دوو لێکۆڵەرەیە لە وڵاتێکی جووتزماندا. کێشەکانی وەرگێڕان تەنیا کێشەی دامودەزگا و دامەزراوەکان نییە، بەڵکو کێشەیەکی ڕۆژانەیە. نووسەرانی ئەم کتێبە لە پێشەکیی کتێبەکەدا دەمانبەن بۆ شارێگەی نێوان نیۆیۆرک و *مۆنتراڵ*، کە تێیدا هەندێک هێمای ئاگادارکەرەوەی وەک:

“Keep it right.No passing.Slow men at work.[…] Slippery when wet”

بەرچاو دەکەن. لە سنووری *کەنەدا*، ئەم هێمایانە بە دوو زمان نووسراون. لەسەر قیری جادەکان، لە دوای وشەی slow، وشەی lentement و لە دوای Slippery when wet وشەیGlissant si humide دەبینرێن. ئەمە ئەنجامگیرییەکی بێ سێو و دووە، کە: دیارە هەرگیز فەڕەنسییەک (تەنیا بە زمانی فەڕەنسی قسە دەکات)، دەمودەست وەها ڕستەیەک چێ ناکات، یان کەڵک لە ئاوەڵکارێک وەرناگرێت کە بە Ment چێ کراوە. لە *فەڕەنسا* کەڵک لە لێکدراوگەلێک وەردەگیرێت، کە تێیدا هیچ جۆرە تێکەڵبوونێکی ئاشکرای زمانی نابینرێت، بۆ نموونە:

“Doubler a gauche.Defense de doubler.Ralentir travaux […] chaussee glissante”

لە وەها پێکهاتەیەکدا، ڕوانگەی مەبەستگەرا پێویست بە پاساو بۆ هێنانەوە ناکات و پرسێکی تەواو دیار و ئاشکرایە. بەڕاستی ئەم ڕوانگەیە دەبێت زۆر جار جێبەجێ بکرێت؛ بۆ نموونە لە کولتووورە جووتزمانەکاندا ئامرازگەلێکی پێویستین.

نابێت کولتوورەکان تەنیا بە وەرگێڕانی وشەبەوشە ڕازی بن، وەک ئەم نموونەیەی خوارەوە:

"almost[…] ADV Presque.I had..forgotten about it j'avais Presque oublie"

"hẽ fell/died il a faille ˜ ber / mourir"
He's..certainly been murdered Il est pratiquement certain,or tres probable qu'il a ete assassin"

بۆ چێکردنی ڕستەگەلی میتافۆڕیک، کە پێویستی بە گۆڕانکاریی بنەڕەتیی هەیە، دەبێت کەڵک لە جێگۆڕکێ و گۆڕینی دەربڕین وەربگیرێت.

"his whole life flashed before him"↔"il a revu le film de sa vie"

کەواتە قامووس قەڵەمڕەوێکی بەرفراوانە لە بواری توێژینەوەی وەرگێڕانی مەبەستگەرای پراکتیکیدا.

قەڵەمڕەوێکی سەرەکیی دیکە، کە ئەم بابەتە تێیدا کاری پێ دەکرێت، دەقە (پراکتیکی)یەکانە. لە وەرگێڕانێکدا کە ئامانج ئاگادارکردنەوەیە، بابەتەکە بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دەردەبڕدرێت و ڕێسا ڕێزمانییەکان، جێی ڕێسا ستاتیکییەکان دەگرنەوە، بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە کە ئەم ڕێسایانە ڕەچاو ناکرێن، بەڵکو دەکەونە پلەی دواتری گرنگایەتییەوە، واتە دوای ڕۆڵی پەیوەندیکردن. وەرگێڕی دەقە پراکتیکییەکان، نەک تەنیا دەبێت بە تەواوەتی شارەزای (زمانی سەرچاوە) بێت، بەڵکو دەبێت خاوەنی شارەزایی و تواناکانی نووسینیش بێت لە زمانی مەبەستدا. وەرگێڕانی ئەم جۆرە دەقانە جگە لە زانیاری گشتیی بەرفراوان، پێویستی بە دەسەڵاتی تەواوەتی هەیە لە

بوارێکی پسپۆڕیدا، لەوانە: ئابووری، ماف و زانست. بۆ ئەوەی شەفافییەت، هاوشێوەی ئەو حەقیقەتەی **ڕۆلان بارت** لە بواری ئەدەبیاتدا باسی دەکات کاریگەر بێت، پێویستی بە شارەزایی و زانیاریی تەواوەتی هەیە.

وەرگێڕانی دەقگەلی پراکتیکی و ئەدەبی مەبەستگەرا و سەرچاوەگەرا، بە تەواوەتی دژی یەکدی دەوەستنەوە، چونکە لەم ڕووبەڕووبوونەوەیەدا، تا ڕادەیەک پەیوەندی لە ئارادا هەیە. بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بەو کلێشانە بکەین کە **ڕۆت ئامۆسی**[1] بۆ وەرگێڕانی ئەدەبی باسیان دەکات: بێگومان کلێشەکان هەمان ئەو ڕۆڵانە دەبینن کە ڕۆژنامەکان و تەوز (ئایرۆنی) لە ئاخافتنی ڕۆژانەدا هەیانە، بەڵام دەبێت لەسەر بنەمای ڕێساگەلی زمانناسانەی سەردەمێکی دیاریکراو و بەگوێرەی جۆری دەقی بەکارهێنراو تاوتوێ بکرێن، وەرگێڕ دەبێت ئەم پارامێترانە لە بەرچاو بگرێت. کەواتە ناتوانرێت وەرگێڕانی مەبەستگەرا، نادیدە بگیرێت. هەروەها وەرگێڕانی ناو زانکۆکانیش ئەم ڕێگەیەی هەڵبژاردووە "بەگشتی، دەزانین لە تاقیکردنەوەکاندا وا باشترە وەرگێڕان هێندەی بکرێت، لە دەقی سەرەکییەوە نزیک بێت [□]. دەزانین لە وەرگێڕاندا جێگۆڕکێ، مەدۆلاسیۆن و گۆڕینی پێکهاتەکان بە مەبەستی دەستڕاگەیشتن بە پێکهاتە ڕاستەقینەکان پێویستە، بەڵام نابێت ئەم گۆڕانکارییانە هەر لە خۆوە ئەنجام بدرێن"[2].

بە پێچەوانەی ئەوەی باس کرا، وەک چۆن ڕیالیزم یەکێکە لە ڕەوتە ئەدەبییەکان، وەرگێڕانی مەبەستگەراش یەکێکە لە

---

[1]- Ruth Amossy

[2]- Rapport du jury d’agreation d’anglais,Paris,CNDP.1998.p.31

شێوازەکانی وەرگێڕان، بۆ ئەو دەقانەی لە زماندا سەرچاوەی وردەکاری و لێکدانەوەگەلی وردیان نییە، گونجاو نییە.

بەگوێرەی بۆچوونی **ئانتوان بێرمەن**، وەرگێڕانی باڵا، گۆڕانکاری سیستماتیکی دەقی سەرەکی لێ دەکەوێتەوە. **بێرمەن** ئاماژە بە سیازدە گۆڕانکاری دەکات: ئاوەزگەرایی، ڕاستکردنەوە، خستنەسەر، فاخیرکردنی دەق، هاوچەشنکردن، لەناوبردنی هارمۆنیا، شێواندنی تۆڕەکانی واتا شاراوەکان، وەرگێڕانی نامۆکەر، تێکدانی ڕستەکان و...

هەر بۆیە **ئانتوان بێرمەن** ئەم پەندە ئیسپانییە

"a cada dia basta su pena,a cada ano su dano"

کە **ڕوا باستۆس** لە چیرۆکەکەیدا هێنابووی، بە جۆرێک وەرگێڕاوە کە لە هەمان کاتدا وشەبەوشەیە، وەرگێڕانی ئازادیشە:

"a chaque suffit sa peine,a chaque annee sa deveine"

بەم جۆرەش باسی دەکات کە ئەمە وەرگێڕانی وشە بە وشە، یان بەش بە بەش نییە، بەڵام دووپاتبوونەوەیەک کە لە پەندە ئیسپانییەکەدا هەیە، بە جۆرێکی دیکە لە وەرگێڕانەکەدا دەردەکەوێت. بە ڕای من ئەمە کارێکە کە دەبێت بەسەر وشەکاندا جێبەجێ بکرێت: "لەبەرگرتنەوە و سەرلەنوێ نووسینەوە گرنگ نییە، گرنگ یاریکردن بە وشەکانە". وەرگێڕانی ئەدەبی ناتوانێت چاوپۆشی لەمە بکات.

## 4. نووسینەجووتزمانەکان و وەرگێڕانی خۆوەرگێڕ

دەبێت ڕستەکان وەربگێڕین، نەک وشەکان. هەروەها بەبێ ئەوەش کە بابەتێک لەناو بچێت، دەبێت بیرکردنەوە و هەستی نووسەر وەک خۆیان بگوێزینەوە. وەک بڵێیت نووسەر ڕێک بە زمانی فەرەنسی نووسیویەتی و ئەمەش لە ڕێگەی فێڵی جۆراوجۆر و دوورکەوتنەوە لە وەرگێڕانی وشەبەوشەوە دەکرێت.

**ئاندری ژید**

نامە بۆ **ئاندری تریۆ** 1928

لەم سەردەمەی ئێستادا هۆکاری باڵاتر، زانینی دەقی سەرەکی (کە لە سەدەی شازدەدا دەرکەوت) و نووسەر (کە لە سەردەمی ڕۆمانتیکەکاندا دەرکەوت)، زۆر جار دەگەڕێتەوە بۆ کەموکوڕیی لە جەوهەری وەرگێڕاندا. وەرگێڕان، بەپێی پێناسەکان ناتوانێت ئەسڵ بێت، وەک چۆن وەرگێڕ داهێنەری دەقێک نییە کە وەری دەگێڕێت.

هەمیشە هەوڵ دەدرێت ڕەسەنایەتی دەقی سەرەکی بپارێزرێت، بەڵام هەندێک جار زیانی بەر دەکەوێت. **بۆرخێس**یش ئەم کارە دەکات: "ئەم قسە پڕوپووچە، کە وەرگێڕان شتێکی نزمە، بەهۆی پەندێکی بەناوبانگی ئیتاڵییەوە برەوی سەندووە و هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ بێئەزموونی، تەنانەت دەقێکی باش کە چەندین جار کاری لەسەر کراوە، هەتایی نییە و دەکرێت دیسانەوە گۆڕانی بەسەردا بێت"[1]، بەڵام ئەو قسەیەی **ئاندرێژید**، کە لە سەرەتای ئەم وەرزەدا

---

[1]- Borges,Les traditions d’Homere,trad.Bernes,in Oeuvres completes I,Paris,Gallimard,1993,p.291

گێرامانەوە، دەرخەری بۆچوونێکە زۆر کەس لەگەڵیدا کۆکن: وەرگێڕ دەبێت وەک نووسەر بجووڵێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئەو نووسەری دەقەکە نییە، وەرگێڕان بە ناچار دەکەوێتە پلەیەکی خوارتر لە ئەسڵەکەی خۆی. باشترین وەرگێڕانەکان دوا جار بە "لە هیچ باشتر" دەدرێنە قەڵەم. وەرگێڕانی خۆوەرگێڕ، دیاردەیەکی تا ڕادەیەک دەگمەنە لە ئەدەبیاتدا، کە وەک ئامانجێکی مەحاڵی لێ دێت، بە مەرجێک کە نووسەر بەڕاستی، جووتزمان بێت، وەک **ناباکۆڤ**[1] و **بێکێت**[2] (وەرگێڕانی بەرهەمەکانیان ئێجگار زۆرە). لە وەها دۆخێکدا، دیارە هاوکێشەی باوی نێوان دەقی سەرەکی و وەرگێڕان لە لایەکەوە، نووسەر و وەرگێڕ لە لایەکی ترەوە، لە ئارادا نییە. وەرگێڕانی خۆوەرگێڕ پرسێکی بنەڕەتییە. لە ڕاستیدا ئەم بابەتە دەبێتە هۆی ئەوەی کە تیۆرەکەی **نێلسۆن گۆدمەن**[3] ڕەت بکرێتەوە. بەپێی ئەم تیۆرە، بەرهەمی ئەدەبی بە تەواوەتی لە هەناوی دەقی سەرەکیدایە؛ بەڵام ئەگەر وەرگێڕان خۆوەرگێڕ بێت، یان بە دەستی نووسەر پێداچوونەوە و ڕاستکردنەوەی بۆ کرابێت، لەوە بە دوا ڕێگە پێدراو دەبێت، وەک وەرگێڕانە فەرەنسییەکانی **کۆندێرا** لە ساڵی 1985دا، بۆ دەقێکی تری ئەم بەرهەمە. ئەستەمە ئەم ڕێگەپێدانە بەسەر ئەو وەرگێڕانانەدا نەگشتێنین کە لە نووسین دەچن. وەرگێڕان بە هەموو جۆرەکانیەوە نوسخەیەکی کامڵی بەرهەمێکە.

---

[1] - Nabakov
[2] - Beckett
[3] - Nelson Goodman

له ڕاستیدا ئاستی وەفاداری جیاوازە، بەڵام ئەمە پرسێکی ترە: هەر چۆنێک بێت، کاتێک وەرگێڕانێک بە (بێوەفا) لە قەڵەم دەدەین، دەبێت بڵێین: بێوەفایی بەرانبەر بە کێ؟

وەرگێڕانی *شوێنکەوتنی عیسا مەسیح*، یان *گەشت بۆ قوولاییەکانی شەو*، دەبێت زۆر بێوەفا بێت، تا وەرگێڕان بتوانێت ڕۆڵی خۆی ببینێت. بۆ نموونە، بەشێک لە کتێبی *کۆتایی یاری* نووسینی **بێکێت**، لە ساڵی 1956دا هەڵدەبژێرین کە ساڵێک دواتر هەر خۆی وەری گێڕایەوە.

وەرگێڕانێکی باش، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ وەرگێڕانی خۆوەرگێڕدا نییە؛ لە ڕاستیدا زۆر جار ناسینەوەیان مەحاڵە، بەڵام وەرگێڕانی خۆوەرگێڕ و نووسینئاسا، هاوتەریبی یەکتری نین.

لە ڕاستیدا لە هەموو وەرگێڕانێکدا هەندێک گۆڕانکاری دەبینین، (چونکە بەڕاستی لە ئەدەبیاتدا سەرلەنوێ دارشتنەوەی ڕەها و وشەبەوشە هیچ مانای نییە [...] کەواتە دەتوانین بڵێین وەرگێڕان جۆرە لاساییکردنەوەیەکی تەواو وەفادارە، کە بێگومان پێویستی بە هەندێک گۆڕانکاری هەیە"[1].

---

[1]- S.Rabau,p.237

| | |
|---|---|
| “Goddam Sir,non,vraiment,c’est indecent a la fin!En six jour,viur entendez, six jour,Dieu fit le monde.Oui Monsieur,parfaitement Monsieur,le MONDE!Et vous,vous n,etes pas foutu de me farie un pantaloon en trios mois!”(Voix du tailleur,scan-dalise.)”Mais Milord! Mais Milord!Regardez-(geste meprisant,avec degout)le monde…(un temps)…et Regardez- (geste amoureux,avec orgueil)-omon PANTALON!” | “God damma you to hell,sir,no,it’s indecent,there are limits!In six days,do you hear me,six days,God made the world.Yes Sir,no less Sir,the WORLD! And you are not less Sir bllod well capable of making me a pair of trousers in six months!” (Tai- lor’s voice,scandalized.) “But my dear Sir,my dear Sir,look- (disdain – fur gesture,disgustedly) – at the world –(pause) – and look – (living ges – ture,proudly) – at my TROUSERS!” |

نابێت ئەم شیکارییە بە ڕەها بزانین، چونکە (هەمیشە وەفادارترین نییە). بابەتی وەفاداری، لە لایەکەوە بە هۆی زەمەن و چاوەڕوانییەکان؛ بە کورتی، بە لە بەرچاوگرتنی هۆکارە کولتوورییە جۆراوجۆرەکان، تیۆری سیستمی چەند ڕەهەندی و قوتابخانەی تەل ئەویو (**ئیتامار ئۆن-زۆهەر**[1] و

[1] - Itamar Even-Zohar

**گیــدیۆن تــۆری**[1]) دەگۆڕێــت و لــە لایــەکــی تــرەوە ئــەم گۆڕانکارییانـە هـەمیشـە کـەمـیش نـین. لـەم حاڵـەتـەدا، جوانـە بێـوەفاکـان حیسـاب ناکـەیـن (ئـەم وەرگێڕانانـە، بـە وەرگێڕانـی ڕاستەقینە دەهاتنە ئـەژمـار). هـەروەهـا وەرگێڕانـی خـۆوەرگێڕ، کاتێـک سـەرلـەنـوێ دارِشـتنەوە پـەیـڕەو دەکـەن، لە بەرچـاو نـاگرین، ئـەوە لـە کاتێکدایـە نووسـەر بـۆی هـەیـە بێـوەفا بێت. توێژینـەوەکـانی وەرگێـڕان دەبێـت هــەمـوو وەرگێڕانـەکـان لە بەرچاو بگرن، وەک چۆن تیۆری ئـەدەبی هـەمـوو جۆرەکانی دەق لە بەرچاو دەگرێت. دیارە ئـەمـە بـەم واتایـە نییـە کـە هـیچ سیستمێک لە ئارادا نەبێت، هـەر بۆیـە ڕەخنـەی وەرگێڕان زۆر گرنگە **ئا.بێرمەن**.

---

[1] - Gideon Toury

# وەرزی پێنجەم
# وەرگێڕان و وەرگێڕانی زارەکی

### 1. لە نووسینەوە بۆ ئاخافتن

"گوتـەکـان لـەنـاو دەچـن، بـەڵام نووسـینەکـان دەمێننـەوە". نووسین و ئاخافتن هەر کامەو لۆژیکی تایبەت بە خۆی هـەیە. واتا، لە هەردووکیاندا هەر یەکێکە، بەڵام فۆڕمێک کە وشـەکان وەریدەگرن جیاوازە: لە ئاخافتندا ناهەرمانن، بەڵام لە نووسیندا بـە درێژایـی چـەندین سـەدە، لـەوانـە: بـەردنووسـەکـانی *ڕۆما*، دەمێننـەوە. ئـەدەبیات -بـەتایبـەت شـیعر- گرتنـەبـەری لـۆژیکی (دال)ە، چونکـە بـە گوتـەی **ڕۆمـەن یاکۆبسن** ڕۆڵـی شـیعر دەستنیشانکردنی ئاڕاستەی بەرهەستی نیشانەکانە و لە لایەکی تـرەوە، ئـەم دوالیتـەیـە درزی نێـوان دال و مـەدلـوول قـووڵتر دەکات.

وەرگێڕانناسی بە پێچەوانەی ئەوەی باس کرا، گرتنـەبـەری (لـۆژیکی مـەدلـوول)ە؛ بـە پێچـەوانـەی دال لـە نووسـیندا، کـە دەتوانرێـت جارێـک، یـان چـەنـد جـار بخوێنرێتـەوە، دال لــە زنجیرەی ئاخافتندا وردە وردە لە یادەوەریدا دەسڕدرێتەوە و

ئەوەی دەمێنێتەوە، واتایە. ئەم ناجێگیرییە هیچ پەیوەندیی بەو یادگەیە نییە کە **ئالامبێر** لە ئینسایکلۆپیدیادا باسی دەکات. لە ڕاستیدا چەند جۆر یادگەمان هەیە (کورتماوە و درێژماوە)، لە کاتی گوێگرتن بۆ پەیامێک، کەڵک لە یادگەی خێرا، یان ئێجگار کورتماوە وەردەگیرێت. پانتایی یادگە لە کەسانی جۆراوجۆردا، جیاوازی ئەوتۆی نییە و بەگوێرەی تاقیکردنەوەکان زۆر سنووردارە. لە زنجیرەی دەنگەکاندا زۆر جار لە نێوان پێنج بۆ نۆ وشە (ژمارە،...) لە یادەوەریدا دەمێننەوە و ئەویش بۆ ماوەی دوو، یان سێ چرکە، چونکە توانای چڕکردنەوەش لە ئارادا نییە، دەتوانرێت بەم جۆرە ئەنجامگیری بکرێت:

یەکەم: ئەوەی کە وەرگێڕانی دەقە ئەدەبییە ئاڵۆزەکان لە توانای وەرگێڕانی هاوکاتدا نییە. **هۆمبۆڵت** بۆ وەرگێڕانی Agamemnon پازدە ساڵ کاتی تەرخان کرد، **بۆدلێریش** هەر هێندە کاتی تەرخان کرد بۆ وەرگێڕانی بەرهەمە ئەدەبییەکانی **ئێدگار ئالان پۆ**[1]. وەرگێڕانی ئەدەبی، لە لایەکەوە پێویستی بە خوێندنەوەیەکی تایبەتی هەیە لە ئاستی(دال)دا، کە لەگەڵ پانتایی یادگەدا نایەتەوە.

دووەم: لەبەر ئەوەی زیاتر لە پێنج بۆ شەش وشە، ئەویش بۆ ماوەی دوو، یان سێ چرکە زیاتر لە یادگەدا نامێننەوە، ئەوەی دەبێت بە یادگە بسپێردرێت، مەدلوولە، نەک دال. جێی سەرسووڕمان نییە لە کتێبەکانی تایبەت بە وەرگێڕانناسیدا، کەڵک لە یەکەی وەرگێڕان وەرناگیرێت و لەجیاتیی ئەودا، یەکەی وەرگێڕان بەکار دەهێنرێت. (یەکەی واتا)، (یەکەی زمان) لە دەرەوەی پێکهاتەی دەق نییە، بەڵکو (یەکەی

[1]- Edgar Allan Poe

ئاخافتن)ە. درێژەی بەشەکانی زنجیرەی دەنگەکان کە یەکەی واتا پێک دەهێنن، یەکسان نییە.

جێی خۆیەتی بەراوردکارییەک لە نێوان ئەم بابەتە و ڕوانگەی **ڤینێ** و **داربلێنێ** بکەین: یەکەیەک، دەبێت بە لامانەوە گرنگ بێت، یەکەی فکرە؛ واتە لەسەر بنەمای ئەم پرەنسیپە بجووڵێینەوە کە وەرگێڕ دەبێت فکر و هەست وەربگێڕێت، نەک وشە. کەواتە کێشەکانی وەرگێڕانی زارەکی، پەیوەندیی بە کێشەکانی وەرگێڕانی نووسراوەوە هەیە، دیارە بەو مەرجەی وەرگێڕانی دەقە ئەدەبییەکان وەلاوە بنێین.

لە کۆتاییشدا کاتێک یەکەکانی واتا دەستنیشان کران، دەبێت ڕێک بە زمانێکی تر و بە شێوەی زارەکی دەرببڕدرێن. لێرەشدا تایبەتمەندیی ئەم جۆرە وەرگێڕانە، ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت. لە نووسیندا، وەرگێڕانی نزم، هەمیشە ڕەت ناکرێتەوە و هەرچەندە خوێندنەوەی ئەستەم دەبێت، بەڵام بەو حاڵەشەوە دەکرێت لێی تێبگەین؛ بەڵام لە وەرگێڕانی زارەکیدا بەم جۆرە نییە؛ گوتەکانی گوتەوەرگێڕ (یان وەرگێڕی زارەکی)، دەبێت بە تەواوەتی ڕوون و ئاشکرا بن و نابێت وەرگێڕانی هاوکات، وەرگێڕانێکی نزم بێت، بەڵکو دەبێت وەک ئاخافتنی ئاسایی بێت. ئاستی وەرگێڕانی گوتەوەرگێڕ، بەندە بە ئاستی دەربڕینی ڕوون و ئاشکراوە. ئەگەر بەشێک لە دەق تەمومژاوی بێت، دوای چەند جارێک خوێندنەوە، تەمومژەکە دەڕەوێتەوە، بەڵام گەڕانەوەیەکی ئاوها لە کاتی ئاخافتندا مەحاڵە، چونکە وەرگێڕ لە دوو، یان سێ چرکە زیاتر کاتی لە بەردەستدا نییە. ئەگەر چاوپۆشی لە وەرگێڕانی ئەدەبی بکەین، شەفافییەتی دەربڕین بەندە بە دەربڕینی میتافۆریکی باوەوە، یان بە واتایەک، ئامانجی وەرگێڕانی زارەکی (مەبەستگەرایی)یە (زمان ڕوونە،

چونکە میتافۆڕیکە)، نەک سەرچاوەگەرایی (زمان تەمومژاوییە، چونکە شێوازی لەبەرگرتنەوەی پەیڕەو کردووە). ئەگەر وەرگێڕانی زارەکی دەمودەست ڕوون نەبێت، ئەگەر وەرگێڕ کەڵک لە شێوازێکی دەربڕین وەربگرێت، وەک بڵێیت خۆی بێژەری بابەتەکە نەبووە، وەرگێڕانەکەی لێڵ و تەماوی دەبێت. کەواتە لە باشترین حاڵەتدا دەبێت وەرگێڕ بە زمانی زگماکیی خۆی وەربگێڕێت(زمانیA)، نەک بە زمانێکی تر(زمانیB، یان زمانیC).

وەرگێڕانی زارەکی، بەو شێوەیە کە گوتەوەرگێڕەکان دەیکەن، تاقیگەیەکی ئێجگار گرنگە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو میکانیزمانەی، کە پەڕینەوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، لە بارودۆخی ئێجگار تایبەتدا جێبەجێ دەکەن. لێرەدا بە تەنیا توانای وەرگێڕان لە کاتی خۆیدا، واتە بە هەمان خێرایی ئاخافتنی ئاسایی، لەگۆڕێدا نییە. گرنگتر لەوە؛ ئاستی دەربڕینی بابەتەکەیە، واتە وەرگێڕ بە شێوەیەک بابەتەکە دەردەبڕێت، وەک بڵێیت هەر خۆی بێژەری بابەتەکەیە. بۆیە لە ڕێگەی وەرگێڕانی زارەکییەوە، دەتوانرێت وەرگێڕانی مەبەستگەرا تاوتوێ بکرێت.

### 2. وەرگێڕان و سەرلەنوێ داڕشتنەوە

لەبەر ئەوەی کە وەرگێڕانی زارەکی دوای لۆژیکی مەدلوول دەکەوێت، ناتوانرێت بگوترێت لۆژیکی دال هیچ ڕۆڵێک نابینێت، بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە. وەرگێڕ داهێنەری گوتەیە و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی فۆڕم و واتای پەیوەندیدار لە بەرچاو بگرێت؛ "لێرەدا دەگەینە ئەم بابەتە، وا باشترە بە ستایل و ئەوەش کە پەیوەندیی بە پەیڤوان، یان هەمان

گوتـەوەرگێـڕەوە هـەیـە، بـە ڕوونبێـژی (بـەلاغـەت) نـاودێری بکـەیـن". وەک چـۆن بـۆ وەرگێڕانـی نووسـراو لـە کتێبـەکـانی پەیوەندیدار بە وەرگێڕانناسیدا، باس لە سێ قۆنـاغی سـەرەکی دەکرێـــت: 1) ڕەتکردنـــەوەی وەرگێڕانـــی وشەبەوشـــە. 2) دارِشـتنەوەی واتـا. 3) فۆڕمێـک، کـە ئـەم دارِشـتنەوەیـە دەبێـت بەخۆوەی بگرێت.

وەرگێڕانی وشـەبەوشـە لێرەشـدا وەک هـەر شـوێنێکی دیکـە هـەندێک دەرئـەنجامی ئاسـتنزمی لێ دەکـەوێتـەوە، خێرایی لـە وەرگێڕاندا، ئەنجامی کارەکە خراپتر دەکات، تـەنانـەت کاتێکیش کە تێگەیشتنی بەشی مەبەست زۆر ئاسان بێت.

| | |
|---|---|
| Original:"We must strike a decent balance between the burgeoning damands of more people for a fragile environment." | "Simultiste en debut d'apprentissage":"Nous devons avoir un equlibre entre la de- mand de mand de…que posent des population de plus nombreuses pour avoir une vie meilleure…et I'equilibre entre les considerations environ…de I'environnement qui est tres fragile." |

وەرگێڕانێکی باشتری ئەم بەشە، دەکرێت ئاوها بێت:

"Il faut un equlibre entre les exiences multiples de tous ceux qui veulentune vie meilleure et les graves dangers qui menacent I'environnement"

زۆربەی خوێندکاران حەز دەکەن پشت بە یەکەی وشە ببەستن، نەک لەوە زیاتر، بەڵام مامۆستایانی وەرگێڕان هەر زوو درک بەمە دەکەن. "نەقرتاندنی وشەیەکی دەقی سەرەکی، سەلمێنەری وەفادارییە بەرانبەر بە دەق [...] کەسی تازەکار، خۆی بە وشەکانەوە (دەنووسێنێت). پێدەچێت پاراستنی ڕێژەی یەکسانی وشە لە وەرگێڕان و دەقی سەرەکیدا شتێکی غەریزی بێت"[1]. ئەم غەریزەیە پەیوەندیی بە دیاردەی تێکەڵاوبوونەوە هەیە. **ئۆریێل واین ڕایش**[2] ئەم پرسەی لە کتێبی بەناوبانگی *بەریەککەوتنی زمانەکان*دا[3] تاوتوێ کردووە: "کاتێک دوو زمانی A و B پەیوەندییان بە یەکەوە دەبێت، بێژەری ژمارە دوو، زمانی B لە ڕێگەی دەستەواژەگەلێکەوە بەکار دەهێنێت، کە لە زمانی A بە قەرز وەریگرتوون. لە وەرگێڕانی هاوکاتدا، بێژەری ژمارە یەک، تەنانەت دەکەوێتە دۆخی بێژەری ژمارە دووەوە، چونکە ئەم جۆرە وەرگێڕانە بە (کردارێکی ناسروشتی) دێتە ئەژمار، جیا لەوەش (کێشە دەخاتە بەردەم گوتەوە)، هێندەی وەرگێڕی هاوکات لە سەرەتادا وا هەست دەکات زمانی خۆی لە بیر کردووە. هەستی لەکیسچوونی زمان، هەستێکی ڕووخێنەرە؛ هەموو کەسێک لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەوی تردا، کەم تا زۆر، درەنگ یاخود زوو، ئەزموونی دەکات. **کلۆد ئێستێبان**[4] لە کتێبی L partage des most دا بە باشترین شێوە ئەم پرسە باس دەکات: "بەهای واتایی، جەوهەری لێکدانەبڕاوەی وشە و چییەتییەکەی، لە پڕێکدا لە زەیندا –کە چیتر ئەکتیڤ نییە– بەرەو ڕووی شاڵاوێکی وشەگەلی دژبەیەک دەبێتەوە". چۆن دەتوانرێت ئەم قۆناغە –لە کاتێکدا پێدەچێت

---

1- D.Seleskovitch et M.Lederer,p.149
2- Uriel Weinreich
3- Languages in Contact
4- Claud Esteben

مەحاڵ بێت- تێپەڕێنرێت؛ جا کەسەکە چ بە تەواوەتی جووتزمان بێت، یان نەبێت؟ ئەم پرسیارە زۆر گرنگە، چونکە هەموو کێشەی وەرگێڕانی هاوکات ئەمەیە: "ململانێی هەمیشەیی لەگەڵ زمانێکی دیکەدا، هەوڵێکی نەبڕاوەیە بۆ جیاکردنەوەی فۆڕمێک کە وەردەگیرێت، فۆڕمێک کە دەبێت پێی بدرێت"[1]. زمان چیتر دوژمن نییە، بەڵکو وشەیە (چ دال بێت، یاخود وشە بێت): "لە سەرەتای فێربووندا دەبێت هەوڵ بدرێت، هەمان ئەو وشانە بەکار نەهێنرێن، تەنانەت ئەگەر وشەکانی دوو زمانەکە لە یەک بچن، دیسانەوە هەندێک جیاوازیی ناسک لە نێوانیاندا هەیە و وا باشترە بەکار نەهێنرێن، چونکە لەو حاڵەتەدا مەترسی ئەوە لە ئارادایە شتێک بڵێیت، کە بەتەما نەبوویت بیڵێیت"[2]. بە واتایەکی تر، تا دوو زمان لێک نزیکتر بن، فێربوونیان ئاسانترە (زۆر جار فەڕەنسییەک ئاسانتر فێری زمانی ئیسپانی دەبێت تا زمانی چینی)؛ بەڵام هەر ئەم نزیکییەش کێشە بۆ گوتەوەرگێڕ دروست دەکات؛ تێکەڵاویی زمانی فەڕەنسی و چینی لەچاو تێکەڵاویی زمانی فەڕەنسی و ئیسپانی، کەمترە.

تا زیاتر بەسەر زماندا زاڵ بین، کێشەکانیشمان کەمتر دەبنەوە، بۆیە دەبێت شێوازی پۆلێنکردنی فێرکاری بگۆڕدرێت (ئیسپانی و ئیتاڵی لەچاو زمانی ئینگلیزی ئاسانترن، ئینگلیزی لەچاو ئەڵمانی و ڕووسی ئاسانترن، ئەم دوانەش لەچاو زمانەکانی لاتین و یۆنانی ئاسانترن).

بە لە بەرچاوگرتنی ئەم بابەتە ئەزموونکارانەیە (زمانی سەرچاوە زۆر جار ئەڵمانییە، نەحوی بەرانبەریشی فەڕەنسییە)، حوکمی **سێنت جێرۆم** (non verbum de verbo,sed sensum exprimere de sensu) تا

[1]- D.Seleskovitch et M.Lederer,p.133
[2]- D.Seleskovitch et M.Lederer,p.156

بەدەستهێنانی ئەنجامی کۆتایی پەیجۆری دەکرێت: وەرگێڕان بریتییە لە(هەڵگەڕاندنەوەی وشە)، یان تێپەڕاندن لە مەدلوول، وەک لەم وێنەیەی خوارەوەدا نیشان دەدرێت:




قازانجی خستنەڕووی ئەم بابەتە بەم شێوەیە، جەختکردنە لەسەر ئەوەی وەرگێڕان بە تەنیا کردارێکی ئەدەبی، یان کردارێک لە زماندا نییە، بەڵکو جگە لەوەش کردارێکی چەمکانەیە؛ وەرگێڕ کارگێڕ، یان تەکنسیەنێکی ئاسایی زمان نییە. کردارێک، کە وەرگێڕ پێوەی سەرقاڵە، کردارێکی چەمکانەیە. وەرگێڕان پێش هەموو شت، بەگوێرەی بۆچوونی **پیاژە**، کردارێکی مەعریفییە. **دانیکا سێلسێکۆڤیچ** و **ماریان لۆدرێ** لە یەکەم کتێبیاندا *وەرگێڕانی واتایی*[1] ساڵی 1984، دەستیان کرد بە دژایەتیکردنی زمانناسی، چونکە بە باوەڕی ئەم نووسەرانە، زمانناسی، پێگەی وەرگێڕان تا ئاستی گواستنەوەی وشە نزم دەکاتەوە. وەرگێڕان

[1]- Interpereter pour traduire

لە دوای بڵاوبوونەوەی *شێوازناسیی بەراوردکارانەی فەڕنسی و ئینگلیزی* ساڵی 1958، پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە. بۆ نموونە، شیکاریی دیسکۆرس، مەبەستناسییش کەوتوونەتە ئەم ئاڕاستەیەوە.

کێشەی بنەڕەتیی ئەم جۆرە تیۆرانە ئەوەیە، ناتوانرێت بۆ وەرگێڕانی ئەدەبی، یان وەرگێڕانێک کە تێیدا –مەبەست لە مەدلولە- بەکار بهێنرێت. سەبارەت بە وەرگێڕانی دەقە ئەدەبییەکان، دەبێت چی بکرێت؟ بوارێک کە تێیدا ڕوانگەی دوالیتەی بەریەککەوتنی فۆرم و واتا هیچ کاریگەر نییە. وشە هەڵگەڕاندنەوە بۆ گوتەوەرگێڕ، ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت، بەڵام ئایا چۆن دەبێت فێری ئەم هێزەی پێچەوانەی سروشت ببین؟ خوێندکارێک دەکرێت ئاوها وەربگێڕێت:

| | |
|---|---|
| Original:"In regard to the economic and so- cial situation despite efforts by the internatio- nsl helpingdeveloping coun- tries intheir endeavors to achieve greathe growth and development and despite the fact that we have made our way through the second development decade the gap between the rich and the have nots continues to widen." | Etudiant: "Si I'on considere la situation international sur le plan economique et social et malgre les efforts realizes pour assister les pays en voie de developpement et de croissance et bien que nous soyons maintenent la 2 decenie de developpement nous sommes obliges de constater que le fosse entre les pays riche et les pays pauvres entre les possedants et les non possedants ne cesse de s'elargir". |

ئەم وەرگێڕانە، هیچ هەڵەی واتایی تێدا نییە، بەتایبەت، بە بەراورد بە وەرگێڕانی وشە بە وشە هەندێک گۆڕانکاری دەبینین، لەوانە: جێگۆڕکێ و گۆڕینی ڕوانگە، ئەنجام دراوە.

“in regard to”⟶”si l’on considere”;”in their endeavors to achieve greater growth and development” ⟶”dans leurs efforts de developpement et de croissance”

خوێندکار ناتوانێت خۆی وەک لێدوانکار دەربخات لە وەرگێڕانێکدا کە دەیکات، لێدوانکار وەک کەسێک پێناسە دەکات کە قسەگەلی ئێجگار ئاسایی دەکات. ئێستاش با چاوێک بە وەرگێڕانی مامۆستاکەیدا بخشێنین:

| |
|---|
| Monsieur le president,<br>Lasiuation economique et socialedes pays du tiers Monde a ete maquee par les efforts accomplish par la communaute international pour leur venir en aide et il est exact que cette aide a ete benefique a la crosissance qu’il s’effrocent de realiser.Nous n’oublions pas non plus que nous nous trouons dans la deuxieme decennia du developpement telle qu’elle a ete decretee par les Nations Unies.Et pourtant…il n’en reste pas moins que I’ecart entre les nantis les desherites ne fait que s’ccroitre de jour en jour. |

دەقی سەرەکی تەنیا لە 60 وشە پێک هاتووە و خوێندکار 75 وشەی بەکار هێناوە (20% زیاتر). زمانی فەڕەنسی بە بەراورد لەگەڵ زمانی ئینگلیزی، زمانێکی شیکارانەیە و کەڵک

لـە وشـەی زیـاتر وەردەگریـت. لـە وەرگێڕانـی مامۆسـتاکەدا، ژمارەی وشەکان دەگاتە 94 وشـە (50% زیاتر). ئەم جۆرە جیاوازییانــە لــە چوارچێــوەی یــەکــسانبوونی زمانــەکــان تێدەپەڕێنێت. وەرگێڕانی دووەم، بە هـۆی جێبەجێکردنی دوو جـۆر گۆڕانکـاریی بـەرچـاو، توانـا و شـارەزایـی وەرگێـڕ دەردەخـات. مامۆسـتا لـەجیاتی شـوێنکەوتنی ڕێزمـانی دەقـی سەرەکی، شێوازێکی دیکە دەگرێتە بەر (سێ دێڕ لەجیاتی یەک دێڕ). لێرەدا دەتوانرێت دەقی سەرەکی بچوێنرێت بە شـێوازی گوڵچاندنی باخێکی ئینگلیزی، گوتـەکانی وەرگێڕ بچوێنرێت بـە شێوازی فەڕەنسی: ئەرگۆمێنت لە سێ دێڕ، سێ ڕسـتە و سـێ زەمەنی گرنگدا.

“certes+nous+n’oublions pas→Et pourtant

بـەراوردکردنـی ڕسـتەی کۆتـایی لـەم دوو وەرگێڕانــەدا، مۆدێلێکـە بـۆ وەرگێـڕان. هـەمـان نـاوەڕۆک لـە زمانێکـدا، بـە شێوەیەکی نەشارەزایانە بەکار هێنراوە و لـە شـوێنێکی دیکـەدا، دەقە فەڕەنسییەکە هیچ (نوقسانی) تێدا نییە:

“Nous sommes obliges de constater que le fosse entre les pays riches et les pays pauvres,entre les possedants et les non-possedants ne cesse d’elargir”. “Et pourtant…Il n’en reste pas moins que l’ecart entre nantis et les desherites ne fait que s’ccroitre jour en jour”.

وەرگێڕە زارەکییەکان، دەبێت ڕێساکانی ڕوونبێژی بزانن: "ڕوونبێژی لە سـەروو شـێوازی دەربڕینـەوەیە و پێویـستی بـە بەهرە و توانایە. بۆ وەرگێڕانی گوتەیەک کە خاوەنی شـێوازە، بـە تـەنیا ڕەچـاوکردنی ئـەو وشـانەی بێژەر هۆشـیارانە هـەڵـی بـژاردوون بـەس نییـە، بەڵکـو دەبێـت شـێوازی زمـانیی ڕەچـاو

بکرێت کە بە ئەنقەست: ئەدەبی، ڕەشۆکی، زبر، یان نەرمونیانە"[1].

یەکەم جۆری گۆڕانکارییەکانی پەیوەندیدار بە زانستی بەیانەوە، پەیوەندیی بە ڕوونبێژییەوە هەیە (شێواز، یان بەکارهێنانی لە لایەن بێژەرەوە). دووەمین جۆری گۆڕانکارییەکان، کە بە کۆمەڵەکەی پێشووەوە بەستراوەتەوە، زیادکردنی توخمەکانی دەربڕینە (جەنابی سەرۆک! بە دڵنیاییەوە ئەوەش لە بیر ناکەین)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە زیاتر پەیوەندیی بە کردەوە هەیە (دەستبەکاربوون، دەربڕینی پەیڤ، لە ڕێگەی جووڵەگەلی گونجاوی دەست و دەموچاوەوە؛ بەبێ ئەم جووڵانە باشترین قسەکانیش ناتوانن پەیوەندی دابمەزرێنن). وەرگێڕ دەبێت ئەوە فێر ببێت، کە ناسێنەری کەسێک بێت، کە گوتەکانی وەردەگێڕێتەوە. ئەم تایبەتمەندییەی ئەکتەر یان پەیڤوان، زۆر گرنگە، تەنانەت ئەگەر وەرگێڕ لەناو (کابین)دا دانیشتبێت.

بۆ گەیشتن بە وەها توانایەک، دەبێت لە بواری (وەرگێڕانی پەیتاپەیتا)دا پڕۆڤە بکرێت. ئەم جۆرە وەرگێڕانە، کە زۆربەی وەرگێڕەکان پێوەی سەرقاڵن، وەرگێڕانی هاوکات نییە؛ واتە وەرگێڕ لە هەمان کاتدا کە گوتەیەک دەردەبڕێت، وەرناگێڕدرێتەوە، بەڵکو دوای ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراو ئەو کارە دەکات. دیارە وەرگێڕان ڕستە بە ڕستە نییە، زۆر جار ئەو مەودا زەمەنییە بە ڕێژەیەکە، کە ناتوانین ڕستە بەراییەکان بە یاد بسپێرین و تەنیا ناوەڕۆکیان دەمێنێتەوە. لە وەرگێڕانی هاوکاتدا زۆر جار گوتەکان دەنووسرێنەوە(واتە یاداشت هەڵدەگیرێت). لە ئاستە پێشکەوتووەکاندا، دەکرێت

---

[1]- D.Selekovith et M.Lederer.p.113

هـەمـوو بابـەتێـک بخرێتـە ڕوو: ئـابووری، زانـستی، مـاف و...
دیـارە وەرگێڕانـی ئـەم بابـەتانـە پێویـستی بـە زانیـاریی وردی
پسپۆڕانە هەیە؛ ئەم زانیارییانـە هێدی هێدی دەستەبـەر دەبن.
تەکنیکەکانی وەرگێڕانی پـەیتاپـەیتا، دەتوانێت بـە یارمـەتی ئـەو
دەقانـەی کـە پشت بـە زانیـاریی گشتی دەبـەستن، سـەرەتـا بـە
شێوەی نووسراو دەستەبـەر ببن، لـەوانـە:(وتـارە گرنگـەکـان)ی
ڕۆژنامە و بڵاڤۆکەکان، کە هەواڵەکانی ڕۆژ بـڵاو دەکـەنـەوە و
ئەو دەقانەی کە بۆ خەڵک بەگشتی نووسـراون، خوێندکارانیش
ڕاهاتوون لەسـەر خوێندنـەوەیـان. خوێندکار دەبێت نـاوەڕۆکـی
سـەرەکیـی دەق، وێـڕای پاراسـتنی یـەکپارچـەیـی و تۆکمـەیـی،
وەربگێڕدرێتـەوە. ئـەم پرۆڤـە نووسـراوەیـە، پاشـان وەرگێڕانـی
زارەکییش دەگرێتەوە، تا کاتێک بگاتە خێرایی ئاخافتنی ئاسـایی
و دەمودەستی.

فێرکاری لە بنەڕەتدا، لەسەر بنەمای لێهاتوویی لە دەربڕینی
سەرلەنوێدا فۆرموولە دەبێت، نەک بەو جۆرەی هەندێک کـەس
پێیـان وایـە لـەسـەر بنـەمـای زمـان، چـونکە وای دادەنێین کـە
خوێندکاران زمـان دەزانـن (تێپـەڕاندنی سێ، یـان چـوار سـاڵی
خوێندن، گرنگی خوێندنـە لـەم بوارەدا و فێرکردنی وەرگێڕانـی
زارەکـی، جۆرێکــە لــە پـسپۆڕی). زیــاترین کــار (ڕاپــۆرت،
تێکـەڵکردنـی مـشتومڕ و...) لـە زمـانی Aدا ئـەنجـام دەدرێـت.
کەواتە یەکەم جۆری وەرگێڕان لە پۆلێنبەندییەکەی **یاکۆبسندا**
جۆری باڵادەستە. تاک دەبێت لە زمانـەکـەی خۆیدا ئـەزمـوونی
تەواوەتی بەدەست هێنابێت و بـەسـەر هـەمـوو کـون و قـوژبنی
زماندا زاڵ بێت، تا بتوانێت دەمـودەسـت (ڕەخنـە لـە ئاپارتایـد)
وەربگێڕێتەوە:

“Mr chairman,enough is enough! Enough!The International community,will no longer tolerate South Africa’s defiance of the international demands and laws’”.

“Monsieur le president! En voila assez! Communaete inerationale ne saurait tolere plus longtemps l’arrogance de l’Africa du Sud,son mepris du droit et de l’arbitrage international”.

(جەنابی سەرۆک بەسە ئیترا کۆمەڵگەی جیهانی، لەمە زیاتر تەحەمولی چاوقایمی ئەفریقای باشوور و سووکایەتیکردن بە مافەکان و دەسەڵاتی نێودەوڵەتی ناکات).

ئەم بۆچوونە، پەیوەندیکردنی سەرلەنوێ لەگەڵ نەریتێکە، کە پێشینەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕوونبێژی زمانی لاتین، ئەم شێوازە لە ڕوونبێژی و ڕەوانبێژی ئەمڕۆدا بەکار دەهێنرێت، کە بە واتایەک، بە مەبەستگەرا ناودێری دەکەن. هەندێک جار لەچاو دەقی سەرەکی، وشەگەلی زیاتر بەکار دەهێنرێت و هەندێک جاریش کەمتر. جێی سەرسوورمان نییە کە (سەرلەنوێ دارشتنەوە) دەبێتە شتێکی ڕێپێدراو (بەشێک لەجیاتی گشت). بەم جۆرە، بەبێ هیچ ماندووبوونێک، کەڵک لە وردەکارییەکانی شێوازەکان و هەروەها لۆژیکی دال وەردەگرین.

### 3. وەرگێڕان بە ئامێر

ئەو بەرهەمە نوێیانەی کە خۆیان بە بابەتی وەرگێڕانەوە سەرقاڵ دەکەن، بە پشتبەستن بە زمانناسی، کێشەکانی وەرگێڕان لە ڕێگەی بەکارهێنانی وەرگێڕانی ڕاستەقینە –نەک ئەو وەرگێڕانانەی کە لەبەر پێویستی ئەنجام دەدرێن– بە وردی دەخەنە بەر توێژینەوە، تا لەم ڕێگەیەوە پرۆسەکانی پەڕینەوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە، فامهەڵگر بێت.

| | |
|---|---|
| “Beyrouth-Constam- ment en deplacement dans les deverses capitales arabes ou en tournee dans les bases de fedayin et les camp de refugies,sans domicile fixe,ne dormant jamais deux nuit consecutives au meme endroit,M.Yes- ser Arafat,don’t les mou vement sont entoures du plus grand secret pour desraisons de se- curite,passer pour etre un home insaisissable,meme pour ses collabo- rateurs les plus proches. Le monde, 10 mati 1974” | “Beirut – Evenhis closest associates see Arafat as something of a will o’the wisp. He is forever hopping from one Arab capital to another or doing the round of fedayeen bases and refugee camps: he has ni fixed address and,for security reasons,never spends two nights in a row under the some roof. The Guardian Weekly. 18 mai 1974” |

کەسی ناپسپۆڕ، یان بە واتایەک خوێندکاری ساڵی یەکەمی زانکۆ، تەنانەت لە ئاستی هەرە باڵادا (جووتزمان بێت یاخود نا)، لە هەمبەر بەرفراوانییەتی گۆڕانکارییەکاندا، کە پێدەچێت زیاتر بەپێی زەوق و ئارەزوو بێت، وەک لەوەی بەپێی لۆژیک بێت، تووشی سەرلێشێوان دەبێت. ئەوان بە دڵنیاییەوە دەڵێن: ئایا وەرگێڕانی وشەبەوشە باشتر نییە؟ لە ڕێگەی ئەو بابەتانەی کە **ژاکلین گیۆمەن**[1] بە کەڵکوەرگرتن لە تیۆری **ئانتوان کۆلیۆلی**[2] باسی دەکات، هەموو شتێکمان بۆ ڕوون دەبێتەوە:

1- زمانی ئینگلیزی حەزی لە ڕەچاوکردنی لەم جۆرەیە: بکەر+کردار+بەرکار. لە نێوان ئەمانەشدا هیچ توخمێکی تر قبووڵ ناکات، بەڵام لە زمانی فەرەنسیدا بە پێچەوانەوەیە: بکەر (M.Yasser Arafat) لە زمانی فەرەنسیدا دواتر دەهێنرێت، بە پێچەوانەوە لە ئینگلیزیدا بکەر لە سەرەتادا دێت.

2- زمانی ئینگلیزی زیاتر کەڵک لە هاوئاستی وەردەگرێت و زمانی فەرەنسی لە ناهاوئاستی. بۆیە، گوزارەی

"don't les mouvements sont entouress du plus grand secret"

پێویستی بە چاکسازییەکی بنەڕەتی هەیە، لەوانە: گۆڕینی بەشی دووەمی ڕستە بۆ بەشی یەکەمی ڕستە.

3- زمانی ئینگلیزی دۆخی (ئێستا)ی کردارەکانی پێ باشترە، بەڵام زمانی فەرەنسی دۆخی ڕابردووی کردارەکان بەکار دەهێنێت. بەم جۆرە، شێوەی وەسفکارانە

"ne dormant jamais dexu nuits au meme endroit"

---

[1] - Jacqueline Guillemin
[2] - Antoine Culioli

دەگۆڕدرێت بۆ بەشی یەکەمی ڕستە:

"he [...]never spends two nights in a row under the same roof"

دیارە ناسینی میکانیزمی ئەم پرۆسەیە، هەم بۆ مامۆستا و هەم بۆ خوێندکار بەسوودە. مامۆستا دەتوانێت بەم شێوازە وەرگێڕانی خۆی زیاتر ڕوون بکاتەوە، خوێندکاریش دەتوانێت بەسەر تەکنیکەکانی پەڕینەوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکەدا زاڵبێت. لە ڕاستیدا خوێندکار ناتوانێت وەها شیکارییەک لەناو کتێبەکانی ڕێزمان، یان قامووسەکاندا بدۆزێتەوە؛ کتێبەکانی توێژینەوەی وەرگێڕان دەتوانن پێویستییە ڕێزمانییەکان لە ئاستێکی بالاتردا چارەسەر بکەن، بەلام بەکارهێنانی ئەم کتێبانە لە زانکۆدا (لانیکەم لە *فەڕەنسا*) هیچ مێژوویەکی نییە.

ئەم شێوازە هەندێک ڕەخنەگریشی هەیە: چۆن دەتوانرێت وەرگێڕان لە چەند (کردە)دا کورت بکرێنەوە؟ لە ڕاستیدا واتای دەستەواژەی (وەرگێڕانی ئۆتۆماتیک) بە واتا میکانیکیەکەی، بە تەنیا بریتیی نییە لە وەرگێڕان لە ڕێگەی ئامێری ماشین، یان کۆمپیوتەرەوە. زانستی ئەنفۆڕماتیک، لە کۆتایی دووەم جەنگی جیهانییدا ئەم بیرکردنەوەیەی هێنایە ئاراوە، کە دواجار دەتوانرێت ئامێری وەرگێڕان دروست بکرێت و مرۆڤ لە شەڕی تەلیسمی بابل ڕزگار بکات، بەلام لە ساڵی 1990دا، وەرگێڕانی بەئامێر؛ بە تەنیا 83٪ی ئەو وەرگێڕانانە بوو کە لە *ئەوروپا* و *ئەمریکا*دا بە دەستی مرۆڤ ئەنجام درابوون، (لە *ژاپۆن* کۆی وەرگێڕان 2/32 بوو). ئەنجامە دەسکەوتووەکانی سیستمی **سیستران**[١]، کە کۆمسیۆنی یەکێتی ئەوروپا کاری پێ دەکات، ئێجگار گرنگە. نموونەی خوارەوە سەلمێنەری ئەم

---

[1]- sistran

ڕاستییەیە کە دەقێک گۆڕانکاری تێدا نەکرێت، دەقێکی فامهەڵگرە، بەڵام ئەو دەستەواژانەی کە بۆڵد(تۆخ) کراون، پێویستیان بە چاککردن هەیە. وەرگێڕانی بە ئامێر لە ئاستی (پڕۆسەی وەرگێڕان)دا نییە. لە کتێبەکانی بواری توێژینەوەی وەرگێڕاندا، ئەم پڕۆسەیە تاوتوێ دەکرێت و بیردۆزەکان لەو باوەڕەدان کە وەرگێڕان دەربڕینێکی سەرلەنوێیە، بەگوێرەی ئەم پێناسەیە، ئامێر تەنانەت چەند پێشکەوتووش بێت ناتوانێت ئەم کارە (واتە وەرگێڕان) بکات.

| | |
|---|---|
| Original- Construction companies are required to notify the inspecto rate of site lasting six weeks of more; much of the work of small companies lasts less than this time'and locating the work site of small companies can be a difficult and time – consuming process. | TA- Des societies de construction sont exi- gess d' informer l'inspec-torat des emplacements Durant six semaines ou advantage: une grande partie du travail de – tes socites dure moins que ce temps,et le repe- rage de l'emplacement de travail de petites societies peut etre un processus difficile et long. |

# وەرزی شەشەم
# نیشانەکانی وەرگێڕان

## 1. لە سیستمێکی نیشانەییەوە بۆ سیستمێکی تر

سێیەمین جۆری وەرگێڕان کە **یاکۆبسن** باسی دەکات، وەرگێڕانی (نێوان نیشانەیی)یە، (واتە دەربڕینی نیشانە زمانییەکان، بە سیستمی نیشانەیەکی نازمانی). ئەم پێناسەیە تەمومژاوی دێتە بەرچاو، چونکە گواستنەوەی سیستمێکی نیشانەیی بۆ سیستمێکی تر، وەک هەڵگەڕاندنەوەی زمان بۆ مۆسیقا، سەما، سینەما یان شێوەکارییە، ئەمەش زۆر لە واتای کرداری وەرگێڕانەوە دوورە. سەرەتا، گۆڕینی دەربڕین لە بواری هونەردا حاشاهەڵنەگرە، بۆ نموونە گۆڕینی ڕۆمانی **تۆماس هاردی**[1] بۆ فیلمی (Test) لە دەرهێنانی **ڕۆمان پۆلانسکی**؛ بەڵام لەم بوارەدا، زیاتر (وەرگرتن) بەرچاو دەکەوێت وەک لە (وەرگێڕان)ی بەرهەمێک، ئەم وشەیە کاتێک وا دادەنرێت، پارچەیەک مۆسیقا دەیەوێت دەرخەری (یان ڕەنگدانەوەی) تابلۆیەکی شێوەکاری بێت، لەوانە تابلۆکانی

[1] - Tess of the d'urbevilles

پێشانگەی شێوەکاری **مۆزۆرسکی**[1](1874)، بە شێوەی میتافۆڕیک بەکار دەهێنرێت، تەنانەت لە *خاڵ و هێڵی سەر خاڵ*دا، **کاندینسکی**[2] چەندین هونەری جۆراوجۆر تێهەڵکێش دەکات، **پۆل کلێ**[3] لە کتێبی *تیۆری هونەری مۆدێرن*دا توخمەکانی ڕێزمان (هاوشێوەی ڕێزمان لە زمانناسیدا) دەخاتە ڕوو.

بێگومان دەتوانرێت ڕەخنە لەم شێوازە بگیرێت لەبەر ئەنجامگیرییە پێشوەختەکەی، (چونکە هەموو شتێک زمانە) هەموو شتێکیش وەردەگێڕدرێتەوە، وەک شیعری **بۆدلێر** لە *نامەکان*دا. ئەم جۆرە گۆڕانکارییانە بوارێکی بەرفراوان بۆ پانتایی توێژینەوەکان دەڕەخسێنن، زیاتریش پەیوەندیی بە گۆڕینی دەربڕینەوە هەیە و ئەم گۆڕینی دەربڕینە بە ڕادەیەکە، چیتر ناتوانرێت بە وەرگێڕان، بە واتا باوەکەی، ناودێر بکرێت. لە هەمبەریشدا، سیستمی نێوان نیشانەیی داتایەکی بنەڕەتییە. لە قەڵەمڕەوی خودی وشەکاندا، کە خاوەنی سروشتێکی چەندڕەهەندین، وشە نووسراوەکانی سەر پەڕەی کاغەز هەموویان دالی بینراون، بەڵام دەتوانن لە ئاخافتندا بگۆڕدرێن بە دالی بیستراو، لە زمانی ئاماژەشدا بگۆڕدرێن بە جووڵەی دەستەکان، لە زمانی *برێل*یشدا بگۆڕدرێن بە دالی لەمسکراو. ئەم توانایەی وەرگێڕانی ئۆتۆماتیکی، نیشانەکان بە ڕادەیەک سروشتییە، بە دەگمەن ئاوڕیان لێ دەدرێتەوە. بەگوێرەی پێویستی، یەک، یان چەند شێواز بە تێکڕا هەڵدەبژێردرێن (وەک ئەکتەرێک کە بە دەنگی بەرز پرۆڤەی دەقێک دەکات)،

---

[1] - Moussorgski
[2] - Kandinski
[3] - Paul Klee

فۆڕمی داڵەکان بە تەنێ، بێواتا دێنە بەرچاو و بەندن بە دۆخەوە. کاتێک زمان شێوازێکی شیعرئاسای هەیە، دۆخەکە تەواو جیاوازە. لەم حاڵەتەدا سیستمی نێوان نیشانەیی، خۆی ئامادە دەکات. شیعری چینی نموونەیەکی بەرچاوی ئەم حاڵەتەیە: هاوواتای (کاراکتەر) لە نەریتی ڕۆژئاواییدا (هێما)یە، خۆی سەرچاوەی گەلێک لێکدراوی ناوەکی جۆراوجۆرە. بەم جۆرە، لە دێڕە شیعرێکدا پێنج هێما هاتوون، کە وەرگێڕانی وشەبەوشەی بەم شێوەیە دەبێت: لق + سەر(کۆتایی) + ماگنۆلینا + گوڵەکان. ڕێزمانی چینی وەک زمانی فەڕەنسی ناکات (گوڵەباخێک une rose rouge)، وەک زمانی ئینگلیزی (a red rose) ڕیزبەندییەکەی پێچەوانەیە. **فرانسوا چێنگ**[1] ئەم دێڕە بەم شێوەیە وەردەگێڕێتەوە:

Au bout des branches,fleurs de magnolina

(سەرلقەکانی گوڵە ماگنۆلیاکان)؛ بەڵام شێوەی بینراوی داڵەکان، بەشە پێکەوەبەستراوەکانی شیعرن، چونکە تەنانەت خوێنەرێکیش کە زمانی چینی نازانێت، بەرانبەر بە شێوەی بینراوی ئەم هێمایانە هەستیارە؛ هێماگەلێک، کە دەبێت دوابەدوای یەک بێن، تا لەگەڵ واتای شیعرەکەدا بێنەوە. بە خوێندنەوەی یەک لە دوای یەکی هێماکان، لە ڕاستیدا وا هەست دەکرێت خەریکین پرۆسەی گەشانەوەی درەختێک دەبینین (هێمای یەکەم: درەختی ڕووت. هێمای دووەم: شتێک کە لە سەرلقەکانەوە دەڕوێت. هێمای سێیەم: خونچەیەک کە دەپشکوێت. هێمای چوارەم: پشکوتنی خونچە. هێمای پێنجەم: کرانەوەی گوڵ.). کەواتە دەتوانرێت بەم جۆرە ئەنجامگیری بکرێت، کە شیعری چینی وەرناگێڕدرێتەوە. دەشتوانین بڵێین

---

[1] - Francois Cjeng

ئەم بابەتە بۆ هەموو شیعرێک ڕاستە. **یاکۆبسن** و زۆر کەسی تریش، لەوانە **ژۆلین گرین**[1] لە کتێبی *زمان و کۆپییەکەی*دا بەم دەرئەنجامە گەیشتوون.

لەجیاتی بینینی (کەموکوڕی) لە زمانەکاندا بەگشتی و وەرگێڕان بەتایبەتی، دەتوانرێت ئەم بابەتە وەک سەرچاوەیەکی بەنرخ چاو لێ بکرێت. بە باوەڕی **بنجامین**، یان **بۆرخێس**، یەکەکانی زمان، یەکەگەلی جێگیر و چەسپاو نین و بە پێچەوانەی تێگەیشتنەکان بۆ (قۆناغی زمانناسیی گشتی) **سوسور**، ئەم یەکانە (یەکەگەلی جۆراوجۆرن)، گوتەکەی **ئالین شۆڵمەن**[2] وەرگێڕی **سێرڤانتس** پشتڕاست دەکاتەوە، کە دەڵێت: "وەرگێڕان نووسینی سەرلەنوێیە"، بەڵام دەتوانرێت ئەدەبیاتیش تێپەڕێنرێت: هەر لە یەکەم وشەی زمانێکی بیانییەوە، لەوانە sea و بۆ کەسێکی فەڕەنسی، جیهانێکی تری دالەکانی بە ڕوودا دەکرێتەوە. بە دانانی هاوواتای sea لە بەرانبەر mer هیچ ڕەهەندێکی واتایی دەستەبەر نابێت. چالاکیی مەبەست، پەڕینەوەیە لە سیستمێکەوە بۆ سیستمێکی تر.

### 2. وەرگێڕان و بەجیهانیبوون

با وای دابنێین ئێمە لەمێژە لە(گوندی جیهانی)دا دەژین. ئەم ڕستەیە ئەمڕۆکە بە تەواوەتی کۆن بووە و سواوە، **مارشاڵ مەکلۆهان**[3] بۆ یەکەم جار لە ساڵی 1964 لە کتێبی بۆ *تێگەیشتن لە میدیاکان*دا بەکاری هێنا. لە (سەردەمی بەجیهانیبوون)دا کەسانێک هەن، کە تەنیا باس لە

---

[1]- Julien Green
[2]- Aline Schulman
[3]- Marshal Mcluhan

بەرژەوەندییەکان دەکەن، بەتایبەت ئەو شتەی کە بە یارمەتی تەکنۆلۆژیای مۆدێرنی زانیاری و کۆمینیکەیشن و ئینتەرنێت، پەیوەندیی بە زمانەوە هەیە. ئەم جۆرە ڕوانینە تەکنۆلۆژیکییە، بۆ کۆمەڵگە و جیهان لە بوارەکانی سیاسەت، ئابووری و کولتووردا زیاتر لە جاران ڕەخنەی لەسەرە. براوەی خەڵاتی نۆبلی ئابووری، **ژۆزێف ئێستیگلیتز**[1]، ڕاوێژکاری پێشووی **بیل کلنیتۆن**[2] لە ساڵی 2002، کتێبی *بەجیهانیکردن و نەیارەکانی*[3] نووسی، بەم ناوەوە وەرگێڕدرایەوە بۆ زمانی فەرەنسی(grande desillusion). بەجیهانیبوونی نیولیبڕاڵ و تەکنۆکراتیک، کە ئەمڕۆ ڕوانگەی زاڵە، لە ناچاری نییە، بۆیە کەسانی وەک **دۆمینیک والتۆن**[4] لە کتێبی *بەجیهانیبوونێکی تردا* لە دژی قسە دەکەن.

**والتۆن** باس لە سێ جۆر بەجیهانیبوونی جۆراوجۆر دەکات: 1) بەجیهانیبوون هاوکاتە لەگەڵ پێکهاتنی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، لە پاش دووەم جەنگی جیهانی، بە مەبەستی مسۆگەرکردنی نەزمی نێودەوڵەتی، وێڕای لە بەرچاوگرتنی نەتەوەکان و کولتوورەکان. 2) پەرەسەندنی ئابووری جیهانی و بازاڕ. 3) بەجیهانیبوون تەنیا سیاسی و ئابووری نییە، بەڵکو کولتووریشە. ئەم جۆرە ڕوانینە بۆ بەجیهانیبوون، گرنگیی تایبەتیی خۆی هەیە، چونکە بە پێچەوانەی ڕوانگەی ساویلکانە، زانیاری بە واتای پەیوەندی (کۆمینیکەیشن)ە؛ "ڕووداوی هەرە گرنگیی سەرەتای سەدەی بیستویەک، دەرکەوتنی سێکوچکەی "شوناس – کولتوور –

---

[1] - Joseph Estiglitz
[2] - Bill Clinton
[3] - Globalization andits Discontents
[4]- Dominique Wolton

پەیوەندی"یە. شەڕ و پێکادان و تێکهەڵچوونە سیاسییەکان ئەمە دەردەخەن. جگە لە نەبوونی یەکسانی لەمێژینەی نێوان باکوور و باشوور، مەترسییە سیاسییەکانی پەیوەندیدار بە کولتوور و کۆمینیکەیشنیشی دێتە سەر". دەبێت ئەوەش بڵێین، کە وەرگێڕان لەم سێ جۆرە بەجیهانیبوونە دانابڕێت: وەرگێڕانی هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی دادگای **نۆرێمبێرگ**[1]، دەستی پێکرد. هۆکاری پێشکەوتنی بەرچاوی وەرگێڕانی نووسراو و زارەکی لە سەردەمی هاوچەرخدا، دامەزراندنی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان (یەکەم بەجیهانیبوون) و هەروەها پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا (دووەمین بەجیهانیبوون)ە. جگە لەوەی باس کرا، ناتوانرێت زمان و کولتوور لێک داببڕدرێن، کەواتە وەرگێڕان لە قۆناغی دواتری بەجیهانیبووندا، واتە(سێیەمین بەجیهانیبوون)، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە.

دەبێت سەرلەنوێ ئەم بابەتە تاوتوێ بکەینەوە، بەڵام دەبێت شێوەی چوارەمیش بخەینە سەر ئەم بابەتە: لە سەردەمی پەیوەندییە بەکۆمەڵەکان و گشتگیربوونی ئاڵوگۆڕەکان و گەشتەکاندا، خەڵک بەرەو ڕووی چالاکیگەلێک دەبنەوە کە لە ڕابردوودا تەنیا پسپۆڕان و دەستەبژێرەکان بۆیان هەبوو پێیانەوە خەریک بن.

پەرەسەندنی وەرگێڕان لەبەر هۆکارێکی ئێجگار سادە، زۆر گشتگیرە؛ گرنگیی وەرگێڕان، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر دەبێت، بەگوێرەی پێناسەکەی، ئێمە هەرگیز ناتوانین وەک پێویست پسپۆڕی کارامە پێ بگەینین. یەکێتی ئەورووپا نموونەیەکی باشە بۆ ئەم بابەتە؛ ئەو زمانانەی لەو یەکێتییەدا بەکار دەهێنرێن، لە چوار زمانەوە بەرز بووەتەوە بۆ یازدە زمان. لە

---

[1]- Nuremberg

دانیشتنێکدا دەبێت قسەکان وەربگێڕدرێنەوە بۆ یازدە زمان، پاشان هەر کام لەم زمانانە دەبێت وەربگێڕدرێنەوە بۆ 110 زمان. لەوانە؛ هەندێک وەرگێڕانی دەگمەن لە یۆنانییەوە بۆ دانیمارکی، یان لە فنلاندییەوە بۆ پرتوگالی، هەروەها بە کەڵکوەرگرتن لە پێنج زمانی تر، ڕێژەی زمانەکان لە 110 بەرز دەبێتەوە بۆ 240، ژمارەی ئەم زمانانە لە یازدەوە دەبێتە 462 زمان. کەواتە لەگەڵ پەرەسەندنی کۆمەڵەی زمانەکاندا، ئێمە بەرەو ڕووی گەلێک کێشەی گەورەی تەکنیکی و دارایی دەبینەوە. دیارە لە ژیانی ڕۆژانەماندا کاتێک گەشت دەکەین بۆ وڵاتێکی بیانی، یان سوود لە ئینتەرنێت وەردەگرین، ناتوانین کەڵک لە خزمەتگوزارییە ئێجگار پێشکەوتووەکەی وەرگێڕانی یەکێتی ئەورووپا وەربگرین. دەرئەنجامی ئاسایی ئەم بابەتە ئەمە دەبێت، کە ناچارین بەبێ سوودوەرگرتن لە پسپۆڕەکان، خۆمان وەرگێڕان بکەین، تەنانەت ئەگەر بۆ کەیفخۆشی، یان ڕاپەڕاندنی پێداویستییە پیشەییەکانمان بێت (لێکۆڵەر، هەواڵنێر، کتێبدار و...).

هەر بۆیە وەرگێڕانی بەئامێر، یان وەرگێڕان بە یارمەتی کۆمپیوتەر، دەکرێت یارمەتییەکی باش بێت. —بەتایبەت بۆ وەرگێڕانە دووپاتەوەبووەکان- ئەوەی بۆ وەرگێڕانی نووسراو ڕاستە، دەکرێت بۆ وەرگێڕانی زارەکییش کارتێکەری هەبێت: "لە بنەڕەتدا، هیچ بەربەستێکمان لە بەردەمدا نییە بۆ پێشبینیکردنی ئەوەی تا چەند ساڵی داهاتوو قسەکانی کەسێک کە لە کۆمەڵەیەکی نێودەوڵەتیدا بە زمانی ئەڵمانی دەئاخفێت، لە ڕێگەی ئامێرێکەوە بکرێت بە نووسراو، بە شێوەی ئۆتۆماتیک وەربگێڕدرێتەوە بۆ زمانی فەڕەنسی، پاشان لە ڕێگەی ئامێرێکەوە بەم زمانە بێژە بکرێت، ئەویش بە خێراییەکی

هێندەی وەرگێڕانی هاوکات. هەرچۆنێک بێت ئەم جۆرە وەرگێڕانە،(نووسراو و زارەکی یەکە) بە ئامێرکراوە، پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە؛ هەمیشە پێویستمان بە خزمەتگوزارییەکانی وەرگێڕێک (نووسراو و زارەکی) هەیە، بەڵام با وای دابنێین ئەم کێشەیە چارەسەر بووە، واتە، یان کۆمپیوتەر هێندەی پێویست کارامە بووە، یان تاک گەیشتووەتە ئاستێکی بالای زانیاری لە بواری زماندا، بە جۆرێک کە بەبێ هیچ جیاوازییەک، لە زمانێکەوە دەپەڕێتەوە بۆ زمانێکی تر. ئاستێکی ئاوهای توانا و لێهاتوویی، هەرچەندەش پێویست بێت، دواجار ڕەهەندی تەکنیکی هەیە و لە ئەنجامدا تەنیا ئامرازێکە، نەک ئەوەی کە ئامانج بێت. لە بیرکردنی ئەم بابەتە، بە واتای لە بیرکردنی گرنگیی سێیەمین قۆناغی بەجیهانیبوون، کە هەرە گرنگەکەیانە، هەروەها لە بیرکردنی ئەوەی کە زمانەکان ئامرازی ئاڵوگۆڕکردن نین، بەڵکو بە پێچەوانەوە، بنەمای شوناسن.

### 3. نیشانەناسی وەرگێڕان

دوایین قۆناغی بەجیهانیبوون، کە بە ناچاری تێیداین و تێیدا نوقم بووین، نەک تەنیا (نێوان نیشانەیی)یە -یان ماڵتی میدیا، کە وشەیەکی باوتر، بەڵام سنووردارکەرترە- و تاکزماننییە، بەڵکو سەروکاری لەگەڵ چەندین زماندا هەیە. تەکنۆلۆژیا نوێیەکان زەمەن و شوێنیان داگیر کردووە. بە هۆی کەمبوونەوەی بەرچاوی ئەو چالاکییانەی لە ئێمەوە دوورن (بەتایبەت بە یارمەتی ئینتەرنێت و بەرنامەکانی سەتەلایت و تەلەفزیۆن)، چ لە ئاستی ناوچەیی، یان نێودەوڵەتی، جیهانێکی

-وەک دەڵێن- قەسالین[١]، بەڵام ڕاستەقینەیان خوڵقاند، هاوشێوەی گەشتیارەکەی **بۆدلێر** لە *نامەکان*دا: "مرۆڤ بەناو کۆمەڵێکی چڕی هێماکاندا ڕادەبورێت، ئەوانیش بە چاوی کەسێکی ناسراوەوە لێی دەڕوانن". لە میدیاکاندا، بۆ نموونە هەواڵنێران، لە هەواڵەکاندا زیاتر کەڵک لە (چەند دەستەواژە)یەک وەردەگرن، تەنانەت لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانیشدا. "بەرنامە کۆمپیوتەرییەکان بە یارمەتی شێوازەکانی دیزاینی لاپەڕەکان، بەسەر خەتدا زاڵ بوون و بە تەواوەتی دەکەونە خزمەتی دەق و وێنەوە. بۆ نموونە ئەگەر وێنەیەک بازنەیی بێت، دەتوانرێت بە ئاسانی دەقێک بخرێتە چواردەورییەوە"[٢].

کەواتە شێوازێکی دەربڕین دەتوانێت بکەوێتە خزمەتی شێوازەکانی ترەوە (مەبەست بەکارهێنانی وێنەیە لە جیهانی ئەمڕۆدا). هەروەها دەتوانێت هەندێک لێکدراوی نوێش چێ بکات. ئەم تێکەڵبوونەی فۆرم و ناوەڕۆک، ئەم (وردبوون)ەی هەموو شێوازەکانی دەربڕین، تەنانەت ڕێگە بە پێشبینیکردنی شێوازگەلی نوێش دەدات کە بە قۆناغێکی نووسین دێتە ئەژمار. لە جیهانێکدا کە تێیدا دەژین، هەر کام لەو سێ جۆرە وەرگێڕانەی کە یاکۆبسن باسیان دەکات، ڕۆڵی گرنگیی خۆیان دەبینن.

کەواتە دەبێت چاوەڕێ بین تا وەرگێڕان لە هەناوی لقێکی گشتیتردا، لەوانە زانستی نیشانەکان، تاوتوێ بکرێت، زانستێک

---

[1]- مەجازی

[2]- Voir J.Mouriquand,L’eriture journalistique,Paris,PUF,n3223,1997,p.26

کە **پیرس** بە سیمیۆتیک[١] ناودێری کرد و **سوسور** بە سیمیۆلۆژیا[٢]. تا ماوەیەک بەر لە ئێستا، وشەی سیمیۆتیک لە *فەرەنسا*دا هێندە باو نەبوو: "فێربوونی زانستی سیمیۆتیک، کارێکی ئاسان نییە. ئەو بەرهەمانەی لە ساڵی 1976 بە دواوە بڵاو کراونەتەوە، کێشەی سەرەکییان چارەسەر نەکردووە، چونکە گواستنەوەی زانستی سیمیۆتیک، زۆر جار بە شێوەی زارەکی ئەنجام دەدرێت"؛ بەڵام لە وڵاتانی دیکەدا، لەوانە (*کەنەدا*، *ئەمریکا*، *بەلژیکا*، *هۆڵەندا*، وڵاتانی ئەورووپای باکوور و...) بەو جۆرە نییە.

لە کتێبێکدا کە **ئان هێنۆڵت**[٣] بڵاوی کردەوە، هاتووە: "ئەم کۆمەڵە، ڕەنگدانەوەی گەلێک بابەتی جۆراوجۆری سیمیۆتیکە؛ بەڵام تێیدا گرنگییەکی تایبەتی دراوە بە وێنە، ڕێکلام، تەلارسازی، بایۆلۆژیا، ئەدەبیات و مۆسیقا. بە ئاسانی دەتوانرێت وەرگێڕانیش بخرێتە سەر ئەم لیستە. دەتوانین بڵێین ئەم بابەتە لە سێ سەرچاوەوە ئیلهامی وەرگرتووە؛ یەکەم: کتێبی **دیندا گۆرلی**[٤]، کە ناونیشانەکەی زۆر ڕوون و ئاشکرایە:

"Samiotics and the problem of trantion:with special reference to the semiotics of Charles S.Perice(1993)"

سەرچاوەی دووەم: قوتابخانەی *تارتۆیە*[٥] لە *ستۆنی*، شوێنێک کە **پیتەر تۆرۆپ**[٦] بوو بە جێگرەوەی **لۆری لاتمەن**[٧]،

---

[1]- Semiotique
[2]- Semiologie
[3]- Anne Henault
[4]- Dinda Gorlee
[5]- Tartu
[6]- Peeter Torop
[7]- Louri Lotman

(ئەو قوتابی فۆڕمالیستە ڕووسییەکانی وەک **ڤلادیمیر پرۆپ**[1] و یەکێک لە شارەزایانی بەرهەمەکانی **پوشکین**[2] بوو). کتێبەکەی ئەو، *وەرگێڕانی تەواوەتی*[3]، هێشتا وەرنەگێڕدرابووەوە سەر زمانی ڕووسی، کە **ئۆسیمۆ**[4] وەریگێڕایەوە بۆ زمانی ئیتاڵی. لە وتارێکی ئینگلیزیدا کە لە بەردەستە، **تۆرۆپ** ئەندێشەکانی **لاتمەن**ی دەوڵەمەند کرد، دیارە بە سوودوەرگرتن لە بۆچوونەکانی **یاکۆبسن**، **پیرس**، **بێکتین** و **ڤینۆتی**.

دوو بەرهەمی **ئۆمبێرتۆ ئێکۆ**[5]، وەک سێیەم سەرچاوەی خۆمان دەناسێنین، چونکە ئەزموونی زۆری لە بواری وەرگێڕاندا هەیە و بەرهەمەکەشی وەرگێڕدراوەتەوە سەر دەیان زمان. جیا لەوەش؛ بە پشتبەستن بە ڕۆمانی Le nom de la Rose و کتێبەکەی تری واتە Dire quasi la stessa casa *تا ڕادەیەک گوتنی شتێک*؛ فیلمێکی سینەماییان چێ کردووە. هەروەها دەتوانین قوتابخانەی تەل ئاویو (تیۆری سیستمی چەندڕەهەندی) و هەندێک سەرچاوەی تری وەک زمانی فەڕەنسی بخەینە سەر ئەم لیستە، بەڵام دەبێت چاوەڕێ بکەین تا بەجیهانیبوونی دیکە، گرنگیی ڕەهەندی سیمیۆتیکی وەرگێڕان زیاتر بکات.

[1]- Vladimir Propp
[2]- Pouchkine
[3]- Total nyj perevod
[4]- Osimo
[5]- Umberto Eco

## 4. وەرگێڕان لە خزمەتی زمانەکاندا

لە بڕگەی شەشی جاڕنامەی جیهانیی یونسکۆدا، سەبارەت بە فرەچەشنێتیی کولتوورەکان، کە لە نۆڤەمبەری ساڵی پەسەند کرا، هاتووە: "ئازادی ڕادەربڕین، فرەچەشنێتی میدیاکان، فرەزمانی، یەکسانی دەستڕاگەیشتن بە دەربڕینی هونەری، زانستەکان و تەکنۆلۆژیا، ڕەخساندنی دەرەتان بۆ هەموو کولتوورەکان لەناو میدیا گشتییەکاندا، گەرەنتی فرەچەشنێتی کولتوورەکان دەکات"[1]. ڕەنگاوڕەنگیی کولتوورەکان، وشەیەکی هەڕەمەکی نییە، چونکە وەک بەڕێوەبەری گشتیی یونسکۆ گوتی: "دوا دەیەی سەدەی بیستەم، گەلێک شەڕ و پێکدادانی بەخۆوە بینی، کە دەگوترێت هۆکارەکەی جیاوازی نێوان کولتوورەکانە." لەبەر ئەوە **ویلتۆن** بە بانگەشەکاری "پێکەوەژیانی کولتووری" دێتە ئەژمار، چونکە خوازیاری "دانانی بە فرەچەشنێتی زمانەکان"ە. "فرەچەشنێتی زمانەکان، یەکەم مەرجی ڕەنگاوڕەنگیی کولتووری و گرنگترین واقعیەتی سیاسی، جیهانی هاوچەرخە". پەرەسەندنی دەسەڵاتی زمانی ئینگلیزی بەسەر زمانەکانی دیکەدا شتێکی بێمانایە. بەگوێرەی پێشنیاری **کلۆد هەژاژ**، دەتوانرێت بە زووترین کات فێربوونی سێ زمان دەست پێبکرێت، زمانی نەتەوەیی، زمانی دڵخواز و زمانی ئینگلیزی. یونسکۆش، ئاشکرا لەم پێناوەدا هەنگاو دەنێت. لە بڕگەی دوازدەی جاڕنامەی جیهانیی قبووڵکردنی ڕەنگاوڕەنگیی زمانەکاندا، وێڕای پاراستنی حورمەتی زمانی دایک، لە هەموو ئاستەکانی خوێندن و لە هەر کات و ساتێکدا کە بڕەخسێت، هەر بە منداڵی جەخت لەسەر هاندانی فێربوونی چەندین زمان کراوە. ئێستا پرسی زمانەکان، زیاتر لە هەموو کاتێکی تر بووەتە بابەتێکی جیهانی، کە هەموو

---

[1]- Declaration Universalle de l’Unesco sur la diversite culturelle,Paris,Ed.de l’Unesco,2000

کۆمەڵگا مرۆییەکانی بەخۆوە سەرقاڵ کردووە و وەرگێڕانیشی – کە گرنگییەکی بنەڕەتی هەیە- دەخەینە سەر **پۆل ڕیکۆری** فەیلەسووف، بە تاتوێکردنی سەرلەنوێی شیکارییەکەی **ئانتوان بێرمەن**، بە باشترین شێوە وەرگێڕان دەستنیشان دەکات و دەڵێت: "وەرگێڕان لە لایەکەوە لەناو زمانی تاکی بێگانەدایە، لە لایەکی ترەوە وەرگری بێگانەیە، لە هەناوی زمانی خۆیدا. کەواتە ئایا ناتوانرێت بگوترێت یادگە و مێژوو، ئەو ڕووداوە وەردەگێڕێت کە لە زمانی مەبەستی گێڕەرەوەدا گوازراوەتەوە؟"[1].

لە ڕاستیدا نابێت ناسینی زمانەکان سنووردار بکەین بۆ لەبەرگرتنەوە لە زمانێک، یان کۆمەڵە زمانێک کە دەیانزانین (خەڵکانێکی چەندزمان بەم شێوەیە دەتوانن فێری دەیان زمان بن)، یان بە دەربڕینێکی تر، بیگۆڕین بە تەکنیکێک، **ویڵتۆن** بە باشترین شێوە ئەمە نیشان دەدات، بە سوودوەرگرتن لە زاراوەکانی **هۆمبۆڵت** دەڵێت: "زمان بە تەنیا کۆمەڵێک وشە نییە، بەڵکو جۆرێکە لە بیرکردنەوە، وێناکردن، خەیاڵ و جیهانبینی. لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە، کەڵک لە هەمان بۆچوون و پێکهاتە زەینییەکان وەرناگیرێت و ئەرگۆمێنتەکان یەکسان نین". نابێت کەڵک لە وێنای زەینی زمانێکی دیکە وەربگیرێت، یان جیهانبینییەک بدرێتە پاڵ بیانییەک، کە هی ئەو نییە. بەراوردکردنی بەشی یەکەمی وتوبێژە دەروونییە بەناوبانگەکەی **هاملێت**[2] لە وەرگێڕانی **واڵتەر**[3] و وەرگێڕانی **ژان میشل دیپێر**[4] بە ڕوونی ئەمە دەردەخات:

---

[1]- P.Ricoeur,La marquee du passé,Revue de metaphysique et de morale,1998,n l,p.15

[2] - Hamlet

[3] - Voltaire

[4] - J.M.Departe

| | | |
|---|---|---|
| “To be,or not to be,that is the question,whether,t is nobler in the mind to suffer and arrows of outrageous fortune,Or to take armasagainst a sea of troules And by op-possing them[…] Shakespeare.” HAMLET,III, | “Demeure il faut choisir et passer a l’nstant DE la vie a la mort et de l’etre au neant.Dieux s’il en est eclairez mon courage sous la main qui m’outrage Supporter ou finir mon Malheur et mon sort. Voltaire” | “Etre ou ne pas etre telle est la question. Est-il plus noble pour l’espirt de souffrir Les coups et les fleches d’uneinjurieuse fortune Ou de prendre les armes contre Et en les affrontant y mettre fin?[…]” J.M.Deprats |

لە سەدەی هەژدەدا زمانی فەڕەنسی، زمانی لاتینی -کە خاوەنی پێگەیەکی هاوشێوەی زمانی ئینگلیزی لەم سەردەمەی ئێستادا- پەراوێز خست و وەلای نا. درەوشانەوەی زمانە زاڵەکان کێشەیەکی لەگەڵدایە، ئەویش هەستکردنە بە باڵادەستی، کە لەگەڵ پرەنسیپی ڕێزگرتن لە فرەچەشنێتیی کولتوورەکاندا نایەتەوە، کە لە جاڕنامەی یونسکۆدا باس کراوە. وەرگێڕان بە هۆی هاتوچۆی بەردەوامی نێوان دوو زمان و کولتوور بەنرخە، چونکە یەکێک لە باشترین شێوەکانی چاککردنی مەیلی ئەتنیکگەراییە لە کۆمەڵگاکاندا، کە هەموومان دەزانین چ دەرئەنجامگەلێکی هەیە.

بۆیە لە قازانجی وەرگێڕاندایە، لە قۆناغی دواناوەندییەوە بکەوێتە ناو وانەکانی خوێندنەوە، ئەویش بە شێوەیەکی جددی. لە خوێندنگەی دواناوەندیدا، قوتابییان فێری ئەندازیاری، یان فەلسەفەی **هێگڵ** دەکرێن، ئەی بۆچی فێری پرۆسەی پەڕینەوە لە زمانێک (یان کولتوورێک) بۆ زمانێکی دیکە نەکرێن؟ ئایا ئەم پێشنیارە گرنگ نییە و لە جێی خۆیدا نییە؟

## ئەنجامگیری

وەرگێڕان بە پلەی یەکەم، کردارێکە لە زماندا ئەنجام دەدرێت، هەر لەبەر ئەمە و وەک چۆن **سوسوریش** لە کتێبی *چەند وتارێک سەبارەت بە زمانناسیی گشتی*دا باشی پێکاوە و پێش ئەوەش، لە کتێبی *قۆناغی زمانناسیی گشتی*دا ئاماژەی پێ کردووە. ئەم پرۆسەیە بەسەر یەکەگەلی خاوەنی تایبەتمەندیگەلی دیاریکراوی نەگۆڕدا جێبەجێ ناکرێت، بەڵکو ئەم یەکە جیاوازانە ئەم تایبەتمەندییەیان هەیە، کە دەتوانن تا ناکۆتا کەڕەت دابەش بکرێن بەسەر یەکەگەلی بچووکتر. لە ڕاستیدا ئەم یەکانە تەنیا بە هۆی ئەو جیاوازییانەی کە لەناو زماندا هەیانە، نرخیان هەیە. هەر لەبەر ئەمە، دوو وشەی وەک sea، یان mer، یان هاوواتای لە هەر زمانێکی تردا، هەرگیز بە تەواوەتی هەمان واتایان نییە. لە کاتی پەڕینەوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، هەمیشە ناچارین (تا ڕادەیەک هەمان شت) بڵێین، وەک ناونیشانی کتێبەکەی **ئۆمبێرتۆ ئێکۆ**. ئەم جیاوازییە تا ڕادەیەک لە وشەدا ڕوونە.

بەبێ (تا ڕادەیەک)، زمانەکانی ئێمە لە ڕیزێک وشە زیاتر هیچ نین و پێگەی وەرگێڕان تا ئاستی گواستنەوەی وشەیەک، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە دادەبەزێت. لەم حاڵەتەدا وەرگێڕان، لە کردەیەکی وەڕزکەر و ناخۆش زیاتر هیچ نابێت و ئامێریش ناتوانێت باشتر لە مرۆڤ ئەم کارە بکات. هەر

ئەوەندە بەسە کە زمانەکانی مەبەست و سەرچاوە بزانین و بە ئاسانی کەڵک لە هەردوو زمانەکە وەربگرین. دەسەڵات بەسەر زمانەکاندا مەرجی پێویستە بۆ وەرگێڕان، بەڵام بەس نییە.

چەند ڕێگەیەک بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە هەیە. یەکەمین و باوترین ڕێگە، وەرگێڕان بە شێوازێکە، تێیدا وا هەست بکرێت دەق بەو زمانە نووسراوە، کە بۆی وەرگێڕاوەتەوە و بەم شێوەیە شەفافییەت هەیە و هیچ شوێنپێی زمانی سەرچاوە بەدی ناکرێت. ئەم شێوازەی وەرگێڕان، بۆ ڕستە و دەقی نائەدەبی بەکار دەهێنرێت و ئامانجی بنەڕەتییشی گواستنەوەی واتایە. گرنگیی فۆڕم دەکەوێتە پلەی دواترەوە، ڕستە هێندەی بکرێت دەبێت بە شێوەی زاراوەیی وەربگێڕدرێتەوە، ئەگینا هەر لەخۆوە تێگەیشتن لە دەق ئەستەم دەبێت، ئەوە لە کاتێکدایە کە دەبێت هەموو شتێک بە تێکڕا ئەم تێگەیشتنە ئاسانتر بکات. وەرگێڕان ئەگەر مەبەستگەرا نەبێت، بە جۆرێک هەڵەیە. ئەم شێوازە سەبارەت بە وەرگێڕانی زارەکییش ڕاستە.

شێوازی بەکارهێنراو سەبارەت بە (دەقە ئەدەبییەکان) بە پێچەوانەی دەقە نائەدەبییەکانە؛ ڕۆڵی پەیوەندی لەچاو ڕۆڵی ئەدەبی دەکەوێتە پلەی دواترەوە، یان بە واتایەک، واتا بە فۆڕمەوە بەستراوەتەوە. ئایا دەبێت دەقە ئەدەبییەکان بەگوێرەی زمانی مەبەست (بە جۆرێک، وەک بڵێیت: دەق بە زمانی مەبەست نووسرابێت) یان بە سەرنجدان بە زمانی سەرچاوە وەربگێڕێتەوە؟ خستنەڕووی ئەم پرسیارە بە کەڵکوەرگرتن لە وشەگەلی مەبەست و سەرچاوە واتایەکی ئەوتۆی نییە، وەک چۆن پرسیارکردن سەبارەت بە وەرگێڕانی ناوەوە و دەرەوە هەڵەیە. خستنەڕووی ئەم پرسیارە بە واتای

قبوولکردنی لێکجیابوونی واتا و فۆرمە، بۆچوونێک کە **فلۆبێر** ڕەخنەی لێ دەگرت. وەرگێڕانی واتا، بەبێ ڕەچاوکردنی فۆرم مەحاڵە.

لە لایەکەوە کەڵکوەرگرتن لە وشەی (ئەوی دی) دەتوانێت ڕێگەچارەیەک بێت بۆ ئەم ڕووبەڕووبوونەوە بێئەنجامە، وەک وەرگێڕانێک کە **هۆمبۆڵت** بە سوودی ئەوی دی (بێگانە) و بە زیانی نامۆ بەخۆبوون، پێشنیاری کرد. واتە سێیەمین جۆری وەرگێڕان کە **گۆتە** دەستنیشانی کرد، **مێشۆنیک** بە وەرگێڕانی (ناتۆکمە) و **بێرمەن** بە وەرگێڕانی (وشەبەوشە) ناودێریان کرد. ئەم شێوازانە سەرەڕای جیاوازییەکانیان، بە تەواوەتیی مەبەستگەرا و سەرچاوەگەرا نین. وەک **ئێدمۆند کاری** دەڵێت: "وەرگێڕانی ئەدەبی، تەنیا کردارێک لە زماندا نییە، بەڵکو چالاکییەکی ئەدەبییە،" واتە کردارێک بەسەر هێمادا. بە ڕای من باشترین ڕێگە بۆ پاراستنی لایەنی دراماتیکی (دەق) وەرگێڕانی وشەبەوشەی بەینابەینییە، واتە وەرگێڕانێک کە بایەخ بە ڕیزبەندی وشەکان، ژمارەی وشەکان و چڕبوونی وێنەکان دەدات. وەرگێڕانێک، تێیدا ڕوونبێژیی و داهێنەرانەبوونی دەق و پێکهاتەی دەقی سەرەکی ڕەچاو دەکرێت و جیا لەوەش، وەرگێڕان لە زمانی مەبەستەوە نزیکە.

دەستەواژەی (وەرگێڕانی وشەبەوشەی بەینابەینی)، تا ڕادەیەک ئامانجی وەرگێڕ دەستنیشان دەکات و ئەم ئامانجە لە لایەکەوە بەگوێرەی چییەتی دەقێک، کە دەبێت وەربگێڕدرێتەوە، دەگۆڕێت (شێوازی وەرگێڕانی ئەدەبیاتی منداڵان، چیرۆکگەلی سەرکێشی و شیعرگەلی سیمبۆلیک، جیاوازە) و لە لایەکی ترەوە ئەو بەشەش کە دەبێت وەربگێڕدرێت، کاریگەریی لەسەر ئامانج دادەنێت، چونکە هیچ

دەقێک بە یەکدەست وەرناگێڕدرێت، چونکە خۆیشی یەکدەست نییە. هەندێک لە ڕەخنەکان لەبەر بەکارهێنانی شێوازە جۆراوجۆرەکانی وەرگێڕان نییە، بەڵکو لەبەر یەکدەستکردنی وەرگێڕانە، واتە هەر هەمووی بخرێتە چوارچێوەیەکەوە. زۆر جار هەوڵ دەدرێت بە ڕەچاوکردنی خوێنەری (زمانی) مەبەست، وەرگێڕانێکی خۆیی و بالا پێشکەش بکرێت. لە ڕاستیدا ئەم شێوازە جەوهەری بنەڕەتیی دەق لەناو دەبات.

لە وەرگێڕانی ئەدەبیدا جێگەیەک بۆ جیاوازبوون هەیە، کە ئەم بابەتە بە ئاڕاستەی جاڕنامەی جیهانیی یونسکۆیە، سەبارەت بە فرەچەشنێتیی کولتوورەکان. ڕستەکەی **ئانتوان بێرمەن** واتە "خۆدەوڵەمەندکردن بە هۆی ئەوی دییەوە"، زیاتر لە هەموو کات و ساتێکی تر لە ئەدەبیات و بوارەکانی دیکەدا جێگەی خۆی هەیە. دیارە ئەمە دیاردەیەکی کاتی و تایبەت بە سەردەمی ئێستا نییە. هەر بۆیە **کارلۆس فۆینتێس**[1] نووسەری مەکسیکی و لایەنگری تێکەڵاوبوونی کولتوورەکان، دەڵێت: "باشترین وەرگێڕانی دۆن کیشۆت، بە زمانی ئینگلیزی، وەرگێڕانەکەی **تۆبیاس سمۆلێت**[2] (1721-1771) ی سکۆتلەندییە. دروستکردنی پردی پەیوەندی لە نێوان فرەچەشنێتییەکان، گرنگترین ڕۆڵی وەرگێڕانە.

---

[1]- Carlos Fuentes
[2] Tobias Smollet

## کتێبە چاپکراوەکانی وەرگێڕ:

١. هەشت نامە. گۆنتەرگراس. کینـزا بۆرۆئۆ. (بە هاوکاری). دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. سلێمانی ٢٠٠٢

٢. فێربین چۆن بە سەر ترس و دڵەڕاوکێی خۆماندا زاڵ بین. جۆرج باربارن. (بە هاوکاری). بنکەی ئەدەبی گەلاوێژ. سلێمانی ٢٠٠٢

٣. نامەیەک دەربارەی لێبوردن. جۆن لۆک.(بە هاوکاری). خانەی وەرگێڕان. سلێمانی ٢٠٠٤

٤. تێگەیشتنی تیۆرە سیاسییەکان. تۆماس سپراگێنز. خانەی وەرگێڕان. سلێمانی ٢٠٠٥

٥. کورتە مێژووی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵناسی. بۆتول. خانەی وەرگێڕان. سلێمانی ٢٠٠٥ (ئەم کتێبە هەر لە هەمان ساڵدا بە ناوی "دامەزرێنەران و سەرهەڵدانی کۆمەڵناسی"ەوە لە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمیشدا چاپ کراوە)

٦. فێمینیزم. جیەن فریدمەن. خانەی وەرگێڕان . سلێمانی ٢٠٠٥

٧. فەرهەنگی زاراوەکانی فەلسەفە و زانستە کۆمەڵایەتییەکان. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم . سلێمانی ٢٠٠٧

٨. ئێمە و مۆدێرنیتە. داریوش ئاشووری. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. سلێمانی ٢٠٠٩

٩. ئایینی زەردەشت (سێ هەزار ساڵ باوەڕ و دەسەڵاتی نەمر). مێری بۆیس. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. سلێمانی ٢٠١٠

١٠. چیرۆکە نەمرەکانی فەلسەفە. هێنری تۆماس – دانالی تۆماس. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. سلێمانی ٢٠١١
١١. ژیانی منداڵیم. نووسینی چارلی چاپلین. دەزگای موکریانی. هەولێر ٢٠١١
١٢. مێژووی ئەندێشە و قوتابخانە سیاسییەکان. گایتانۆ مۆسکا. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. سلێمانی ٢٠١٢
١٣. تارماییِ بۆگەنیِ (کۆمەڵە چیرۆک) سنە. ٢٠١٢
١٤. داستانەو دەسکێشێوە. لیلیان برۆگر.(چیرۆک بۆ منداڵان) سنە. ٢٠١٢
١٥. داگیرکردنی بەختەوەری. بێرتراند ڕاسڵ. دەزگای موکریانی. هەولێر ٢٠١٣
١٦. ئەقڵ دژی ئەقڵ. کۆمەڵێک وتاری وەرگێڕدراوی فکری، فەلەسەفی و ئەدەبی. دەزگای موکریانی. هەولێر ٢٠١٣
١٧. ڕاڤەی نویَ لەسەر فەیلەسووفانی سیاسی مۆدێرن. دەزگای سەردەم. سلێمانی ٢٠١٣
١٨. هەناسێوە تا یاوای. کورتە ڕۆمان. سنە. ٢٠١٣
١٩. داستانەی ناتەمامە. کورتە ڕۆمان. سنە. ٢٠١٣
٢٠. بەردەکانی ڕۆح (مێژووی چەمکە فەلسەفییەکان لە کەوناراوە تا ئەمڕۆ). دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. سلێمانی ٢٠١٤
٢١. بیرەوەری گاندی. ویلیام شایرێر. خانەی موکریانی. هەولێر ٢٠١٤
٢٢. ماهاتما گاندی. نووسینی ڕۆمەن رۆلان. خانەی موکریانی. هەولێر ٢٠١٤
٢٣. کوندەپەپووی کوێر. سادق هیدایەت. ناوەندی غەزەلنووس. سلێمانی ٢٠١٥
٢٤. مێژووی فێمینیزم لە ڕۆژئاوادا. مارلین لیَ گەیت. دەزگای سەردەم. سلێمانی ٢٠١٥

٢٥. ژیان و بەرهەمەکانی سادق هیدایەت. حەسەن قائمیان. ناوەندی ئەندێشە. سلێمانی ٢٠١٦

٢٦. مەرگ نا ڕاوە و، ژیوایچ فرەش مەنەن... (کورتەڕۆمان). تاران ٢٠١٦

٢٧. ئەندێشەی سیاسی لە ئەفلاتوونەوە تا ناتۆ. برایان ڕێدهێد. دەزگای سەردەم. سلێمانی ٢٠١٦

٢٨. ناملکەی لێبوردەیی. جۆن لۆک. ناوەندی ئایدیا. سلێمانی ٢٠١٦

٢٩. ئەو ڕۆژەی کە خۆی، فرمێسکەکانم دەسڕێتەوە. کینزا بۆرۆئۆ. ناوەندی غەزەلنووس ٢٠١٦

**بەرهەمەکانی ئامادەی چاپ:**

٣٠. چەمەکێش. بۆزۆرگ عەلەوی (ڕۆمان).

٣١. ڕێگەی خۆشەویستی... ژیان و ئەندێشەکانی ماهاتما گاندی. ئێکنات ئیسواران.

٣٢. چاخی سەهۆڵبەندان. کۆمەڵێک وتار و وەرگێڕانی ئەدەبی.

٣٣. وەرگێڕان (تیۆرەکانی وەرگێڕان). میشل ئۆستینۆف.

٣٤. حاجی ئاغا. سادق هیدایەت.

٣٥. هەڵسەنگاندنی بەرهەم و ئەندێشەکانی سادق هیدایەت. مریەم دانایی برومەند.

www.emrro.com/lapereyfershid
baran1356@gmail.com

## زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ٢٠١٧

| | ناوی کتێب | نووسین | وەرگێڕان |
|---|---|---|---|
| ٨١٢ | سلێمانییەکان (کۆمەڵەچیرۆک) | فاروق هۆمەر | |
| ٨١٣ | شوناسی عێراق ململانێی نەتەوەیی و مەزهەبییەکان | شێرکۆ کرمانج | |
| ٨١٤ | کوردەکان و وڵاتی کوردەواری | مێجەر شێخ عەبدولواحید | ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی |
| ٨١٥ | گفتوگۆ لەگەڵ کافکا | گوستاف یانۆخ | کەریم پەرەنگ |
| ٨١٦ | فەلسەفەی هونەر | د. محەمەد کەمال | |
| ٨١٧ | دیکتاتۆر و دیکتاتۆرییەت | ناتاشا ئێزرۆ ، ئێریکا فرانتز | د. بایەزید حەسەن عەبدوڵڵا |
| ٨١٨ | دۆستۆیڤسکی | هێنری ترۆیا | حەمەکەریم عارف |
| ٧١٩ | یادەوەرییەکانی ژێرزەوی | فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی | ڕەئووف بێگەرد |
| ٧٢٠ | کەران لەنێوان واقیع و خەیاڵدا | عەتا قەرەداغی | |
| ٧٢١ | وێرانەپیاو | عەبدولعەزیز پەرەکە ساکێ | سەباح ئیسماعیل |
| | | | |